# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٢٧ ▮ سێسەممە ، ٣١ی خەرمانانی ١٤٠٥ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




**حیزبی دێموکرات ئاساییە** توانای لە شەڕی مووشەکیدا نەبێت، بەڵام ئەوەی هەیە توانا و بەرهەڵستکاریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە پشتیوانیی حیزبدا، گۆڕان بەسەر هاوکێشەکاندا دەهێنێت. دوای پەیامی کاک خالیدی عەزیزی کە ڕایگەیاند ئێمە لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات وەڵامی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، مانگرتنێکی سەرتاسەری لە شارەکاندا بەڕێوە چوو کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تووشی شۆک کرد؛ ئەوان پێیان وابوو بەو زەبرە خەڵک دەتاسێنن، بەڵام پێچەوانەکەیان دیت.

لاپەڕە ٦




**دوکتور قاسملووی نەمر وەها** سیستمی حیزبی دێموکراتی دارشتەوە کە چیدی خەباتی کورد گرێدراوی تاکێک نەبێت؛ سیستمێک کە بە شێوەی خۆبەخۆ لە دۆخە دژوارەکاندا ڕێبەرییەکەی نوێ بکاتەوە و نە چەقبەستوو بێت و نە بە نەمانی کەسێک یان گرووپێک لە ڕێبەریدا، خەباتی نەتەوەیی تووشی نسکۆ بێت. لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە دوای تێرۆری ڤییەن و پاشان کارەساتی میکۆنۆس، ڕێبەریی حیزب توانی لەو کارەساتانە دەرباز بێت و خۆی ساز و ساخ بکاتەوە.

لاپەڕە ٩

## لە ٣٤ەمین ساڵڕۆژی تێرۆری میکۆنۆسدا

# حیزبی دێموکرات بە فەرهەنگی ڕێبەریی بەکۆمەڵ، پیلانی دوژمنانی بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد پووچەڵ کردەوە




## ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٣٤ەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٤٠٥)ی هەتاوی ٣٤ ساڵ بە سەر تێرۆری ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ زایینی (٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی)دا تێدەپەڕێت. ڕۆژێک کە دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی، کاک فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دێهکوردی کەسایەتیی دیار و چالاکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن لە شاری بێرلینی ئاڵمان لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی وەک زامێکی گەورە لەسەر جەستەی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتە سەر برینی ساڕێژنەبووەی سەرچاوەگرتوو لە تێرۆری دوکتور قاسملوو. بۆیە بە لەدەستدانی دوکتور شەرەفکەندی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد جارێکی دیکە تووشی خەسارێکی زۆر گەورە بوون.

دوکتور سادق شەرەفکەندی کەسایەتییەکی ڕووناکبیر، فەرهەنگی و سیاسی بوو، کە لە دانشسەرای عالیی تاران دەرسی خوێندبوو و دوای چەند ساڵ دەرسگوتنەوە لە دواناوەندییەکانی شاری مەهاباد و ورمێ بە هۆی لێهاتووییەوە بۆرسی خوێندن لە دەرەوەی وڵاتی پێ درا و لە وڵاتی فەڕانسە دوکتورای شیمیی وەرگرت. هەر لە فەڕانسە لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بوو و بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات پیشەی مامۆستایەتیی لە دانشسەرای عالی درێژە دا و لە هەمان کاتدا چالاکیی سیاسیی خۆی لە زانکۆکان و لە ژینگەیەکی ئەکادمیکدا بەنهێنی دەست پێکرد. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درێژەی بە تێکۆشانی ئاشکرا دا و پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی کە ئەوکات جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بوو، بە تێکڕای دەنگی کۆمیتەی ناوەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا.

دوکتور شەرەفکەندی لە ماوەی بەرپرسایەتیی بەرزی حیزبیدا نیشانی دا یارێکی بەوەفای دوکتور قاسملوویە و ڕێگە نادا ئاواتی دوژمنان بۆ لاوازکردنی حیزبی دێموکرات بێتە دی. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بەرنامەی بۆ تێرۆری دارشت و لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا و دوای بەشداری لە کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە شاری بێرلینی ئاڵمان لەگەڵ هاوڕێیانی تێرۆر کران.

(هەموو ئەو ڕاگەیندراوە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەوە)

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان



کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک، پیرۆزبایی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانی لە حکوومەتی هەرێم، لایەنەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستان کرد.

**دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:**

دوای ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی، لە ڕێورەسمێکدا بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، جێگری سەرۆکی حکوومەت، وەزیری پێشمەرگە و ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای سیاسی و نیزامی، یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بە فەرمی ڕاگەیەندرا.

هەواڵێک کە لەمێژ بوو ئێمە و هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان چاوەڕێمان دەکرد.

بەم بۆنەیەوە، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرجەم لایەنەکان و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین.

هیوادارم ئەم هەنگاوە بەنرخە، دەستپێکی هەنگاوی گەورەتر بێت بۆ لەیەک نزیکبوونەوە و یەکڕیزیی لایەنەکان، لەپێناو بەرەوپێشبردنی دێموکراسی، ئاشتی و بەگشتی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستاندا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**سکرتێری گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٣٠ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی**
**٢١ی سێپتامبری ٢٠٢٦ی زایینی**


**کورتە وڵامێک بۆ ڕاگەیەندراوی بەناو «لاوان و سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ»**
◆ مستەفا مەولوودی (٣)

**پێشمەرگە؛ چەمکێکی گرێدراوی بزووتنەوەی مەدەنی–سیاسیی کورد**
◆ د. ئازاد محەممەدیانی (٤)

**دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن لە سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا**
◆ ناسر ساڵحی ئەسڵ (٧)

**شۆڕشی ژینا لە ڕووی بابەتی و چۆنیەتییەوە هەروا لە لووتکەدایە**
◆ مستەفا مەعرووفی (١١)

# بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ۲۵ی خەرمانان‌دا




**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**
**هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!**

چوار ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژینا – ژن، ژیان، ئازادی» تێدەپەڕێت. شەهیدبوونی ژینا بووە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی، کە تێیدا کاردانەوەی بێوێنە و بوێرانەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران، بناغەکانی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامیی هەژاند و دەنگی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان و هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی بە جیهان گەیاند.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا لە ساڵیادی ئەو سەرهەڵدانە سەرتاسەرییە نزیک دەبینەوە کە دۆخی خەڵک و پرسی ئازادییەکانیان لەوپەڕی خراپیدایە؛ بەتایبەت دوای شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، سەرجەم قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان قووڵ بوونەتەوە. دەسەڵات بۆ شاردنەوەی شکستەکانی لە ئاستی دەرەوە و لاوازییەکانی نێوخۆی، گوشارە ئەمنی و ئابوورییەکانی بۆ سەر خەڵکی وەزاڵەهاتووی کورد و ئێرانی چەند هێندە کردووە، بە جۆرێک کە هەژاری، گرانی، بێکاری و نەبوونی ئازادی و ئاسایش تەنگی بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان هەڵچنیوە.

سەرەڕای پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و زیندوویی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، ڕێژیم بەردەوامە لە سیاسەتی کوشتار و سەرکوتکردن. شەپۆلی دەستبەسەرکردنی خەباتکارانی سیاسی، چالاکانی مەدەنی، داکۆکیکارانی مافی ژنان، چالاکانی کولتووری، ژینگەپارێزان، کرێکاران و مامۆستایان بەردەوامە و لە هەڵکشاندایە. سەپاندنی سزای قورسی بەندکردن و زیادبوونی بێوێنەی سزای سێدارە، لەلایەکەوە نیشانەی ترسی ئەم ڕێژیمەیە لە ئیرادەی خەڵک و لەلایەکی دیکەش ئاماژەیە بە پێداگری لە توندوتیژی کە بنەمای دەسەڵاتەکەیەتی.

گەلی کورد کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە پێشەنگی تێکۆشان بۆ ئازادی بووە، لەم هەلومەرجە هەستیارەشدا ڕۆڵێکی مێژوویی لە ئەستۆیە. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و تێپەڕبوون لەم ڕێژیمە، تەنیا بە یەکگرتوویی و ئیرادەی یەکلاکەرەوەی خەڵک دەکرێت. کاریگەریی هەبوون و بەردەوامیی تێکۆشان لە بوارە جیاوازەکان و دەوری خەباتی مەدەنی و سەرتاسەری لەلایەن کۆمەڵگەوە، بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵات و هەروەها نیشاندانی ئیرادە و یەکگرتوویی سەرجەم چین و توێژەکان بابەتێکی سەلمێندراوە.

بەڕێوەچوونی نارەزایەتیی سیاسی و مەدەنی و بەتایبەت مانگرتنە گشتییەکانی کوردستان هەر لە دەستپێکی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە تا بە ئەمڕۆ، ئەوەی نیشان داوە کە ڕەوتی داواکارییە نەتەوەیی و ئازادیخوازییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هێڵی سیاسی و بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە جیاواز بووە. نەتەوەکەمان لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی و مێژوویی، جگە لە جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی خۆی، دژی توندوتیژی و سەرکوتیش وەستاوە و پەیامی سیاسیبوون و مەدەنییانەی تێکۆشانی خۆی نیشانی جیهانیان داوە.

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، وەک «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵک دەکەین، ڕۆژی ۲۵ی خەرمانان و لە چوارەمین ساڵڕۆژی تاوانی کوشتنی ژینا ئەمینی، مانگرتنێکی سەرتاسەری و گشتی لە بەرامبەر بەردەوامیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە ببەن. ئەم مانگرتنە جگە لە وەبیرهێنانەوەی یادی سەرجەم شەهیدان و نرخەکانی شۆڕشی «ژینا – ژن، ژیان، ئازادی»، تێکۆشانێکی مەدەنی و وەڵامێکی جەماوەرییە دژی قەیرانە ئەمنی و ئابوورییەکان و دەبێتە پەیامی زیندووبوونی خەباتی مەدەنی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان.

داوا لە هەموو خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز دەکەین ڕۆژی چوارشەممە ۲۵ی خەرمانان بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و مانەوە لەماڵەکانیاندا پێوەستی ئەم مانگرتنە گشتییە بن و هەموان پێکەوە بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو دووپاتی بکەینەوە کە گەلەکەمان لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی کەڵک وەردەگرێت و هەرگیز تەسلیمی زوڵم نابێت. ئەم مانگرتنە گشتییە، هەنگاوێکی گرنگ و پەیامێکی ڕوونی بەرەنگاربوونەوە دەبێت بۆ چەسپاندنی ئیرادەی سیاسی و نەتەوەییمان. هەر بۆیە داواش لە سەرجەم لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دەکەین پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی ئەم مانگرتنە گشتییە بکەن، تاوەکوو بە یەکڕیزی و بە هێزی خەباتی مەدەنیی خۆمان نیشانی بدەین کە سیستەمی سەرکوت و سێدارە هەرگیز ناتوانێت پێش بە تێکۆشانە ڕەواکانمان بگرێت.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**۲۲ی خەرمانانی ۲۷۲٦ی کوردی**
**۱۳-۰۹-۲۰۲٦**

# درێژەی ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ۳۴ەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی




حیزبی دێموکرات سەرەڕای شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی بە هۆی جێگیربوونی فەرهەنگی ڕێبەریی بەکۆمەڵ نیشانی دا کە لەگەڵ ئەوەی زامی قورسی شەهیدبوونی ڕێبەرانی هەڵدەگرێ بەڵام ڕێگە نادا دوژمنانی کورد و بزووتنەوەکەی بە ئامانجەکانیان بگەن. بۆیە حیزبی دێموکرات لەسەر ڕێبازی ڕێبەرانی هەر بەهێزەوە لە مەیدانی خەباتی نەتەوەییدا مایەوە.

دوکتور شەرەفکەندی کەسایەتییەکی بەهێزی سیاسی، ڕێبەر و بەڕێوەبەرێکی کارامە، وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و شێلگیر لە خەبات بۆ ڕزگاریی کورد بوو، و هەموو تواناکانی خۆی خستە خزمەت حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەک کە ئاکامی ئەو خۆتەرخانکردنە کاریگەریی قووڵی لە سەر ڕێباز و خەباتی حیزبی دێموکرات دانا.

بە دوای تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵی دا بەر بە پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی ئەو تیرۆرە بگرێ، بەڵام بە هۆی سەربەخۆیی دەزگای دادوەریی ئاڵمان و بوێریی قازییەکان و هەوڵی بەردەوامی پارێزەرەکانی ئەو دۆسیەیە و بوونی ئیرادەی بەئاکامگەیاندنی ئەو پەروەندەیە، سەرئەنجام دادگای بێرلین -کە بە ناوی میکۆنۆس ناوبانگی دەرکردبوو- دوای چەند ساڵ لێکۆڵینەوە لە ۲۱ی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۷٦ی هەتاوی (۱۰ی ئاوریلی ۱۹۹۷ی زایینی) حوکمی کۆتایی خۆی ڕاگەیاند و بەڕاشکاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین ئاستدا بە بەرنامەداڕێژەر و بەڕێوەبەری ئەو کردەوە تێرۆریستییە ناساند و حوکمی زیندانیکردنی بۆ تاوانباران دەرکرد. لەو پێوەندییەدا و بە دوای دەرچوونی حوکمی بە تاوانبار ناساندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وڵاتانی ئورووپایی بە نیشانەی نارەزایەتی لەو کردەوەیەی ڕێژیم باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردەوە؛ بەڵام مەخابن دواتر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان خستە پێش پێشگرتن بە تەڕاتێن و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سەروەریی سیاسیی وڵاتەکانیان.

لەو بارەوە پێویستە وەبیر بێنینەوە هەرچەندە دەزگای دادوەریی ئاڵمان هەموو ئەو بەڵگانەی بۆ دۆسیەی تێرۆری میکۆنۆس پێویست بوون لەبەردەستیدا نەبوو، بەڵام چونکە ئیرادەیان هەبوو، کاری دادگایان بە شێوەی یاسایی بە ئەنجام گەیاند؛ بەپێچەوانەی دەزگای پۆلیس و دادوەریی ئۆتریش کە زۆر بەڵگەی حاشاهەڵنەگری لە تێرۆری دوکتور قاسملوو لەبەردەستدا بوو کەچی بە هۆی سەربەخۆنەبوونی دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتە و دەستێوەردانی بەرژەوەندیخوازانەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش بەر بە ڕەوتی یاسایی دۆسیەی تێرۆری ڤییەن گیرا. بێگومان ئەگەر ئەوکات دەوڵەتی ئۆتریش و دەزگا دادوەرییەکەی بە شێوەی ئاڵمان و دەزگا دادوەرییەکەی ڕەفتاریان کردبا، دەکرا لەجێدا ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی ڕابگیرێ و ئیدی دواتر شاهیدی هەموو ئەو تێرۆرانە نەبووینایە کە لە ئورووپا کران و یەک لەوان تێرۆری میکۆنۆس.

**هاونیشتمانییانی بەڕێز!**

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی و ئامانج و تێکۆشانیان دەکەینەوە و وەفاداریی خۆمان بە ڕێبازیان دووپات دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پەراوێز خراوە. سیاسەتی شەڕەنگێزی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و کێشەخوڵقێنییەکانی بە هۆی گرووپە پرۆکسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆماری ئیسلامی کردووەتە چەقی کێشە و ئاڵۆزینانەوە لە ناوچەکەدا؛ بە شێوەیەک کە ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرەڕۆیی و سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ڕێژیمە سنوور دابنرێ.

کۆماری ئیسلامی دوای تێپەڕاندنی دوو شەڕ لە یەک ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە هەموو کاتێک لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی پڕزەبر و سەرکوتی خۆی کەوتووەتە ژێر گوشاری نێودەوڵەتی. گەمارۆی ئابووری و بە دوای ئەودا داڕووخانی نرخی دراوەکەی گورزێکی کاریگەر بووە لە ئابووریی ئێران بە شێوەیەک کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێرانی خستووەتە دۆخێکی زۆر قورس و نالەبار کە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بۆ خەڵک ئەستەمە؛ واتا قۆناغێک کە مەترسیی برسیبوونی خەڵک بە هۆی گوشارە ئابوورییەکانی هێناوەتە ئاراوە.

لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەو هەمووە ئاڵەنگارییەی بۆ خەڵک دروست بووە، هاوکارینەکردنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بووەتە هۆی ئەوەی کە ئاژانس بە زۆرینەی دەنگ دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بە شوورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێرێ، شووراش ڕۆژی پێنجشەممە، ۱۹ی خەرمانانی ۱٤۰٥ی هەتاوی بڕیاری گەڕاندنەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران دا کە بێگومان لەو سۆنگەیەوە کێشەی ئابووری زیاتر بەرۆکی ئەو ڕێژیمە و دواجار خەڵکی وڵاتیش دەگرێ. دیارە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیک بە پێنج دەیە دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا سەلماندوویەتی کە نەک هەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی بۆ گرنگ نییە، بەڵکوو هەموو سیاسەت و کردەوەیەکی لە چوارچێوەی بەهێزکردنی هێزە نیابەتییەکانی لە ناوچەکە و مانەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی و سەروەت و سامانی وڵات بۆ ئەو ئامانجە بەفیڕۆ دەدا. لە تەنیشت ئەو دۆخە، دەستبەسەرداگرتنی گەرووی بابولمەندەب لە لایەن حوسییەکانی یەمەنەوە بە فەرمانی سوپای پاسداران کێشەیەکی دیکەی خستووەتە سەر کێشەکانی ناوچەکە و جیهان؛ لەبەر ئەوەی ئەمنییەتی یەکێک لە ڕێڕەوە گرنگەکانی بازرگانیی جیهانی کەوتووەتە مەترسییەوە و ئەوەش بە ئەگەری زۆر هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش بە مانای گڕفەی ئاگری شەڕێکە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بۆ هەموو ئەو ناوچەیە پەرەی پێ بدا.

**هاونیشتمانییانی خۆشەویست!**

٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٤٠٥)ی هەتاوی چوار ساڵ بە سەر بزووتنەوەی ژینادا تێدەپەڕێ کە دوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردی تەمەن ٢٢ ساڵان لە تاران بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بووە هۆی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری لە ئێران کە چەخماغەکەی لە کوردستانەوە لێدرابوو؛ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەک کە ئاکامی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بانگەوازی هاوبەشی ئەوان بوو. لەو بارەوە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان پەیامی خۆیان بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دا کە ئەگەر ئێوە یەک بگرن، ئێمە یەکگرتوو و یەکدەنگین. هەروەها پەیامیان بە کۆماری ئیسلامی دا کە پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی خۆیانن و لە خوێنی بەناحەقڕژاوی ڕۆڵەکانی کورد خۆش نابن.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە دوکتور شەرەفکەندی لە کاتێکدا شەهید کرا کە لەگەڵ چەند کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر پرسی هاوکاری و یەکگرتن خەریکی بیروڕا گۆڕینەوە بوون، ئێستا دوای ٣٤ ساڵ بە سەر شەهیدبوونی لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە ئۆپۆزیسیۆن لە ئاستی کوردستان و ئێراندا یەکگرتوو بێ، ئەو پرسەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەر دوو ئاستدا هەوڵی بۆ دەدا بە شێوەیەک کە دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتیی کورد لەو یەکگرتنەدا مسۆگەر بێ و یەکگرتوویی بە باشترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لە کۆماری تێرۆریستی دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایون ئەردەڵان و کاک نووری دێهکوردی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان!

بەردەوام بێ خەباتی حیزبەکەمان لەپێناو دێموکراسی و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی**

# سپاسنامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ۲۵ی خەرمانان

**خەڵکی سەربەرز و خۆڕاگری کوردستان!**

لە چوارەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان و دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی "ژینا – ژن، ژیان، ئازادی"، مانگرتنی گشتیی ۲٥ی خەرمانان وەک وەڵامێکی بڕیاردەرانە و هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

ئەم مانگرتنە گشتییە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو توانایەکی سەربازی و ئەمنیی بۆ میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و دروستکردنی گوشار و هەڕەشەی جۆراوجۆر لەسەر بازاڕییەکان و خەڵک بەکارهێنابوو. بەڵام ئیرادەی بەهێزی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی بەرپرسیارانەی دوکانداران و بازاڕییەکان، دەسەڵاتی تووشی شکست کرد. جێگەی ئاماژەیە، پشتیوانیکردن لەم بانگەوازە لەلایەن دەیان حیزب و لایەنی سیاسی، ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی کوردستان و ئێران و هەروەها پەیوەستبوونی بەشێک لە زیندانیانی سیاسی لە ڕێگەی مانگرتن لە خواردن، دەبێتە نرخێکی گرنگ بۆ کاری هاوبەش و هاوپێوەندی لە تێکۆشانمان دژ بە کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرفەت و شوێنێکدا.

سەرکەوتنی ئەم حەرەکەتە مەدەنییە نیشانەی ئاستی بەرزی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی سیاسی، یەکیەتیی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی سەرکوت، هەڵاواردن و سێدارە لەلایەن خەڵکی کوردستانە. هەروەها سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان بەشێکی لێکدانەبڕاون و ئەم پەیوەندییە قووڵە سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە بۆ بەردەوامیی خەبات و هەنگاوەکانی داهاتوو.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، جگە لە ڕێزگرتن لە خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و سپاسی ئەو هەڵوێست و یەکگرتووییەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی مانگرتنی ۲٥ی خەرمانان، پێزانینی خۆی ئاراستەی تێکڕای ئەو کەسایەتییە سیاسی، ئەکادیمی و بەتایبەت لایەنە سیاسییەکانی بەلووچ، تورک، فارس، تورکمان و عەرەب دەکات کە بە بڵاوکردنەوەی پەیام و ڤیدیۆ پشتیوانی و هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ بانگەوازی مانگرتنەکە دەربڕی. ئەم هاوکاری و پشتیوانییە بەرفراوانە نیشانەی پێگە و پێشەنگایەتیی کوردستانە لە ئاستی سەراسەریی ئێراندا.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان دووپاتی دەکەنەوە کە بەردەوام پابەند دەبن بە نوێنەرایەتیکردن و گەیاندنی دەنگی داواکارییە ڕەوا و مەشروعەکانی کۆمەڵگە و ئەم یەکگرتوویی و هاوبەشییە بە زامنی سەرکەوتنەکانی داهاتوو دەزانن.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**۲٥ی خەرمانانی**

# پەیامی کاک مستەفا هیجری
# لەمەڕ هێرشی ناڕەوا بۆ سەر باوکی شەهید ژینا ئەمینی

کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە هێرشی ناڕەوای تاقمێکی ناسراو بۆ سەر باوکی شەهید ژینا ئەمینی، پەیامێکی بڵاو کردەوە.

**دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:**

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شەپۆلێک هێرشی ناڕەوای تاقمێکی ناسراو بۆ سەر کاک ئەمجەد ئەمینی، باوکی ژینای شەهید و بنەماڵەی بەڕێزیان دەستی پێ کردووە.

بنەماڵەی «ژینا» و باقیی شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ئازادی، مایەی شانازیی نەتەوەکەمانن. پارێزگاری لە بەهاکانی «ژن، ژیان، ئازادی»، خاوەندارێتییە لە بەهاکانی بزووتنەوەی کوردستان. «ژینا»ش کە بووەتە ڕەمزی بزووتنەوەکە، لای کوردستانیان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران خاوەن پێگەیە و پارێزراوە. بۆیە ئەم جۆرە هێرشانە شتێک لە پێگەی ئەوان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو دەبنە هۆی یەکڕێزی و هاوخەباتیی زیاتری نەتەوە ئازادیخوازەکانی ئێران کە بۆ گەیشتن بە ئازادی و حکوومەتێکی گەلی ئامادەی قوربانیدانن.



**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٩ی خەرمانانی ١٤٠٥**

# کورتە وڵامێک بۆ ڕاگەیەندراوی بەناو «لاوان و سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ» لەسەر کوژرانی ئیسلام کاک دەروێشی





**مستەفا مەولوودی**

لەو ماوەیەدا ڕاگەیەندراوێک بە ناوی «لاوان و سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ» بڵاو کراوەتەوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا کە لە کاردانەوە بە کوژرانی چەکدارێکی ڕێژیم بە ناوی «ئیسلام کاک دەروێشی» بڵاو کراوەتەوە، بەبێ ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەک «حیزبی دێموکرات» و «کۆمەڵە» تۆمەتبار بە کوشتنی ناوبراو کراون. دوایەش بۆخۆیان دانیان بەوە داناوە کە لە تۆڵەی کوژرانی ئەو «ئیسلام»ناوە، هێرشیان کردووەتە سەر چەند بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت. هەروەک لە هەواڵەکانیشدا هاتبوو، لە ئاکامی پەلاماری ئەو هێرشکەرانەدا ئەندامانی ئەو بنەماڵانە ئەزیەت و ئازاری زۆر دراون، چەند کەسێکیان بریندار کردوون کە بەهۆی سەختیی برینەکانیان لە نەخۆشخانە کەوتوون و هەروەها کەلوپەلی ئەو ماڵانەیان شکاندووە. دیارە دوای ئەو کارە چەوت و دوژمنکارانەیە ڕقی پنگخواردوو لە دڵی ڕەشیان دانەمرکاوەتەوە؛ بۆیە ئەوجارە بەڕەسمی هەڕەشە لە خەڵک دەکەن کە ئەگەر حاڵەتی لەو چەشنە ڕوو بداتەوە، ئەوان بەبێ دوودڵی ماڵیان وێران دەکەن و داراییەکانیان بەتاڵان دەبەن و خۆیان گوتەنی ماڵ و حاڵ و خانووەکانیان تەختی زەوی دەکەن!

**خەڵکی مەنگوڕ زۆربەیان خۆشناو، پاک و نیشتمانپەروەرن و بە هەراویش لە بزووتنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەشدارییان کردووە؛ تاقمە چەکدارەکانی ڕێژیم بە تۆقاندن و هێرشکردنە سەر خەڵکی زەحمەتکێش، ناتوانن ئیرادەی گەل تێکبشکێنن و باشتر وایە لە جێگەی هەڕەشە، بگەڕێنەوە باوەشی گەل پێش ئەوەی درەنگ بێت.**

**پێوەندیدار بەو باسە ئاماژەکردن بە چەند خاڵ پێویستە:**

یەکەم، ئەوانەی ڕاگەیەندراوەکەیان دەرکردووە، بە هیچ شێوەیەک، زمانحاڵ و نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی نیشتمانپەروەر و مێژووپاکی عەشیرەتی مەنگوڕ «بەم تەعبیرەی ئەوان بەکاریان بردووە» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نین. ئەوانە تاقمێکی بەرژەوەندیخوازن کە بۆ قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان و بنەماڵەکانیان، چەکی خیانەت و نیشتمانفرۆشییان بۆ ڕێژیمی کوردکوژی ئێستای ئێران هەڵگرتووە. خەڵکی مەنگوڕ یان وەک دەڵێن عەشیرەتی مەنگوڕ، زۆربەیان خۆشناو، پاک، ڕەسەن و نیشتمانپەروەرن و بە هەراویش لە بزووتنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەشدارییان کردووە. لەو پێناوەشدا بە سەدان کەسیان شەهید و بریندار بوون و هەر لەسۆنگەی ئەو چەکدارە نیشتمانفرۆشانەوە، زیان و خەساری گیانی و مادییان بەر کەوتووە و زەرەرمەند بوون.

دووەم، ئەوان لەو ڕاگەیەندراوەدا کوژرانی «ئیسلام کاک دەروێشی» دەخەنە پاڵ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، بەڵام هێرش دەکەنە سەر زەحمەتکێشانی کوردستان و ئازاریان دەدەن، کەلوپەلی ماڵیان تێکوپێک دەدەن و بەوەندەش ئۆقرە ناگرن و هەڕەشە لە کۆی خەڵکی ناوچەکە دەکەن کە ئەگەر حاڵەتی لەو چەشنە ڕوو بداتەوە، خوێن و ماڵ و ژیانی خەڵکی حەڵاڵ دەکەن! دیارە ئەو چەکدارانەی لە پشت ئەو ڕاگەیەندراوەدا خۆیان حەشار داوە، باوەڕیان بە قسەی ئەو پاسدارە پلەبەرزەی ڕێژیم هەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا و لە ژوورە داخراوە ئەمنییەتییەکانی خۆیاندا -کە لەسەر هێرشە ئاسمانییەکانی بنکە و بارەگاکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسە و باسیان کردووە- لە نۆرە قسەکەیدا، غیرەت وەبەر خۆی دەنێ و دەڵێ «ئەگەر ئێمە هەموو کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات لەنێو بەرین، دیسان نەمانتوانیوە حیزبی دێموکرات لەبن بێنین؛ لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان هەموو دێموکراتن و دێموکراتبوون بووەتە کولتووریان.» وادیارە ئەو چەکدارانەش هەر وەک کادرە پلەبەرزەکانی ڕێژیم بیر دەکەنەوە و جیاوازی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانانێن!

سێیەم، ئەو چەکدارانە باشتر وایە سەری گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان، بەتایبەتی لە شارەکانی مەهاباد و پیرانشار بدەن و سەیری ئاکامی هەڵسوکەوتی نابەرپرسانەی خۆیان بکەن، هەر لەو کاتەوە کە پشتیان لە خەڵکی کوردستان کردووە. ئەوکات بەباشی بۆیان دەردەکەوێ سەرەڕای ئەو هەموو خراپەکاری، دژایەتی و ئازاردانی خەڵک لە شار، شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان نەیانتوانیوە باوەڕ، ئیرادە و ئازایەتیی خەڵکی کوردستان تێکبشکێنن. ئەگەر بۆ بەخۆداچوونەوەیش هەر تەنیا ئەوە دەرسێکی باش و ڕوون بوایە، نەدەبوو هەڕەشەی وا قێزەونیان لە خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان کردبا!

چوارەم، ئەمن پێم باشە ئەو چەکدارانە لە جێگەی ئەو هەڕەشە بێبنەما و بێجێیانە، گوێیان بۆ پەیامی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرتبا کە لە ٢٦ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤ هەتاویدا ڕایگەیاند. دڵنیام گوێگرتن لەو پەیامە و بەپیلەوەهاتنی زۆرتر قازانجی بۆیان دەبوو. هەر بۆ بیرهێنانەوە لە بەشێک لەو پەیامەدا ئاماژە بە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان کراوە و پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە لەپێناو دەسکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا پێویستە کوردەکان هەوڵی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی خۆیان بدەن. هەروەها گوتراوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەرتەنیا کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی سەرەکیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و داوا کراوە ئەو تاقمە چەکدارانەی لە خزمەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندان، بگەڕێنەوە باوەشی گەلی نیشتمانپەروەر و دڵنیاش بن ئەو هەنگاوە باشەیان پێشوازیی لێ دەکرێ.

بۆیە جارێکی دیکە داوا لەو چەکدارانە دەکەین لە جێگەی ئەو هەڕەشە بێبنەمایانە، بەخۆیاندا بێنە و گوێ لەو پەیامە دڵسۆزانەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بگرن. دڵنیابن خەڵکی کوردستان و هاوزمانەکانتان لێبوردە و دڵاوان. ئێستاش دەرفەت ماوە و هێشتا درەنگ نەبووە.

# ڕوانینمان لە پەراوێزی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی




ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە چوارەمین ساڵڕۆژی کوشتنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیر و بەڵگەمەند، ڕایگەیاندووە لە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی سیستماتیک تاوانی دژەمرۆیی خولقاندووە و لەو پەیوەندییەدا داوای دادئەستێنی و لێکۆڵینەوەی قەزایی لە دەیان بەرپرسی کۆماری ئیسلامی دەکا.

بەپێی نێوەڕۆکی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١، بەڵگەی گرنگ و یەکلاکەرەوە لە بەردەستدان سەبارەت بە قەبارەی ئەو تاوانانەی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی خەڵکی کوردستان، ئەنجامی داوە.

بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە لە کاتێکدایە پێشتر لیژنەی سەربەخۆی نێودەوڵەتیی دەرخەری ڕاستییەکان کە لەلایەن شوورای مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە مەبەستی بەدواداچوونی پێشێلکارییە بەربڵاو و ڕێکخراوەکانی هێزە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا -لە ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٢- پێکهاتبوو، لە ڕاپۆرتی خۆیدا بە ئەنجامێکی هاوشێوە گەیشتبوو. لیژنەکە ڕایگەیاندبوو بەشێک لە پێشێلکارییە گەورەکانی مافی مرۆڤ کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕەوتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە ئەنجام دراون، بە ئاستی تاوانی دژی مرۆیی گەیشتوون. ئەم تاوانانە کوشتن، ئەشکەنجە، دەستبەسەرکردنی خۆسەر، دەستدرێژی و جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی، ونکردنی بەزۆرەملێ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرن کە بە ئامانجی جێبەجێکردنی سیاسەتی حکوومەتی ئەنجام دراون و دەکەونە چوارچێوەی تاوانی دژەمرۆییەوە.

لێبوردنی نێودەوڵەتی لە کۆتاییدا داوا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا بەپەلە میکانیزمێکی دادوەری بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە بە ئامانجی کۆکردنەوەی بەڵگەکان، لێکۆڵینەوە و تەعقیبی بەرپرسانی بەشدار لە تاوانی دژەمرۆیی لە ئێراندا پێک بێنێ و جەختی لەوە کردووەتەوە کە بنبەستی سیاسی لە شوورای ئەمنییەت، بەربڵاویی تاوانەکان و ئەگەری زۆری دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە پێکهێنانی ئەو میکانیزمە پێویستییەکی بەپەلەیە.

بەپێی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی دامەزراوە سەربەخۆ و نێودەوڵەتییەکان، سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا کۆمەڵێک ڕووداوی تاک و پەرشوبڵاو نەبووە، بەڵکوو بەشێک بووە لە هەڵمەتێکی بەرفراوان و سیستماتیک دژی خەڵکی نارازی. ئەوەی گرینگە لەو ڕاپۆرتەدا سەرنجی بدەینێ ئەوەیە بەڕوونی ئاماژە بە قەبارەی سەرکوت و پێشێلکارییەکانی دوو نەتەوەی کورد و بەلووچ کراوە و ئامارەکان دەری دەخەن کە ئاستی سەرکوت لەو دوو هەرێمەدا زۆر گەورەترە لە ناوچەکانی تری ئێران.

بە سەرنجدان بە دەرەنجامەکانی هەردوو ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و لیژنەی دەرخەری ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لەسەر دۆزی کورد لە ئێران و ڕابردووی پڕ لە کارەساتی ئەو نەتەوەیە لە سەردەمی هەردوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا خۆی دەنوێنێ، دۆخێک کە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کوردی بە شێوەی ڕێکخراو و بەربڵاو پێشێل کردووە و تاوانی نێودەوڵەتیی گەورەی لێ کەوتووەتەوە. بەردەوامیی ئەو دۆخە، زەروورەتی بەدواداچوون بۆ ڕیشە پێکهاتەییەکانی پێشێلی مافی مرۆڤ لە کوردستان زیاتر لە هەمیشە دەردەخا؛ کە بریتییە لە وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان وەک پرەنسیپێکی بنەڕەتیی یاسای نێودەوڵەتی و مافێکی بەفەرمی ناسراو لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا. هەر بۆیە چارەسەریی بنەڕەتیی کۆتاییهێنان بە سەرکوتی خەڵک و گەرەنتیی مافەکانی گەلی کورد تەنیا لەو دەریچەیەوە وەدی دێ. ئامارەکانی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە هەڵاواردنی سیستماتیک دژی گەلانی بندەستی ئێران چ پێشێلکارییەکی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤی لێ کەوتووەتەوە.

لە لایەکی ترەوە پرسی بە نێودەوڵەتیکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، وڵاتانی دێموکراتیک و ئەو دەوڵەتانەی کە لە یاساکانی خۆیاندا سەلاحیەتی دادوەریی جیهانیان بەفەرمی ناسیوە ئەرکدار دەکا زەرفیەتە یاسایی و دادوەرییەکانیان بۆ بەدواداچوون و سزادانی بکەران و بڕیاردەرانی ئەو تاوانانە بەکار بێنن و لە وەدیهێنانی دادپەروەری و ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانەدا بەشدار بن. ناکرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە بدا جوگرافیا و سنوورە سیاسییەکان و هەروەها نەبوونی ئیرادەی دادپەروەری لەو وڵاتانەدا کە تاوانی گەورەیان تێدا ئەنجام دەدرێ، ببێتە هۆی پارێزراوی بۆ تاوانباران و وەدینەهاتنی دادپەروەری.

وەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی ئەو تاوانانە، بەفەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد و گەلانی بندەستی ئێران و کۆتاییهێنان بە پارێزراویی قەزایی، سێ هۆکاری سەرەکین بۆ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکان و تەزمینی داهاتوویەک کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ، ئازادی و کەرامەتی ئینسانی پارێزراو بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پێشوازی لەم ڕاپۆرتە و وەبیرهێنانەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دەرخەری ڕاستییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەخت دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نابێ بە تێپەڕبوونی کات، تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەبیر بکا. بەتایبەتی ئەوەی کە هەردوو لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە پشتبەستن بە بەڵگە و شایەتییەکان، تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان بە تاوانی دژی مرۆیی ناساندووە، بەرپرسیارەتیی دەوڵەت و بەرپرسانی سیاسی و ئەمنیی ئەو ڕێژیمە زیاتر لە جاران دەخاتە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕینی بەرپرسان یان خۆشاردنەوە لە پشت پێکهاتە حکوومییەکان، لە بەرپرسیارەتیی ئەو تاوانانە خۆی بدزێتەوە. لەبەر ئەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانە، هەنگاوی بەکردەوە لەپێناو دابینکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان و لێپرسینەوە لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بنێن.

هەروەها لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، بەبێ گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی لە ئێراندا، پێشێلکاریی بەربڵاو و ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ کۆتایی نایە و گێڕانەوەی مافی تاوانلێکراوان و وەدیهاتنی دادپەروەری ڕوو نادا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**٢٧ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی**
**١٨ی سێپتامبری ٢٠٢٦ی زایینی**

## پێشمەرگە؛

# چەمکێکی گرێدراوی بزووتنەوەی مەدەنی-سیاسیی کورد





د. ئازاد محەممەدیانی

هەر کاتێک باس لە کورد و خەباتی دژ بە ستەم و هەڵاواردن دەکرێت، پێش هەموو شتێک ئەوەی دەستبەجێ بە خەیاڵی بەردەنگی نائاشنا بە کوردستاندا دێت، شەڕی چەکداری و چەمکی «پێشمەرگە»یە. ئەم تێڕوانینە بێهۆکار نییە و بە دڵنیاییەوە پاشخانێکی دەروونی و زەینی لە پشتە؛ کە دەکرێت لە دوو گۆشەنیگاوە لەم بابەتە بڕوانرێت: لە لایەکەوە، ئەم پێشداوەرییە لەوانەیە دەرهاویشتەی دەرکەوتنی بەشێک لە شوناسی خەباتی کورد بێت بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی خۆی؛ لە لایەکی دیکەشەوە، نیشاندەری نەبوونی تێگەیشتنێکی دروستە لە ماهییەت و جەوهەری بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی گەلی کورد؛ بزووتنەوەیەک کە لە تەواوی مێژووی هاوچەرخدا، بە پشتبەستن بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و بە ئامادەبوونی مەدەنی و سیاسیی خۆی، بەردەوام بەرەنگاریی دەسەڵاتی ملهوڕ بووەتەوە. ئەم ئامادەبوونە مەدەنییە، جوانترین و بێوێنەترین نموونەکانی بزووتنەوەی مەدەنی و «بەرگریی نەرێنی» لە ئێراندا خستووەتە ڕوو. گەلی کورد هەر کاتێک ناچار بووبێت بۆ بەرگری لە خۆی پەنای بۆ چەک بردووە، هاوکات هەرگیز لە شێوازەکانی دیکەی خەبات غافڵ نەبووە. کەواتە، فەلسەفەی بوونی پێشمەرگە و چەکی دەستی کورد، پێویستی بە تێگەیشتنێکی ورد و گشتگیر لە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی ئەو گەلە هەیە.

لە خوێندنەوەیەکی مێژووییدا بۆ هۆکارەکان و چۆنیەتیی سەرهەڵدانی هێزی پێشمەرگە وەک ڕێکخراوێک یان دامەزراوەیەکی یەکگرتوو و پێکهاتەدار، دەکرێت ئاماژە بە کۆماری کوردستان وەک سەرەتای ئەو ڕەوتە بکەین. کاتێک کۆمار دامەزرا، ئەم حکوومەتە بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و سەروەری و دابینکردنی نەزم و ئاسایش، وەک هەر دەسەڵاتێکی تر پێویستی بە دامەزراندنی هێزێک بوو کە هەم توانای شەڕی هەبێت و هەم لەژێر فەرمانی بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیی کوردستاندا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. بێگومان چەکداربوون، بە هیچ شێوەیەک لە کوردستان و ناوچەکانی تری پەراوێزی ئێراندا دیاردەیەکی نوێ نەبوو؛ لە سەردەمێکی نە زۆر دوور لەو قۆناغە مێژووییەی باس کرا، لە زۆربەی ناوچەکانی ئێراندا چەک هەم لە دەستی خەڵک و هەم لە دەستی هۆز و عەشیرەتە جیاوازەکاندا بوو. لە ڕاستیدا کارێک کە کۆماری کوردستان کردی، ئەوە بوو مەسەلەی چەک و هێزی چەکداری خستە ناو چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی و یەکگرتووییەکی دامەزراوەیی پێ بەخشی؛ هێزێک کە دەبوو لەژێر فەرمانی سەرکردایەتیی سیاسیدا بێت، بۆ سەپاندنی سەروەری و پاراستنی ئەو کیانە نوێیە.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧دا ـ جگە لە قۆناغێکی کورت، کە سەردەمی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ٤٦-٤٧ بوو ـ سەرنجی سەرەکی هەمیشە لەسەر خەباتی مەدەنی و سیاسی بووە؛ هەربۆیە زیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەوی پڕ بوون لە جەماوەرێکی بەرفراوانی چالاکانی سیاسیی کورد. هاوکات لەگەڵ ڕووخانی دیکتاتۆریی پەهلەوی، هێزە سیاسییەکانی کورد وەک هەر هێزێکی بەرپرسیار کە نوێنەرایەتیی داخوازییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلی کوردیان دەکرد، هێزی پێشمەرگەیان بۆ سەقامگیرکردنی نەزم و ئاسایش لەو بۆشاییە سیاسییەی کە هاتبووە ئاراوە بەکار هێنا. ئەم هێزە سەرەڕای نائارامی و ناسەقامگیریی سیاسی لە تاران و ناوەندا، توانی بە شێوازێکی سەرکەوتووانە و کاریگەر، هێمنی و ئاسایش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بپارێزێت. بەڵام بەهۆی کردەوەی تێکدەرانەی هێزەکانی سوپای پاسداران و دواتر دەرکردنی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد، ئەم پێکهاتەیە ناچار بوو وەک هێزێکی شەڕکەر و جەنگاوەرانێکی وەفادار بە ئامانجەکانی نەتەوەکەیان مەیدانداری بکات؛ ئەمەش وەڵامدانەوەیەکی سروشتی و ڕەوا بوو کە هەر نەتەوەیەک لە بەرامبەر دەستدرێژی، جینۆساید و تاواندا نیشانی دەدات.

بەم شێوەیە، ئەم هێزە لە ڕوانگەی گشتیی خەڵکی کوردستاندا وەک پاڵپشتێکی لەخۆبوردوو بەرامبەر بە پەلاماری هێزە دژەمرۆییەکانی دەسەڵاتی ئایینی، و هاوکات وەک پاڵپشتی هەمەلایەنە و مانابەخشی خەباتی مەدەنی، ڕێزی لێ گیراوە و بەرز نرخێندراوە. تەنانەت لەو ساڵانەشدا کە خەباتی چەکداری لە پێشینەی کاردا نەبووە، نموونەی بێشومار هەن کە خەڵک لە مەیدانی خەباتی جەماوەری لەسەر شەقام و لە بەرامبەر توندوتیژیی دەسەڵاتدا، داوای هاوکاری و پشتیوانییان لە پێشمەرگە کردووە؛ بەڵام تێگەیشتنی دروستی مێژوویی و واقیعبینیی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەم قۆناغانەدا، بڕیاری بە بەشداریی چەکداری لە شەقامەکاندا نەداوە و هەمیشە ڕێگەی خەبات و بەرگریی مەدەنیی بە پەسەندتر زانیوە.

کورت و پوخت، پرسی چەک و هێزی پێشمەرگە تەنیا دیاردەیەکی سەربازیی ڕووت نییە، بەڵکوو یەکێکە لە کۆڵەکە پتەوەکانی گوتاری سیاسیی کورد کە بەردەوام هاوشان لەگەڵ چەمکەکانی تری بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیک، لە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چوارچێوەیەکی مانایی دایە کە زۆر لە خەباتی چەکداری بەرفراوانترە. پێشمەرگە ئێستا چەمکێکی ئیلهامبەخش و یەکێک لە پایە پێکهێنەرەکانی ئەو گوتارەیە؛ گوتارێک کە تێیدا ئەم هێزە نەک ئامرازی توندوتیژی و هەڕەشە، بەڵکوو لە لایەکەوە پەیامهێنەری ئازادی و ئاشتییە، و لە لایەکی دیکەشەوە پاڵپشتێکی جێی متمانەی خەباتی مەدەنی-سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە؛ خەباتێک کە هێمن، لەسەرپێ و وشیار بەرەو داهاتووی ڕزگاری هەنگاو دەنێت.

# ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ د. شەرەفکەندی تیرۆر کرد؟





عومەر باڵەکی

٢٦ی خەرمانان، ٣٤ ساڵ لەمەوبەر، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تێرۆرکرانی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تووشی خەسارێکی گەورە و برینێکی قووڵ بوون. هەرچەند شەهیدکردنی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی زیانێکی گەورە بوو لە جەستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و دێموکراسیخوازیدا لە ئێران، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای کردەوە تێرۆریستییەکە بەو جۆرەی داڕێژەرانی کردەوە تێرۆریستییەکە دەیانویست بە قازانجی ڕێژیمی تاران نەشکایەوە، بەڵکوو ڕوخساری دزێوی تێرۆریستپەروەری ئەو حکوومەتە بۆ بیروڕای گشتیی وڵاتان و دەوڵەتان بە ئاشکرا دەرکەوت.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وەک دامەزراوەیەکی دەوڵەتی، پێش بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی تێرۆریستی، حەتمەن ئەوەیان زانیوە کە ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لە خاکی دەوڵەتانی دیکەدا جۆرێک ڕیسکی مەترسیدارە و ئەگەری ئەوە هەیە یەکێک لەو دەوڵەتانە لە بەرامبەر بەزاندن و ژێرپێنانی سەروەریی سیاسی و تێکدانی نەزمی ئەمنییەتیی نێوخۆی ئەو وڵاتەدا، مەترسی بکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکانی و بە توندی لێی وەدەنگ بێت. هەروەکی دیتمان دوای کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستووڕانتی میکۆنۆس، دەوڵەت و گەلی ئاڵمان بە توندی وەدەنگ هاتن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: دەسەڵاتدارانی تاران بە هەستکردن بەو مەترسییە، بۆ ئامادە بوون ئەو ڕیسکە گەورەیە بکەن و پیلان بۆ تێرۆری د. شەرەفکەندی داڕێژن؟

وەڵامی ئەو پرسیارە چەندین هۆکار لەخۆ دەگرێت کە هەرکام لەو هۆکارانە لە خۆیاندا دەرخەری تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن بۆ پرسی کورد، و لە هەمان کاتدا نیشانەی پێگەی بەهێز و بەربڵاوی حیزبی دێموکراتە لە نێو خەڵکی کوردستان و لە کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیدا لە دەرەوەی وڵات.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆیان بە فەتوای جیهادی خومەینی شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاندبوو، بەڵام هەتا کاتی تێرۆرکردنی د. سادق شەرەفکەندی لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١دا، ماوەی ١٣ ساڵ بوو بە هۆی بەرگریی ئازایانەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و پشتیوانیی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان، لەو شەڕە داسەپاوەدا نەیانتوانیبوو بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا زاڵ بن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

> **بەڕێوەبەریی لێهاتووانەی د. شەرەفکەندی لە ئیدارەدانی حیزب لە دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک و، هەوڵدان بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد، ئەو ترسەی لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندبوو کە د. سادق شەرەفکەندی بە خێرایی جێگەی د. قاسملوو پڕ دەکاتەوە؛ بۆیە کەوتنە داڕشتنی پلانی تێرۆرەکەی.**

هەرچەند لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا دەسەڵاتدارانی تاران بە تێرۆری د. قاسملوو لەسەر مێزی بەناو دانوستان ئەو ڕێگایەیان تاقی کردبووەوە، بەڵام ئەزموونیان لێ وەرنەگرتبوو؛ چونکە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو خوێندنەوەیەی لە مێژووی جووڵانەوەکانی کورد هەیانبوو، لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەگەر بتوانن ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەر شێوەیەکی مومکین لەسەر ڕێگا لابدەن، ئەو جووڵانەوە نەتەوەیی-دێموکراتیکەی کە حیزبی دێموکرات ڕێبەریی دەکات بە تەواوی لاواز دەبێت و ئیدی حیزبی دێموکرات ناتوانێت ببێتە کۆسپی سەر ڕێگەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم لە کوردستان. بۆیە دوای تێرۆری د. قاسملوو، بەدوای ئاسەواری لاوازبوونی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون.

بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت بە هەڵەدا چوون؛ چونکە لە دوای شەهیدبوونی د. قاسملووی ڕێبەر و کاریزما، لەگەڵ گەورەبوونی برینەکە، بە هیمەت و ئیرادەی د. شەرەفکەندی و ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات هەروا بە توانا و ئیرادەی بەهێزەوە لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانی خەڵکی کوردستان مایەوە. ئەمەش بۆ دەسەڵاتدارانی تاران کە لەدایکبووی مەرگ و نەمانن قابیلی تەحەممول نەبوو؛ بۆیە کەوتنە داڕشتنی پلانی تێرۆری د. شەرەفکەندی، کە بەڵکوو بە نەمانی د. شەرەفکەندی، حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێ بکەوێت.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان بۆ تێرۆری د. شەرەفکەندی ئەوە بوو کە ناوبراو هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بێ یەکگرتنی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران کە باوەڕیان بە دێموکراسیی ڕاستەقینە و مافی گەلانی ئێران هەیە، کۆماری ئیسلامی ئەگەر لاوازیش بێت ناڕووخێت. بۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخواز یەک بگرێت و ئەو یەکگرتنە لە هاوپەیمانییەکدا ڕەنگ بداتەوە.

سەبارەت بەو بابەتە، لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمدا کە بە دەستی د. شەرەفکەندی نووسراوە، ئاوا باسی زەروورەتی پێکهێنانی بەرەیەک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران دەکات:

«پێکهاتنی بەرە بە مانای وەسەریەککەوتنی ئیمکاناتی جۆراوجۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێکەوەگرێدانی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، ئەرکێکی ئەساسییە کە بەداخەوە تا ئێستا بە ئەنجام نەگەیشتووە؛ هەرچەند قسەی زۆری لەسەر کراوە و هەوڵی زۆری لە زۆر لاوە — یەک لەوان ئێمە — بۆ دراوە... یەکێک لە پێویستییەکانی پێکهێنانی بەرە بریتییە لە پێکەوەدانیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان هێزە سیاسییەکان و گرتنی هەڵوێستی هاوبەش سەبارەت بە هێندێک مەسەلەی سیاسی. لەو مەیدانەشدا دەتوانین بڵێین کە حیزبی ئێمە بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دواییدا چالاکییەکی باشی هەبووە و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ئەم ڕێوشوێنە نەک هەر درێژە پێ بدەین، بەڵکوو تا ئەو جێگایەی دەکرێت پەرەی پێ بدەین.»

هەروەکی باس کرا د. شەرەفکەندی باوەڕی بە یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخوازی سەرتاسەریی ئێران هەبوو و زۆری پێوە ماندوو بوو؛ بەداخەوە دەبینین ئەو شەوەی کە کارەساتی میکۆنۆس ڕووی دا، د. شەرەفکەندی لە حاڵی وتووێژدا بوو لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەستەی جۆراوجۆر. دەسەڵاتدارانی تاران لەو هەوڵ و کۆششانەی د. سادق شەرەفکەندی بۆ یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخواز ترسیان لێ نیشتبوو و دەبووایە بەربەستی بۆ دروست بکەن.

د. شەرەفکەندی وەک د. قاسملوو لەسەر ئەو ڕێبازە سوور بوو کە پێویستە پرسی کورد بەنێونەتەوەیی بکرێت؛ بۆیە هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە کەشوهەوای دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو گەلانی ئەو یەکێتییەدا، پرسی کوردیش ببێتە پرسێکی نێونەتەوەیی و بچێتە سەر مێزی دەستووری کاری دەوڵەتان. لەو ڕێگایەدا و لەو ماوە کورتەدا کە سکرتێری گشتیی حیزب بوو، هەوڵێکی زۆری دا کە بتوانێت ڕێچکەی د. قاسملوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕەچاو بکات. دەسەڵاتدارانی تاران لەو هەوڵ و چالاکییانە هەراسان ببوون و نەیاندەویست لە بارودۆخی ئەو کاتدا کە هێشتا هێزی پێشمەرگە پێی لە خاکی کوردستان بە تەواوی نەبڕابوو، د. شەرەفکەندی وەک ڕێبەر و کاریزمایەک لە دنیای سیاسەتی دەرەوەدا، دوای د. قاسملوو وەک دژبەری سەرەکیی کۆماری ئیسلامی دەربکەوێت.

دەبینین بەڕێوەبەریی لێهاتووانەی د. شەرەفکەندی لە ئیدارەدانی حیزب لە دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک، و هەوڵدان بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد، ئەو هەستەی لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا بەهێز کردبوو کە بێقاسملوویی پێوە دیار نەبێت؛ لە هەمان کاتیشدا ئەو ترسەی لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندبوو کە د. سادق شەرەفکەندی بە خێرایی جێگەی د. قاسملوو پڕ دەکاتەوە.

هەموو ئەو هۆکارانە و دەیان هۆکاری دیکە هەبوون و هەن بۆ دوژمنایەتیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ بۆیە دووبارە هەڵەی تێرۆری د. قاسملوویان ئەمجارە بە شێوەیەکی تر و لە شوێنێکی تر دووپات کردەوە، بەڵام ئەمجارە ئیتر بە تەواوی لە دوو بواردا بە هەڵەدا چووبوون:

یەکەم: ئەو وڵات و ئەو شوێنەی بۆ ئەنجامدانی تێرۆرەکە هەڵیانبژاردبوو.

دووەم: تاقیکردنەوەی دووبارەی کردەوەی قێزەوەنی تێرۆر لەسەر ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

وڵاتی ئاڵمان، ئەو شوێنەی تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لێ ئەنجام درا، نەیتوانی لەبەر بیروڕای گشتیی خۆی و سەربەخۆبوونی دەزگای دادوەری، وەک وڵاتی ئوتریش بێدەنگی لە تاوانەکە بکات؛ بۆیە لەسەر ئەو تاوانە دادگایەک پێکهات کە بە دادگای میکۆنۆس (واتە ئەو ڕێستووڕانەی کارەساتەکەی لێ ڕوودابوو) ناوی دەرکرد و دوای سێ ساڵ و نیو دادگا بڕیاری مەحکوومکردنی دەسەڵاتدارانی باڵای تارانی دا. بڕیاری دادگای میکۆنۆس بوو بە هۆکاری (هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت) تەریککەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە ئورووپا، و ئەوە زەبرێکی قورس بوو بۆ سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە، هەرچەند تێرۆرکردنی د. شەرەفکەندی لە کاتێکدا بوو کە هێشتا ژانی برینی شەهیدبوونی د. قاسملوو بە جەستەی حیزبی دێموکراتەوە هەست پێ دەکرا، بەڵام بە هەوڵ و ئیرادەی خەباتکارانی حیزبی دێموکرات، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەگەیشتن بەو ئامانجەی بەدوایەوە بوون، کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بێت و حیزبی دێموکراتی کوردستان پەرتەوازە ببێت.

د. قاسملوو لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨دا، واتە سێ مانگ پێش شەهیدبوونی، لە باسێکدا لەسەر مێژووی ڕێبەرایەتیی حیزب بەم جۆرە باس لە زیندووبوونی حیزب دەکات:

«ئێستا دەتوانین ئومێدەوار بین ئەگەر بەشێکی زۆری ئەم ڕێبەرایەتییەش نەمێنێت — کە ئەوە شتێکی سروشتییە، یا شەهید بێت، یا تەمەنی وای لێ بێت نەتوانێت کار بکات — پێم وایە لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا ئیدامەکاری هەر بەردەوام دەبێ... ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی حیزبەکەمانە کە وەزعێکی ئاوای پێکهێناوە ئەگەر نەک دوو، بەڵکوو چەند کەس لەو ڕێبەرایەتییەدا نەمێنن، دیسان ئەو ڕێبەرایەتییە بە ڕێبازی خۆی درێژە دەدات...»

ئەو وتانەی ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو، هەڵقوڵاوی دەروونی تاک بە تاکی ئەندامانی حیزبە؛ و دەبینین دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و سەدان شەهیدی دیکەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو گەردەلوولی ڕووداو و کارەساتەکانی ناوچەکەدا، هەروا قورس و قایم بەپێوە لە مەیدانی خەباتدا بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد ڕاوەستاوە و بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو دەنێت.

# میکۆنۆس؛ جینایەتێکی لەبیرنەکراو و زامێکی ساڕێژنەبوو!





هەیاس کاردۆ

**سەرەتا:** مێژوو تەنیا تۆمارکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو تۆمارکردنی ئەو چرکەساتانەیە کە ئاراستەی ژیان و خەبات دەگۆڕن. هەر ڕووداوێک مێژوو دروست ناکا؛ بەڵکوو ئەو وەرچەرخانانە مێژوو دەخولقێنن کە کاریگەری لەسەر چارەنووسی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک یان بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە دادەنێن.

شەوی ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ی زایینی، لە ڕێستورانی «میکۆنۆس»ی شاری بێرلینی وڵاتی ئاڵمان، شەوێکی ئاسایی نەبوو؛ بەڵکوو ساتەوەختێکی مێژوویی و چارەنووسساز بوو. لەو شەوەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لووتکەی بێباکیدا، «تێرۆری دەوڵەتی» وەک ئامرازێکی سیاسی بەکار هێنا تا لەو ڕێگەیەوە دەنگی ئازادیخوازیی گەلێکی ڕاپەڕیو کپ بکات. لەو شەوە شوومەدا، دوکتور سادقی شەرەفکەندی، جێنشینی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر و سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لەگەڵ فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە ئورووپا، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان، و نووری دێهکوردی دۆستی نزیکی حیزب، لە کاتێکدا لەگەڵ ژمارەیەک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی خەریکی بیروڕاگۆڕینەوە بوون، کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی تێرۆریستانی نێردراوی ڕێژیم و شەهید کران.

ئەم جینایەتە، تەنیا تێرۆرکردنی چوار تێکۆشەر نەبوو، بەڵکوو پەلامارێکی ئاشکرا بوو بۆ سەر ئیرادەی سیاسی، ئازادیی بیروڕا و ئەو بەها دێموکراتیکانەی کە شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تەمەنیان لە پێناودا بەخت کرد.

### میکۆنۆس؛ دڕاندنی پەردەی بێدەنگی و ڕووتکردنەوەی جینایەت!

دەرەنجامی دادگای «میکۆنۆس» لە بێرلین، یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە سیاسی و یاساییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە. ئەو دادگایە بە ڕوونی و ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە بڕیاری ئەو تێرۆرە لە «کۆمیتەی کاروباری تایبەت» لە تاران دەرچووە، کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنیی ئێران پێک دەهێنێت. ئەو بڕیارە ئازایانەیەی دەزگای دادوەریی ئاڵمان، ماسکی دووڕوویی لە ڕوخساری کۆماری ئیسلامی داماڵی و سەلماندی کە تێرۆر تەنیا کاری چەند کەسێکی سەرکێش نەبووە، بەڵکوو سیاسەتێکی ستراتیژی و بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەوڵەت بووە کە لەلایەن باڵاترین بەرپرسانی ڕێژیمەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

**تێرۆری ڕێبەرانی سیاسیی ڕێبازێکی دادپەروەرانە، نەک ئیدە و ڕێبازیان نافەوتێنێ، بگرە دەیانکاتە سیمبولی بەرخۆدان و لەنێو زەینی خەڵکدا زیندوویان ڕادەگرێ. ئەگەر سەیری مێژووی چەند دەیەی ڕابردوو بکەین، تێرۆر و کوشتار نەک هەر پاشەکشەی بە بزووتنەوەی مافویستانەی کورد نەکردووە، بگرە چالاکتر و پوختەتریشی کردووە؛ ئەوە ڕێڕەوانی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندین لە مەیداندا ماون و ئەوە کۆماری پەت و سێدارەیە کە خەریکە دوا هەناسەکانی هەڵدەکێشێ.**

تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی، یەکەم هەڵمەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژ بە ئازادیخوازانی ئێران و بەتایبەت بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد نەبوو. لەو نێوەندەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک شێلگیرترین و بەهێزترین هێزی سیاسیی نەیاری ڕێژیم، کەوتبووە بەر زۆرترین شاڵاوی تێرۆر. تەنیا سێ ساڵ پێشتر بوو کە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا (١٣ی ژووییەی ١٩٨٩)، ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئۆتریش و ڕێک لەسەر مێزی وتووێژ تێرۆر کران. بوونی دوکتور شەرەفکەندی وەک جێنشینی شایستەی دوکتور قاسملوو، بۆشایی نەمانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی پڕ کردبووەوە؛ چونکە ناوبراو چ لە ڕووی پێگەیشتوویی سیاسی و شارەزایی دیپلۆماسی و چ وەک سەرکردەیەکی مەیدانی، بە تەواوی جێی متمانەی هەمووان بوو. بەداخەوە، دەزگای تێرۆری ڕێژیم مەودای نەدا زیاتر بمێنێتەوە تا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە تواناکانی زیاتر بەهرەمەند بێت.

کاردانەوەی کارەساتی تێرۆری میکۆنۆس، چ لە ڕووی مرۆیی و چ لە ئاستی سیاسی و یاساییدا، دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە. بڵاوبوونەوەی وێنەی نێو خوێنی ئەو شەهیدانە، شەپۆلێکی گەورەی هاوسۆزیی خولقاند کە تا ئەو کاتە نە حیزبی دێموکرات و نە بزووتنەوەی کورد لە ئێران وێنەی نەدیبوو. هەرکەس چاوی بە دیمەنەکان دەکەوت، دەیهێنایە پێش چاوی خۆی کە چۆن سەرکردەیەکی خاوەن قەڵەم، دیپلۆمات و خاوەن ڕوانگەی بەرزی سیاسی، بووەتە قوربانیی ڕقی کوێرانەی ڕێژیمێکی خوێنڕێژ و بێبەزەیی؛ ڕێژیمێک کە توانای بیستنی بچووکترین دەنگی جیاوازی نییە و تەنیا زمانی فیشەک و پەتی سێدارە دەزانێت. ئەوەی لە بێرلین ڕووی دا، دەرخەری ترسی قووڵی دەسەڵات بوو لە بیروباوەڕەکانی شەرەفکەندی. شەرەفکەندی دەیزانی کە بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا، بەبێ دێموکراسی و چارەسەری پرسی نەتەوەکان و لەسەرووی هەموویانەوە کورد، هەنگاوێک بەرەو پێش ناچێت. بێگومان بەرجەستەکردنی دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکان، گەورەترین هەڕەشە بوو بۆ سەر بیرکردنەوەی ژەنگهەڵاتووی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

### بەردەوامیی جینایەت لە میکۆنۆسەوە تا ئەمڕۆ!

ئەگەر سەیری ڕەوتی ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردووی دوای تێرۆری میکۆنۆس بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە هیچ گۆڕانێکی بە باری ڕیفۆرم و چاکسازیدا تێدا پێک نەهاتووە. ئەوەی گۆڕاوە تەنیا شێوازەکانی سەرکوت و جینایەتە. تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی بەشێک بوو لە «پلانی تێرۆری دەرەکی» کە دوای ئاشکرابوون و لە قاودرانی، ئیتر ڕێژیم نەیتوانی وەک پێشوو لە وڵاتانی دیکە درێژەی پێ بدات. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین مەحکوومبوونی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دادگای بێرلینەوە و بڕینەوەی حوکمی زیندان بۆ تێرۆریستەکان، دوا ئاڵقەی زنجیرە تێرۆرەکانی ئەو ڕێژیمەی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا پساند.

بەڵام لە بەرامبەردا، دەسەڵاتدارانی ئێران ئەوجار بەربوونە کوشتاری ئازادیخوازانی نێوخۆ و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان لوا دەستیان نەپاراست. سەرکوتی بەربڵاوی نارازییانی وەزعی مەعیشەتی لە ساڵەکانی ١٣٩٦، ١٣٩٨ و بەتایبەت بزووتنەوەی بەربڵاوی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١دا، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ماشێنی کوشتاری ڕێژیم هەروا دەگەڕ دایە. بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە بە کوشتنی کچە کوردی سەقزی سەرەتا لە کوردستان دەستی پێ کرد و دوایە هەموو ئێرانی گرتەوە و تەنانەت بوو بە جیهانییش، ڕووی کۆنەپەرستانە و ماهییەتی دژی گەلیی ئەو ڕێژیمەی زیاتر دەرخست. دیسان ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤دا کوشتاری دەیان هەزار کەسیی لێ کەوتەوە کە ئیتر ئەمجارەیان تەنانەت خودی ڕێژیمیش نەیتوانی بیشارێتەوە.

قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە حاڵی حازردا گەیشتوونەتە ئەوپەڕی خۆیان. ئەگەر لە کاتی تێرۆری میکۆنۆسدا، کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی ڕەفسەنجانیدا بە قەول خەریکی «پەرەپێدانی وەزعی ئابووری»ی دوای شەڕی ئێران-عێراق بوو، ئەمڕۆ ڕەوتی ئابووریی ئێران ڕوو بە داڕمانی تەواوە. نەک هەر ئەوە، ئەو زەبرە قورسە نیزامییانەی لە لایەن سوپای ئەمریکا و ئیسرائیلەوە پێی کەوتوون و ئەو ژمارە زۆرەی لە دەسەڵاتداران لێی کوژراوە، قەرەبووکردنەوەیان لە توانا بەدەرە. بەو حاڵەش ڕێژیم هێشتا لە پەلوپۆ نەکەوتووە و هەروا خەریکی قەتڵوبڕی خەڵکی ئاسایی و بێدیفاعی ئێران و کوردستانە.

جیاوازیی گەورە لەنێوان ئەمڕۆ و کاتی تێرۆری میکۆنۆسدا ئەوەیە: ئەمڕۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەت نەوەی نوێ بە باشی لەوە گەیشتوون کە ئەم ڕێژیمە چاکسازیی هەڵنەگرە. ئێستا ئیتر کەس باسی ڕیفۆرم و ئیسلاحات ناکا و مەقوولەیەک بە ناوی ڕیفۆرمخواز و کۆنەپارێز باوی نەماوە. تێرۆری میکۆنۆس وانەیەک بوو کە نیشانی داین، ڕێژیمێک کە بە تێرۆر بژی، ناتوانێ دەگەڵ ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری هەڵبکا.

لۆژیکی مێژوویی؛ بۆچی تێرۆر شکست دێنێ؟

لە ڕووی لۆژیکەوە، تێرۆر تەنیا کات بۆ دەسەڵات دەکڕێ کە بتوانێ تەمەنی خۆی کەمێک درێژتر بکاتەوە. لە غەیری ئەوەدا، هیچ یارمەتییەکی درێژخایەن بە سەقامگیریی سیستەمی دەسەڵاتدار ناکا. تێرۆری ڕێبەرانی سیاسیی ڕێبازێکی دادپەروەرانە، نەک ئیدە و ڕێبازیان نافەوتێنێ، بگرە دەیانکاتە سیمبولی بەرخۆدان و لەنێو زەینی خەڵکدا زیندوویان ڕادەگرێ. ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیبای بە تێرۆر و کوشتار پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی قایم بکا، دەبوو ئێستا سەری لە عەرشی فەلەک دابا. مێژوو پێمان دەڵێ ڕێبەرانی ڕێبازێکی مافویستانە چ لە سێدارە بدرێن، وەک پێشەوا قازی محەممەد و چ تێرۆر بکرێن، وەک شەهیدان قاسملوو و شەرەفکەندی، دەبنە سیمبولی خەبات و هەزاران کەس ڕێبازیان درێژە دەدەن.

کۆماری ئیسلامی بە تێرۆری ڕێبەرانی سیاسی و یەک لەوان دوکتور شەرەفکەندی، ویستی «سەری بڕوا بە ئازادی» بپەڕێنێ. بەڵام هەروەک پێشتر دیترابوو، ئەمجارەش بەپێچەوانە دەرچوو. دەیان ساڵ پێشتر ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران قازی محەممەدی پێشەوای لە سێدارە دا بەو مەبەستەی تۆوی خەبات لەنێو کورددا وشک بکا. کەچی مێژوو دەریخست کوردستانی ڕاپەڕیو دەتوانێ قازی محەممەدی دیکە دروست بکا. دواتریش کە بینیمان کەسایەتییەکی بەرزی وەک دوکتور قاسملووی مەزن پەیدا بوو کە بە وشیاری و لێزانیی خۆی توانی بزووتنەوەی کوردایەتی چەند هەنگاو بەرێتە پێشتر.

ئەگەر سەیری مێژووی چەند دەیەی ڕابردوو بکەین، دەبینین تێرۆر و کوشتار نەک هەر پاشەکشەی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و مافویستانەی کورد نەکردووە، بگرە چالاکتر و پوختەتریشی کردووە. هەروەک ئێستا دەبینین ڕێڕەوانی ڕێبەرانی شەهیدی وەک قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی هەروا لە مەیدانی خەباتدا ماون و ئەوە کۆماری پەت و سێدارەیە خەریکە دوا هەناسەکانی خۆی هەڵدەکێشێ.

### پەیامێک بۆ نەوەکانی داهاتوو!

ساڵڕۆژی تێرۆری میکۆنۆس تەنیا بیرەوەرییەکی سۆزدارانە بە مەبەستی هەڵوەراندنی فرمێسکی حەسرەت نییە. ئەو یادەوەرییە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی درێژەی خەبات لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و سەربەستییە. ئەم یادە، وەبیرمان دێنێتەوە لەگەڵ سیستەمێک بەرەوڕووین کە هیچ سنوورێکی ئەخلاقی و یاسایی پەیڕەو ناکا. هەر بۆیە دەبێ وەبیرمان بێنێتەوە بۆ ئەوەی چیدیکە تێرۆر و کوشتار نەکرێین و مافمان پێشێل نەکرێ، دەبێ یەکگرتوانە بە گژ دەسەڵاتدا بچینەوە.

ئێمە دەبێ بە جیهان بسەلمێنین تێرۆر ناتوانێ دەنگمان کپ بکا. میکۆنۆس برینێکی قووڵە، بەڵام دەتوانێ وانەیەکی باشیش بێ. ئەو وانەیە دەبێ پابەندمان بکا کە ڕێگای شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەبیر نەکەین و درێژە بە ڕێگای خەباتیان بدەین کە ڕێگای ئازادییە.

لە بیرمان نەچێ کاتێک باسی میکۆنۆس دەکەین، تەنیا لە ڕووداوێکی ئاسایی نادوێین. باسی میکۆنۆس، باسی نێوەرۆک و ماهییەتی تێرۆریستی و تێرۆرپەروەریی ئەو دەسەڵاتەیە کە نزیکەی نیو سەدەیە ژیان و جووڵەی خەڵکی بە بارمتە گرتووە. بیرەوەریی تێرۆری میکۆنۆس، وانەی خەبات و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دنیایەکی بێ تێرۆر و ڕەشەکوژی و تۆقاندنە. خەباتی ڕێبوارانی ڕێبازی قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی، ڕاست بۆ ئەو مەبەستەیە و بەرەی ئێستا و داهاتووی کورد لەسەریەتی ئەو پەیامە وەرگرێ و بیکاتە کردەیی. بۆ ئەوەی نەوەکانی دوارۆژ بە ئاسوودەیی بژین، ئەم نەوەیە دەبێ لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی بەردەوام بێ.

---

# ئێمە پتر خۆمان بە ئێرانی دەزانین!



**ئەوە ڕاستە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی نەتەوە جیاجیاکان پێکهاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتاهەتایی نییە. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە، هەزار و پێنجسەد ساڵ پێکەوە ژیابن، ئێستا ناتوانن لێک جیا ببنەوە و بە جیا بژین؟ دونیا لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە و شتێکی سروشتییە کە دۆستایەتییەکان، ڕێکەوتنەکان و پێکەوەژیانەکان و ڕوانینەکان هەر هەموویان دەگۆڕێن.**

✍ مستەفا مەولوودی

دوکتور سادق شەرەفکەندی لە وتووێژ لەگەڵ «چشم انداز»دا کە لە ژمارەی ١١ی ئەو گۆڤارە لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا بڵاو کراوەتەوە، ئاماژە بە ڕستەیەک دەکا کە ئەگەر هەر بە تەنیا ئەو دێڕە کورتە بخوێنینەوە، کەمێک ڕادەمێنین و دەڵێین بۆ دەبێ ناوبراو ئەو بابەتەی بەم جۆرە فۆرمۆلە کردبێ؛ بەتایبەت کە لە ئامانجە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە ڕوونی هاتووە کە «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان.»

ئەگەر لە بابەتەکە ورد بینەوە، باسەکە لەسەر کەمینە و زۆرینە لە پێکهاتە و نەتەوەکانی دانیشتووی قەوارەی ئێران کراوە و سەرانسەری مێژووی قەوارەی ئێران نیشان دەدات کە فارس، ئازەری، کورد، بەلووچ، تورکمەن و عەرەبی تێدا بوون و هەر بەو پێیە ناوبراو،

ئێرانیبوون بە واتای فارسبوون نازانێ و ڕوونی دەکاتەوە، چونکە فارس بە ژمارە و حەشیمەت لە نەتەوەکانی دیکە زیاترن، بەو مانایە نییە ئەوان ئێرانیی ڕەسەن و خاوەنی مافی زیاترن.

دوکتور سەعید دەڵێ: «خەڵکی هیچ کام لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، سەبارەت بە پرسێک کە پێوەندیی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە، نابێ خۆیان بە نوێنەر و دەمڕاستی خەڵکی کوردستان بزانن؛ وەک خودموختاریی کوردستان کە دەبێ پێشتر پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ.»

هەروەها دوکتور سەعید لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «فیدایی»دا دەڵێ: «هەڵبەت من قەت فارسەکانم پێ شۆڤێنیست نەبووە و تەنیا مەبەستم دەسەڵاتی ناوەندە کە تۆمەتی جیاخوازی لە جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەدات.»

دوکتور سەعید لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەی «فیدایی»دا دەڵێ: «کوردەکان ڕەسەنترین دامەزرێنەری ئێرانن، بۆیە پێویست ناکا کەسانی دیکە ئامۆژگاریی کورد بکەن و ڕووناکبیری ئێرانی دەبێ ڕوانینێکی دێموکراتیکی هەبێ؛ سەبارەت بە ئێران دەبێ وا بیر بکەنەوە و تێ بگەن کە پێکهێنانی وڵاتێک و ژیان لە چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا، تەنیا لە ڕووی ویست و مەیل و هەستێکی قووڵ و ئارەزووومەندانەوە مسۆگەرە، نەک لە ڕووی زەخت و چوارچێوەیەکی لەپێشدا داڕێژراو.»

دوکتور سەعید دەڵێ: «واقیعییەت ئەوەیە کە کوردەکانی ئێران ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی ئێران نەوێ، کەمتریان ناوێ. ئەوە ڕاستە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی نەتەوە جیاجیاکان پێکهاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتاهەتایی نییە. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە، هەزار و پێنجسەد ساڵ پێکەوە ژیابن، ئێستا ناتوانن لێک جیا ببنەوە و بە جیا بژین؟ دونیا لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە و شتێکی سروشتییە کە دۆستایەتییەکان، ڕێکەوتنەکان و پێکەوەژیانەکان و ڕوانینەکان هەر هەموویان دەگۆڕێن.»

دوکتور سەعید دەڵێ: «هیچ واقیعییەتێکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە نەتەوەکانی ئێران، هەمیشە بەیەکەوە ژیاون.» لەو بابەتەدا نموونە بە ئەفغانستان و تاجیکستان دێنێتەوە و دەڵێ: «ئەوانە جیا بوونەوە و دونیاش خراپ نەبووە؛ بۆچی ئێستا ناکرێ جیابوونەوە بکرێت؟»

کاتێک کۆی ئەو وتووێژ و لێدوانانەی دوکتور سەعید کە لە کاتی خۆیدا کردوویەتی، لەسەر یەکیان کۆ بکەینەوە و لە پەنا یەکتریان دابنێین، بە ڕوونی دیارە کە ئێرانیبوون بە مێژوو دەبەستێتەوە و مانەوەی کورد لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا بە دابینکردنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەستێتەوە؛ و لە درێژەی ئەو جۆرە تێفکرین و سیاسەتەدا، مافی بە خەڵکی هیچ کام لە ناوچەکانی ئێران نەداوە کە خۆیان بە نوێنەر، وەکیل و دەمڕاستی گەلی کورد بزانن.

کوردستان
• ژمارە ٩٢٧
٣١ی خەرمانانی ١٤٠٥ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٦

**کەماڵ کەریمی:**

# مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ڕۆژهەڵات هاوکێشەی مووشەکەکانی قەڵای دێموکراتی پێچەوانە کردەوە



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە: ١٧ی خەرمانان، ئەگەر لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتدا بە وەرچەرخانێکی ئەمنی و سەربازی هەژمار بکرێت، لە ناخی ئەو کەسانەی لە ناو هۆڵی پلینۆمەکەدا لە نێوان دووکەڵ، دار و پەردوو و خەڵتانی خوێندا ژیانەوە، داستانێکی پڕ لە خۆڕاگری و ڕاپەڕینەوەیە. لەم وتووێژەدا کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و شاهیدێکی زیندووی ئەو چرکەساتە سامناکانە، پەردە لەسەر لایەنە نادیارەکانی ئەو کارەساتە هەڵدەداتەوە. ناوبراو بە وردی جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆن ڕێژیم بە پیلانێکی داڕێژراو و لە ڕێگەی خیانەتکارانەوە ئامانجی سڕینەوەی جەستەیی ڕێبەریی حیزب بوو، بەڵام چۆن ئیرادەی ڕاپەڕیوی شاری کۆیە و وەڵامی ئاگرینی شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، هاوکێشەکەیان پێچەوانە کردەوە. ئەم وتووێژە تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوێک نییە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی قووڵە بۆ وانە ئەمنی و سیاسییەکانی حیزبێک کە لە نێو ئاگر و مووشەکدا، دووبارە خۆی داڕشتەوە.**

**لە کۆبوونەوەی پلینۆمدا، کاتێک دەنگی تەقینەوەکە هۆڵەکەی داگرت و هەمووان لە نێوان مان و نەماندابوون، یەکەم وێنە یا بڕیارێک کە لە مێشکتاندا خێرا بووەوە چی بوو؟ لەم ساتە سەختەی ناو دووکەڵ و وێرانییەکەدا، چۆن توانای خۆتان و هاوڕێکانتان کۆکردەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی مەیدانەکە بکەن و کارەساتەکە قووڵتر نەبێتەوە؟**

سپاس بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» و زەحمەتی ئێوەش بۆ یادکردنەوەی کارەساتی زیانباری ١٧ی خەرمانان. لە ڕاستیدا لەوانەیە ئاسان نەبێت بتوانم بە قسە ئەو هەستە دەروونییە دەرببڕم کە لەو چرکەساتەدا تووشی بووم. پێشتر ناوەندی ئەمنییەتی حیزب ئاگادار بوو لەوەی کە مەترسیی هێرش بۆ سەر حیزب هەیە. بەپێی ئەزموون لە شێوازەکانی هێرشی ڕێژیم، لە دەرەوە و دەوروبەرمان ڕێوشوێنی پاراستن ڕەچاو کرابوو، بەڵام لە هۆڵێکی داپۆشراودا و سەرقاڵی باس لەسەر ئەرک و بەرپرسیارەتیی ڕێبەریی حیزب بووین کە کتوپڕ دەنگێکی سامناکی چاوەڕواننەکراو هات و دار و پەردوو بەسەر هاوڕێیاندا دەباری؛ هەستم کرد شتێک گەورەتر لەوەیە کە چاوەڕوان دەکرا. مووشەکبارانێک کە کەس بیری لێ نەدەکردەوە، ئەویش بەو شێوازە! بە دەنگی یەکەم نەماندەزانی چی ڕووی داوە. کاتێک زانیمان لەژێر بارانی مووشەکەکانی ڕێژیمداین و هاتینە دەرەوە، زانیمان لە ناو قەڵادا زۆر کەس لە هاوڕێیانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە شەهید بوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون. هەروەها زانیمان لە فێرگەش دوو هاوڕێی کادری حیزب شەهید بوون، کە سەرجەم بوونە ١٦ شەهید و دەیان کەسیش کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو، بریندار بوون.

لەو کاتەدا تەنیا شتێک کە دەتوانی بیری لێ بکەیتەوە، خۆڕاگری و لەسەر پێ بوونە. کاتێک لە نێو کەسانێکدا خۆت دەبینیتەوە کە سەرەڕای سامناکیی ئەو جینایەتە و لە نێو وێرانی و دیتنی ئەو هەموو قوربانییەدا پێشمەرگانە خەم لە چارەسەر دەخۆن و بە ورەبەرزی و ئەرکوەخۆگرییەوە لە دەوروبەرت دەمێننەوە، دەبێ بە شێوەیەکی کاتی خەمەکان لەبیر بکەیت. بیری خۆڕێکخستنەوەیەکی نوێ، هەناسەیەکی تازەت وەبەر دێنێتەوە. ئەمە لەگەڵ ناخۆشییەکانی کارەساتەکەدا، دڵخۆشییەکی گەورە بوو. ئەمە ئەو ساتانە بوو کە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی لەوێ بوون بیرمان دەکردەوە دەبێ چی بکەین. لە پاراستنی قەڵا و ئۆرگانەکان و کەلوپەلە پێویستەکانەوە تا ئاگاداربوون لە حاڵی بریندارەکان و پێڕاگەیشتن بە ڕاگەیاندنەکان، ئەرکی ئەو هاوڕێیانە بوو کە لە قەڵا کۆ ببوونەوە و هەر کەس و گرووپێک بە ئەرکێک ڕادەسپێردرا.

**پێکان و وردبینیی ئەو هێرشە دەریخست کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دوو سیخوڕەوە ئامێری GPSی لە شوێنی کۆبوونەوەکە جێگیر کردووە؛ حیزب چۆن پەردەی لەسەر شێوازی دزەکردن و خیانەتی ئەو دوو کەسە هەڵدایەوە و کەشفبوونی ئەم درزە ئەمنییەتییە چ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی پاراستنی حیزبدا دروست کرد؟**

لە ڕاستیدا کاتێکی زۆری برد تا توانرا ئەو خائینانە دەستبەسەر بکرێن. هەر زوو هەست بەوە کرا کە ئەو دوو خائینە دەستیان لەو کارەدا هەیە و بە جۆرێک هاتووچۆ و هەڵسوکەوتیان لەژێر چاوەدێریی هاوڕێیانی کۆمیتەی ئەمنییەتدا بوو؛ ئەوان دڵنیا بوون لە بەشداریی ئەو دوو کەسە لەو خیانەتەدا. بەڵام بۆ ئەوەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دەست کەوێت کە نەتوانن حاشای لێ بکەن، لە ڕێگەی جۆراوجۆر و کۆنترۆڵکردنی هاتووچۆ و پەیوەندییەکانیانەوە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێژیم کەڵک وەرگیرا؛ دوای بەدەستهێنانی کۆمەڵێک بەڵگە و دڵنیابوون لە خیانەتەکەیان، دەستبەسەر کران.

لە سیستەمی پاراستنی حیزبدا پێشتر بەهۆی شێوازی پیلانەکانی ڕێژیمەوە، زیاتر سەرنج لەسەر دەوروبەری شوێنی پێشمەرگە و بنکەکانی حیزب بوو. بەڵام ئەم ڕووداوە وای کرد کە لە پاڵ ئەوەدا بیر لە شێوازی نوێی بەرەوڕووبوونەوە و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکان بکرێتەوە و وردتر بڕواننە هەموو ڕەوت و جووڵەکانی ڕێژیم لە دژی حیزب، لە دوور و لە نزیکەوە.

**لەم ڕووداوەدا ژمارەیەک لە بەئەزموونترین کادر و ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب شەهید بوون؛ وەک کەسێک کە لە نزیکەوە شاهیدی ئەو لەدەستدانە بوون، ئەم ڕووداوە تا چەند کاریگەری لەسەر بەتاڵبوونی درێژخایەنی ناوەندی بڕیاردان و گواستنەوەی ئەزموون بۆ نەوەی نوێی حیزب بەجێهێشت؟**

ئەوەی جێی خۆشحاڵییە، لە حیزبی دێموکراتدا ئێمە هەمیشە شاهیدی بوونی بڕوا و پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕانە بووین. حیزبی دێموکرات بەوەوە ناسراوە کە لە هەلومەرجە سەختەکاندا لەسەرپێ وەستاوە و چۆکی دانەداوە. ڕاستە لەو ڕووداوە تاڵەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب شەهید بوون و جێگەی بەتاڵیان لە کار و بەڕێوەبەریدا دیار بوو، بەڵام ئەو هەستە شۆڕشگێڕییەی لە باقیی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکاندا بەدی دەکرا، ئەو بەتاڵاییەی کەمڕەنگ کردبووەوە. ئەوەی من بەبیرم بێت، هەر لە ساتەکانی دوای مووشەکباران و ڕۆژانی دواتر، ئەو جموجووڵەی لە حیزبدا دەبینرا کەموێنە بوو. هەستت دەکرد سەرەتای شۆڕشێکی نوێیە و بۆ هەر ئەرکێک کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب ئامادە بوون. بەڵام ئاسان نەبوو لەو هەلومەرجەدا کە نیوەی ئەندامانی ڕێبەری شەهید و بریندار ببوون، هەست بە قورساییی ئەرکەکان نەکرێت. لەژێر ئەو بارە قورسەدا، بەخۆشییەوە زۆری نەبرد ڕێبەریی حیزب توانی بەرپرسیارەتی و جێگەی خاڵیی هاوڕێیانی شەهیدمان لە ئۆرگانەکانی حیزبدا پڕ بکاتەوە و درێژە بە بەڕێوەبردنی ئەرکەکان بدرێت. دواتریش لە کۆنگرەدا جێگەی ئەوان ئەسپێردرا بە کۆمەڵێک لەو کادرە گەنجانەی کە ساڵانێک بوو لەگەڵ هاوڕێیانی شەهیدیان کاریان کردبوو و لە نزیکەوە لێزانی و چۆنیەتیی ئەرکی بەڕێوەبەرییان لەگەڵیان ئەزموون کردبوو.

**ئێران لەو هێرشەدا بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا مووشەکی دوورهاوێژی بەکارهێنا بۆ سەپاندنی هاوکێشەیەکی نوێی سەربازی. بە بڕوای ئێوە، ئایا ئامانجی تاران تەنیا لێدانی فیزیکی بوو یا دەیویست جۆرێک لە تۆقاندنی ستراتیژیک بەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتدا بسەپێنێت؟ حیزب چۆن ئەو هاوکێشەیەی بەرپەرچ دایەوە؟**

لەو پەیوەندییەدا زۆر شت هەیە باس بکرێت و زۆر پرسیاریش هەبوو. بەدوور لە هەموو ئەو باسانە، ئەوەی ڕاستی بێت و ئێمە زانیاریمان لەسەری هەبوو، هێرشێکی ئامانجدارانە و بەرنامەداڕێژراوی ڕێژیم بوو کە ئەو ڕۆژە ئەنجامی دا. ئەوەی کە ئەو جۆرە مووشەکە دووربڕ و خاڵپێکەی بەکارهێنا کە پێشتر لە هیچ شوێنێک تاقی نەکرابووەوە، پرسیاری زۆری لەسەر بوو. بەڵام ئامانجی هێرشەکەی ڕێژیم دەریخست کە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی مووشەکەکانیان نەبووە، بەڵکوو بۆ دڵنیابوونیان بووە لە پێکانی ئامانجەکەیان؛ هەروەک دیتمان بە باشی شوێنی مەبەستیان پێکا. ئەگەر ئاوڕێک لە ماڵپەڕ و پەیجەکانی سوپای پاسداران بدەینەوە و تەنانەت لانی کەم بۆ جارێک لە دەنگ و ڕەنگی ئێران، فەرماندەکانی سوپا ماوەیەک بەر لەو هێرشە تاوانکارییە، هەڕەشەیان لە حیزبی دێموکرات دەکرد و بە ئاشکرا دەیانگوت ئێمە لە سەری سەرکردایەتییەکەیان دەدەین و ئەو کارەشیان کرد. خۆ ئەگەر ئەو جۆرەی ویستیان بوو نەیانتوانی بە ئامانجەکەیان – کە وەک خۆیان دواتر گوتیان لەناوبردنی تەواوی سەرکردایەتیی حیزب بوو – بگەن، بەڵام توانییان هەم تاقیکردنەوەکەیان بکەن و هەم بە بەشێک لە ئامانجەکەیان بگەن.

دیارە لە ڕووی سەربازییەوە خۆدەرخستنێکی نوێ بوو، نەک تەنیا بۆ حیزب و بزووتنەوەی چەکداریی کوردستان، بەڵکوو بۆ ئەو لایەنە دەرەکییانەش کە ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی کێشەی لەگەڵیان هەیە و هەڕەشە لە یەکتر دەکەن، کە ئاکامەکەی دوو شەڕی یەک ساڵی ڕابردوو بوو لە ئێران و ناوچەکەدا. سەبارەت بە کێشەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، حیزبی دێموکرات کە ئاساییە توانای سەربازیی لە شەڕی مووشەکیدا نەبێت، ئەوەی هەیە توانا و بەرهەڵستکاریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتدا، گۆڕان بەسەر هاوکێشەکان لە نێوخۆدا دێنێت. هەروەک دیتمان تەنیا چەند ڕۆژ دواتر و بەدوای پەیامی کاک خالیدی عەزیزی کە دوای مووشەکبارانی قەڵا ڕایگەیاند ئێمە لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات وەڵامی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، مانگرتنێکی سەرتاسەریی سەرکەوتوو لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تووشی شۆک کرد و دانیان پێدا نا کە دوای ئەو مووشەکبارانە چاوەڕوانی شتێکی وامان لە هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵات نەدەکرد. ئەوان پێیان وابوو بەو تاوانە و ئەو زەبرەی لە حیزبیان داوە خەڵک دەتاسێنن، کە پێچەوانەکەیان دیت.

**بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامی کە پێی وابوو حیزب تووشی ئیفلیجبوونی ڕێکخراوەیی دەبێت، ڕۆژانی دوای ١٧ی خەرمانان شوێنەواری سیاسی و دەروونیی ئەم ڕووداوە لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵات و ورەی پێشمەرگە چۆن ڕەنگی دایەوە؟**

بە دیتنی خۆم ئەو مووشەکبارانەی کە زیانی گیانیی زۆری بە ئێمە گەیاند، نەتەنیا نەبووە هۆی دابەزینی ورەی پێشمەرگە، بەپێچەوانەوە وەک پێشتریش باسم کرد ڕۆحی شۆڕشگێڕی لە بیر و زەینی تاکتاکی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبدا گەشەی سەند. لەو ڕۆژانەدا ڕۆحی کارکردن و ئەرکوەئەستۆگری لە بوونی هەمواندا دەبینرا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەک تەنیا بە مانگرتن، بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆری چالاکییەکانیان بوونی خۆیان بۆ جارێکی دیکە سەلماند.

باشە باس لەوە بکەین کە چوار ساڵ دواتر و بەدوای شەهیدکردنی ژینای بێتاواندا چۆن ئەو ڕقە پەنگخواردووەی خەڵک بە ڕووی ڕێژیمدا تەقییەوە و جگە لە کوردستان هەموو ئێرانیشی گرتەوە؛ ئەو خەڵکە شۆڕشگێڕە بەم شێوازە بە ڕێژیمیان سەلماند کە هیچ جینایەتێک ئەو نەتەوەیە لێک دانابڕێت و هەروەک حیزبی دێموکرات گوتوویەتی: «مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی ئێمە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە»، ئەوان لەو مەیدانەدا سەربەرزانە دەمێننەوە.

**دوای تێپەڕبوونی ساڵانێک بەسەر ئەو جینایەتەدا، کاتێک وەک شاهیدێکی زیندووی ناو هۆڵی پلینۆمەکە ئاوڕ لە ١٧ی خەرمانان دەدەنەوە، گرنگترین وانەی سیاسی، ئەمنی و فەرماندەیی کە حیزبی دێموکرات لەو تاقیکردنەوە سەختەوە وەریگرت چی بوو؟**

ئەگەر لە سیاسەت بدوێین، دەبێ ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین کە حیزبی دێموکرات لە کاتی دامەزرانییەوە بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، بووەتە نوێنگەی بیری ڕێکخراوی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بیرکردنەوەیەک کە ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی، سەرەڕای هەموو تاوانێک کە دەرهەق بەو نەتەوەیە لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا کردوویانە، نەیانتوانیوە لە مێشکی خەڵک دووری بخەنەوە. بەپێچەوانەوە، ساڵ بە ساڵ ئەم بیرکردنەوەیە وەک بیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و بە شێوازێکی زانستییانەتر خۆی نوێ کردووەتەوە و خەڵکێکی زیاتری لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی پێ گۆش کراوە.

لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات، وەک ئاڵاهەڵگری ئەم بیرە نەتەوەییە، توانیویەتی سوکانی ڕێبەری لە هەناوی بزووتنەوەی کورددا بەدەستەوە بگرێت. لەم پێناوەدا و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، لاوان و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی لە ڕیزەکانی خۆیدا پەروەردە کردووە. بەم جۆرە و بە پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکرات وەک هێزێک سەیر دەکرێت کە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێت؛ دژایەتیی توندی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش دەبێ لەم سۆنگەیەوە سەیر بکرێت.

کاتێک لە ١٧ی خەرمانانەوە چاو لەو مەبەستە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەچۆکداهێنانی خەڵک و لاوازکردنی حیزب، جیاواز لە پەلاماری هەمەلایەنە بۆ سەر تێکۆشەرانی گەلەکەمان، پەلاماری ڕێبەرانی حیزب دەدات؛ لە شەهیدکردنی دوکتور قاسملووەوە هەتا دوکتور شەرەفکەندی و هەتا دواتریش. بۆیە دەبێ بە وردبینی و تێگەیشتنێکی قووڵترەوە لە ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بڕوانین. لەو جۆرە ڕوانینەدا هیچ شوێنێک بۆ بیرکردنەوە لە مەسەلەی کورد و چارەسەری کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی نییە، بەڵکوو ئەوان تەنیا بیر لە ئەمنییەتیکردنی زیاتری کوردستان، سەرکوت و بەرەبەرە ئاسیمیلاسیۆنکردنی کوردستان دەکەنەوە. لێرەوە پێویستە وردبینییەکی زیاتر لە داڕشتنی سیاسەت و شێوازی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بکرێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو پیلانەکانیان لە دژی حیزب و نەتەوەکەمان.

لە بواری ئەمنییەت و پاراستنی حیزبیشدا ئەوەی بۆمان دەرکەوتووە، ڕێژیم لە هەموو شێوازێک کە پێوەندیی بە بەرنامە تێرۆریستییەکانییەوە هەیە کەڵک وەردەگرێت؛ لە کاری سیخوڕی و تێرۆرەوە بگرە تا بۆمبنانەوە و مووشەکبارانکردن و هەر کارێکی دیکە کە بۆی بێتە ئاراوە. ئەم کارانە لە بنکەی جیاوازەوە لە دوور و نزیکەوە چاوەدێری و ئاراستە دەکرێن. ئەمەش سەلماندی کە حیزبیش پێویستە لە هەموو شوێنێک چاوەدێرییان بکات. پێداچوونەوە بە ڕابردووی ئەو کەسانەی پێوەندی بە حیزبەوە دەکەن و لە کار و چالاکییەکاندا بەشدارن، خاڵێکی گرنگە بۆ ناسینی باشتری ئەو کەسانەی کە لەوانەیە لەلایەن ڕێژیمەوە ئەرکدار کرابن. بەگشتی، دەبێ لە بازنەیەکی بەربڵاوتردا گرنگی بە پاراستن و ئەمنییەتی حیزب بدرێت.

## کرانەوەی قوتابخانەکان و زانکۆکان؛

# دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن لە سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا (۱۴۰۵ – ۱۴۰۶)





ناسر ساڵحی ئەسڵ

هەموو ساڵێک لە سەرەتای وەرزی پاییز و یەکی ڕەزبەردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، مزگێنیهێنەری ژیانەوە و ئیلهامبەخشی گۆڕان و فێرخوازی، سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ژیانی قوتابییان، خوێندکاران و کۆمەڵگە بەگشتی دەردەخات. بۆیە یەکەم ڕۆژی پاییز لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێمای جموجۆڵی قوتابی و خوێندکارانە کە لەوێدا ساڵی نوێی خوێندن دەست پێ دەکەن. بە کرانەوەی قوتابخانەکان و زانکۆکان، هیوا و داهاتوویەکی گەش بۆ قوتابی و خوێندکار بونیاد دەنرێت تا ناودارانی دواڕۆژی نیشتمان پێک بێنن. بۆیە پێویستە داهاتووی قوتابی و خوێندکار لە هەر پرسێک لە پێشتر بێت و هەر جۆرە ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕێک لە سیستەمی پەروەردە و بارهێنان و خوێندنی باڵادا، لە قازانج و بەرژەوەندیی ئەواندا ڕەنگ بداتەوە؛ چونکە پەروەردە و بارهێنان مێژووی بە بارستایی مرۆڤایەتی و هەروەها بە بارستایی ژیان و وەدیهاتنی گۆی زەوییە. ئەگەر لەم بوارەدا ڕوانگەی مامۆستایان و شارەزایانی بواری پەروەردە و بارهێنان تاوتوێ و لێکدانەوەی بۆ بکەین، هەموویان کۆکن لەسەر ڕۆڵی بەنرخ، بەها و پێگەی گرینگی پەروەردە لە کۆمەڵگەدا. پەروەردە و بارهێنان لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لە ئاستی ڕاستەقینەی خۆیدا هەیە. بۆیە ڕۆڵ و نەخشی مامۆستا و پەروەردە لە سیستەمە دێموکراتیکەکاندا لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگەیی و هتد بە باشی لەبەرچاو گیراوە.

بەڵام ڕێوڕەسمی کرانەوەی قوتابخانەکان و زانکۆکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت، کە پاش هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر کاربەدەستە باڵا سیاسی، نیزامی و ئەمنییەکان، و کارگە، سەربازگە، بنکە ئەتۆمییەکان و کۆگاکانی مووشەک و درۆنی ڕێژیم، کەشوهەوای ناسالمی دەسەڵاتداریی تۆتالیتار، نیزامی و ئەمنییەتی هێندەی دیکە بەسەر پەروەردە و بارهێنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵ دەبێت. لە ئاکامی ئەم دۆخەدا، گرفتەکانی ژیان و بژێوی ڕۆژانە و ساڵانەی مامۆستایان، نەبوونی ئەمنیەتی پیشەیی و گوشار و چاودێریی نارەوای دەزگا ئەمنییەکان بۆ سەر کۆڕ و کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان لە پەرەسەندندایە. دەستێوەردانی بێجێی بیرۆکەی دەسەڵاتدارە نیزامی و ئەمنییەکان لەمەڕ دیاریکردنی هێڵ و نیشان بۆ کتێبە دەرسییەکان، ناچارکردنی وانەبێژان بۆ وتنەوەی کتێبگەلێک بە ناوەڕۆکی کۆن و بێکەڵک، خستنەژێرپێی یاساکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و تەنانەت یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ وەرگرتنی پارەی زۆرەملێ لە قوتابییان، زیادکردنی بێهۆی فێرگە نادەوڵەتییەکان، دۆخی ڕووخاوی بینای قوتابخانەکان و کەمیی پێداویستی و کەلوپەلی خوێندنی قوتابییان، گۆڕینی ناکارناسانەی سیستەمی پەروەردە و بەرنامەی ناسەردەمیانەی کار و چالاکیی قوتابییان، بەشێکی بچووکی ئەو پرسیارانەن کە دەبێت دەسەڵاتدارانی پێوەندیدار بە سیستەمی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڵامیان بدەنەوە. بۆیە لە سێبەری بەڵاڵیدراوی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری پەروەردە و بارهێنان و خوێندنی باڵادا، لە ماوەی دەسەڵاتداریی نزیک بە پێنج دەیەی ڕابردوودا، بە سیستەمێکی ئایدیۆلۆژیی چەقبەستوو، هەموو ڕێگەیەکی پێشکەوتن و هەموو ترووسکاییەکی گۆڕانکاری و سەردەمیانەبوونی لە بەشی پەروەردە و بارهێناندا بەستووە.

هەروەها لە سایەی ئەم سیستەمەدا، پەیمانی پەروەردە و بارهێنان لە نێوان مامۆستا، قوتابی و خوێندکار لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بە نزمترین ئاستی خۆی گەیشتووە و ڕۆژ نییە کەرامەتی مامۆستایان لەکەدار نەکرێت، و ڕۆژ نییە شاهیدی بەرنامەی سیستماتیکی ئەم ڕێژیمە بۆ دواخستن و داخستنی قوتابخانە و زانکۆکان بە بیانووی جۆراوجۆر و دڕدۆنگکردنی قوتابییان و خوێندکاران بەرامبەر بە قوتابخانە و زانکۆکان نەبین. هەروەها بەهۆی کەلێنی گەورە و هەڵاوسانی سەرسوڕهێنەری نێوان داهات و تێچوو، زۆربەی مامۆستایان لەژێر هێڵی هەژاریدان و توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی بژێویی ژیانیان نییە.

سەرەڕای ئەمانەش، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی فرەنەتەوە، فرەئیتنیک و فرەئایینزای ئێراندا، لە کاتە هەستیار و چارەنووسسازەکاندا هەمیشە هەوڵی چەواشەکارانەی داوە و بە زەقکردنەوەی ماددەی ۱۵ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ خوێندنی زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بە هێنانەئارای سیناریۆی چەواشەکارانەی خوێندنی وانەیەک بە زمانی دایکیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت زمانی کوردی، وەهمی کرانەوە لە سیستەمی پەروەردە و بارهێناندا لە لای گەلانی ئێران دروست بکات. بەڵام لە کردەوەدا نەک ئەو ماددەیەی یاسای بنەڕەتی بەڕێوە نەبردووە، بەڵکوو گوشارەکانی تەنانەت بۆ سەر فێرگە و ناوەندە فەرهەنگییەکانی خۆبەخشی فێرکاریی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت بۆ سەر مامۆستایانی ناوەندە فێرکارییەکانی فەرهەنگی بە بیانووی جۆراوجۆر چڕ کردووەتەوە و بەربەست و ئاستەنگیان بۆ دروست دەکات و پێش بە کاروچالاکیی ئەو ناوەندە فێرکارییانە دەگرێت. هەروەها سەرەڕای ئەو گوشارانە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرگیز ڕێگەی بە هیچ چالاکییەکی فێربوونی ڕێنووس و ڕێزمانی زمانی دایکیی نەتەوەکانی ئێران لە قوتابخانە و زانکۆکاندا نەداوە. بۆیە بەرپرسانی باڵای پەروەردە و شۆرای باڵای شۆڕشی فەرهەنگی (شورای عالی انقلاب فرهنگی)، لەباتی جێبەجێکردنی پارادایمێکی پەروەردەی سەردەم، بە گۆڕینی بەردەوامی سیستەمی پەروەردە و فێرکاری، گۆڕینی کتێبە دەرسییەکان، لێکجیاکردنەوەی وانەی کچان و کوڕانی خوێندکار لە زانکۆکان، گۆڕینی کتێبی بەشەکانی زانستە مرۆییەکان و هتد، ئاستی خوێندنیان لە دواکەوتوویيدا هێشتووەتەوە.

لە وەها باروودۆخێکدا دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیان، لە کاتێکدا باسی پرسی بردنەسەرەوەی بودجەی وەزارەتی پەروەردە دەکات، کە زیاتر لە ۹۵٪ی ئەم بودجەیە بۆ مووچەی کارمەندانی وەزارەتەکەی دەڕوات و لە ئاکامدا شتێک بە ناوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پێداویستییە فێرکارییەکان بۆ داهاتووی قوتابخانەکان و زانکۆکان نامێنێتەوە. بەو حاڵەش، ڕادەی مووچەی کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ ڕادەی بەرزبوونەوەی هەڵاوسانی مانگانە و ساڵانە یەک ناگرێتەوە. زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایان و وانەبێژان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین؛ بۆیە بەشێکی زۆر لە مامۆستایان لە ڕێگەی کارکردنی دەستی دووەم و سێیەمەوە ژیانێکی نەمر و نەژی بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. بەپێی پێوەرە ستانداردە جیهانییەکان، کاتی بەتاڵی مامۆستایان بۆ ئەوە تەرخان کراوە کە تێیدا بتوانن زانیاریی زیاتر و تەکنەلۆژیای نوێی ڕۆژ فێر ببن و بۆ پۆلەکانی وانەوتنەوەی بگوازنەوە؛ بەڵام مخابن مامۆستایانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دەرفەتە بە ناچاری و تەنیا بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان کەڵک وەردەگرن، و بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و پێڕاگەیشتن بە خێزانەکانیان، ڕێگەی بازاڕ و کاری دیکە دەگرنەبەر. بۆیە دامەزراوەیەکی وەک وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ئێران، کە ئامانج و بەرنامەی لە پێدانی مووچەی کارمەنداندا تەنیا پێشگرتن بێت لە مردن و هێشتنەوەیان لە ژیانێکی نەمر و نەژیدا، دەزگایەکی چەوسێنەر و ستەمکارە و بێجگە لە دابینکردنی کەمترین حەقدەست، ئەرکی مرۆیی خۆی بەجێ نەگەیاندووە. لە ڕوانگەی وەها سیستەمێکدا، قوتابخانە و زانکۆ دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنان و مامۆستاش تەنیا بیر لە وەرگرتنی کەمترین حەقدەستەکەی دەکاتەوە. لە ئاکامی ئەم سیاسەتە نادروستەدا، پێوەندیی قوتابی و مامۆستا دەبێتە پێوەندییەکی میکانیکی و کۆمەڵێک دیاردەی نەشیاو و توندوتیژ بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە قەرەبووکردنەوەیان لە دواڕۆژدا کارێکی سانا نییە.

ڕاستە کە ویست و داخوازیی مامۆستایان تەنیا لە ڕێگەی پێکهاتە و ناوەندە پیشەیییەکانەوە دەستەبەر دەبێت، بەڵام تا ئێستاش مامۆستایان و وانەبێژانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی گوشار و زەختی داپڵۆسێنەری ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، لە بوونی ڕێکخراوێکی ئازاد و سەربەخۆ بەردەوام بێبەش بوون. هەروەک دەبینین، بەو حاڵەش چەرخی خەباتی ڕەوای مامۆستایان لەمەڕ وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانیاندا لە گەڕ نەکەوتووە؛ هەر لەم ڕێبازەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی دەروەست و نیشتمانپەروەر لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی سزای قورسی دەرکردن و وەدەرنان، دوورخرانەوە لە قوتابخانە و زانکۆ، گرتن، زیندان و هتد بوونەتەوە.

هەر بۆیە وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیان، بەردەوام هەوڵ دەدات بە خستنەڕووی هەندێک سیاسەتی چەواشەکارانە، وەک بەڵێنی زیادکردن و هاوسەنگکردنی مووچەی مامۆستایان، نۆژەنکردنەوەی بینای قوتابخانەکان و دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابییان و خوێندکاران، مۆڵەتی کاری پیشەیی و ڕێکخراوەیی، و چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەی مامۆستایان، قوتابخانەکان و زانکۆکان، وەها پیشان بدات کە دەیەوێت کەشێکی کراوە و مرۆڤتەوەرانە بخوڵقێنێت. بەڵام هەرچەندە ئەم سیاسەت و بیرکردنەوەیە لە ڕێگەی بەرپرسانی دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر باس دەکرێت و لە ڕواڵەتدا خۆیان جیاوازتر لەوانی دیکە پیشان دەدەن، بەڵام لە کردەوەدا دژی هەر جۆرە کرانەوەیەکی هزری ئازادن لە قوتابخانەکان و زانکۆکاندا، و چاویان بەرایی دیتنی هزری گەشاوە و توانای بونیاتنەری مامۆستایانی ئازادیخواز و پێشکەوتوو، و قوتابی و خوێندکاری چاوکراوە نادات؛ چونکە هەر لە دەوڵەتی پزیشکیاندا، پەرەسەندنی ڕاوەدوونان، گرتن و زیندانیکردن، بێبەشکردن لە وانەوتنەوە و دەرکردنی مامۆستایان لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە؛ هێرشکردنە سەر قوتابخانە و زانکۆکان بە هێزی تایبەتی سەرکوتکەر بۆ ترساندن و تۆقاندنی مامۆستایان و قوتابییان و خوێندکارانی پێشەنگ، پێشگرتن لە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە قوتابخانە و زانکۆکان بە ئاراستەی کرانەوە و زانستی سەردەمیانە، هەوڵدان بۆ نانەوەی ئاژاوەی مەزهەبی، نەتەوەیی و ئایینی لە کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانە و زانکۆکاندا، بەئەمنییەتیکردن و نیزامیکردنی قوتابخانە و زانکۆکان، پاڵپشتیکردنی هێزەکانی بەسیجی قوتابییان و خوێندکاران و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی نووسینگەی ڕێبەری، گرتنی مامۆستایانی جیاوازبیر، خوڵقاندنی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ کچان و کوڕانی خوێندکار، کۆچی بەردەوامی مێشکەکان لە زانکۆکانەوە، خراپتربوونی هەلومەرجی ئابووری و بژێویی ژیانی مامۆستایان و بێڕێزیکردن پێیان، و دەیان کێشە و کارەساتی دیکە لە بواری پەروەردە و بارهێناندا، نیشاندەری ئەوەیە کە کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردە لە دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیاندا، بەتایبەت لە بواری پەروەردە و بارهێناندا، چەندە ناخیان نەخۆشە و چەندە بێتوانان لە وەدیهێنانی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە و بارهێناندا، و چەندەش نامۆن بە بیرکردنەوەی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە. بۆیە بە گشتی، بەرنامەداڕێژەران و کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە هەموو خولیا و ئارەزووەکانی گۆڕان لە سیستەمی پەروەردە و بارهێنان و باشترکردنی ژیان و بژێویی مامۆستایاندا، سەرابێک زیاتر نین.

لە ئێستادا لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵی نوێی خوێندندا، بە بەراورد بە ساڵی ڕابردووی خوێندن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە هەزاران قوتابی بەهۆی گرانیی پێداویستییەکانی خوێندن و بەرزبوونەوەی ۲۰۰٪ بۆ ۳۰۰٪ی نرخی پێداویستییەکانی خوێندن، لە قوتابخانە و خوێندن بێبەش کراون؛ چونکە تێچووی ئامادەکردنی قوتابی بۆ قوتابخانە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە و نەبوونی کڕیاریش بازاڕی خستووەتە سستییەوە. هەروەها بەهۆی گەمارۆ دەریاییەکانی ئەمریکا لە گەرووی هورمزدا، بەرزبوونەوەی تێچووی هاوردەکردنی پێداویستییەکانی خوێندن لە وڵاتانی وەک چین، مالیزیا و ئیندۆنیزیاوە، نرخەکان ئاستێکی زۆر بەرزیان تۆمار کردووە.

> **لە سیستەمی هزریی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا، قاڵبێکی پڕ لە دەمارگرژیی مەزهەبی و هزری نامۆ بە ئازادیخوازی دانراوە؛ بۆیە ئەرکی بزووتنەوەی مامۆستایان و خوێندکارانە کە بە پشتیوانیی جەماوەریی کۆمەڵگە، هەوڵی تێپەڕین لەم سیستەمە چەقبەستووە بدەن تا سیستەمێکی دێموکراتیک و سەردەمیانە بنیاد بنێن.**

لە وەها باروودۆخێکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دابەزینی توانای کڕینی بنەماڵەکان و ناڕوونی لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی پۆلەکانی خوێندن بۆ ساڵی تازەی خوێندن، وای کردووە خێزانەکان کڕینی پێداویستییەکانی قوتابییان دوا بخەن. بۆیە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان و کارنامەی چەندین ساڵەی دەزگای پەروەردەی ژێر دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەری دەخەن کە داهاتووی مامۆستایان، قوتابییان و خوێندکاران، ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو دەبێتە قوربانیی ئایدیۆلۆژیای ناسەردەمیانە، شەڕخوازانە و ئاژاوەگێڕانەی تاقمێک بەرپرسی بەرژەوەندیخواز، و هیچ هیوایەک بۆ گەشە و بەرەوپێشچوونی سەردەمیانەی خوێندن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدی ناکرێت؛ چونکە لە سیستەمی هزریی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، قاڵبێکی پڕ لە دەمارگرژیی مەزهەبی و هزری نامرۆڤانە و نامۆ بە ئەخلاق و ئازادیخوازی دانراوە و دەبێت مامۆستایان لەو سیستەمەدا خۆیانی پێ لەقاڵب بدەن. هەر بۆیە باوەڕمان وایە کە ئەرکی سەرشانی مامۆستایانە لە ساڵی نوێی خوێندندا بە هەموو هێز و توانایەک کە هەیانە، هەوڵی تێپەڕین لەم سیستەمە دواکەوتوو و چەقبەستووە بدەن. لە ئێستادا ئەرکی مامۆستایان و بەتایبەت بزووتنەوەی مامۆستایان و خوێندکاران لە تێپەڕین لەم ڕێژیمە و ئەم سیستەمە پەروەردەییە سەقەتە، زۆر گرینگ و بەرچاوە؛ چونکە مامۆستایان بە پشتیوانیی جەماوەریی کۆمەڵگە توانای خوڵقاندنی ئەوەیان هەیە کە داوای سیستەمێکی دێموکراتیک و سەردەمیانەی پەروەردە و بارهێنان بکەن، تا نەوەی داهاتوو بە ئازادی بژین.

د. کوێستان گادانی:

# ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بنەمای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و دێموکراسییەکی تەوافوقی دابڕێژرێتەوە



**ئاماژە: ڕۆژی شەممە، ١٩ی سێپتامبری ٢٠٢٦ (٢٨ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی)، لە وڵاتی نۆڕوێژ کۆنفرانسێک لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات) بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا، بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵێک حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی و ئێرانی بەڕێوە چوو. لەم کۆنفرانسەدا کە تەرخانکرابوو بۆ تاوتوێکردنی ئاسۆی داهاتووی سیاسیی ئێران و ڕۆڵی پێکهاتەکان، وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن دوکتور کوێستان گادانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، پێشکەش کرا. ئەم وتارە بە خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا و هاوکات تاڵیادی تیرۆری میکۆنۆس، تیشک دەخاتە سەر پێویستیی بنیاتنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلار و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لە ئێراندا. ئەمەش دەقی تەواوی وتارەکەیە:**

### لە بزووتنەوەی ژیناوە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلار

چوار ساڵ لە شەهیدکرانی قەتڵی حکوومەتی ژینا و ڕاپەڕینی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» تێدەپەڕێت. ساڵیادی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ئێمە تەنیا بیرهێنەرەوەی سەرهەڵدانێکی مێژوویی مافخوازیی کورد دژی دەیان ساڵ سەرکوت نییە، بەڵکوو ئەم ساڵیادە دەرفەتێکە بۆ وردبوونەوە لە دەستکەوتی خەباتی ئەو چەند ساڵەی دواییمان و تێڕامان لە داهاتووی خەبات و نەخشەڕێی نوێ بۆ سەرخستنی جووڵانەوەکەمان.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە تاڵیادی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا بوو، بۆیە یادکردنەوەی تیرۆری میکۆنۆسیش بۆ ئێمە هەرتەنیا گەڕانەوەیەکی تاڵ بۆ تێچوویەکی قورس لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد نییە. یادەوەریی ئەو دوو تاڵیادە لە نێوان میکۆنۆس و بزووتنەوەی ژینا لەسەر شەقام پێمان دەڵێن خەبات و تێکۆشان دژی دیکتاتۆریی ڕێژیمی ئێران لە پێنج دەیەی ڕابردوودا خەباتێکی سەخت و پڕتێچوو بووە و دەبێ لە خۆمان بپرسین چۆن دەتوانین لە دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتاریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێپەڕین، بێئەوەی ئیزن بدەین دەسەڵاتێکی تر بە هەر ناو و فۆرم و شێوەیەک بەڵام بە هەمان لۆژیک و بە ڕووخسارێکی نوێ بێتە سەر کار؟

ئەم پرسیارە بۆ نەتەوەکانی ئێران لە ئێستادا لە هەر کاتێکی تر گرنگترە. چونکە قەیرانەکانی ئێران تەنیا دەسەڵاتداریی ڕێژیمێکی سەرکوتگەر نییە، بەڵکوو لە تەنیشت قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان، قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتییەکان و نەبوونی مافی نەتەوەکان؛ قەیرانێکی دیکەش سێبەری خستووەتە سەر داهاتووی ئەم وڵاتە، ئەویش قەیرانی ئۆپۆزیسیۆن و ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەتی لە ماوەی دەسەڵاتداریی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا تامی تاڵی هەموو جۆرە سەرکوت و نادادپەروەری و قەیرانێکیان چێشتووە و نکۆڵی لە هەبوون و مافە سەرەتاییەکانیان کراوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو بەشمەینەتی، شەکەتی و زیان و خەسارەی بەری کەوتووە، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و خاوەن ویست و توانای گۆڕانە. بۆیە ئێستا دەپرسن ئەگەر ئەم شێوازی حوکمڕانییە چارەسەر نەبووە، دەبێ چی جێی بگرێتەوە؟

ئەم پرسیارە و ئەم ویستە لە ڕووخانی ڕێژیم گرنگتر و بەبایەخترە. ڕووخانی حکوومەت دەتوانێت ساتێکی گرنگ بێت، بەڵام مەرج نییە دێموکراسی و دابینبوونی مافی هەمووانی تێدا مسۆگەر بێت. لە نێوان ڕووخانی دیکتاتۆرییەت و بنیاتنانی دێموکراسیدا کەلێنێکی گەورە هەیە. ئەگەر ئەو کەلێنە بە بیرکردنەوە و بڕیاری سیاسیی دێموکراتیک، بە دامەزراوەییکردنی پرۆژەی ڕوون لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی وڵاتدا پڕ نەکرێتەوە، تەنیا دەسەڵات گۆڕاوە و دەستاودەست کراوە، بەڵام لۆژیکی حوکمڕانییەکانی پێشوو هەر لە جێی خۆیەتی؛ بەتایبەت کە خەڵکی ئێران ئەزموونی ڕێژیمی پاشایەتی و گۆڕینی بە کۆماری ئیسلامییان هەیە و ڕەوا نییە و ناشیانەوێ ئەزموونێک بۆ جارێکی دی تاقی بکەنەوە.

پرسیاری سەرەکیی ئێمە دەبێ ئەوە بێت کە دوای ڕووخاندنی ئەو نیزامە سیاسییە دیکتاتۆرە چ سیستەمێکمان دەوێت؟ دوای ئەزموونەکانی بزووتنەوەی مەشرووتە و ئاڵوگۆڕەکانی ساڵەکانی ١٣٣٢ و خۆماڵیکردنی نەوت، کودەتای دژی دەوڵەتی موسەدیق و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سووڕانەوە لە بازنەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا؛ ئێستا ئیتر ئێران پێویستی بە پرۆژەیەکی سیاسیی دێموکراتیکی ئەوتۆ هەیە کە لەسەر بناغەی دابینبوونی مافە نەتەوەیی، سیاسی، مەدەنی و دێموکراتیکەکانی هەموو پێکهاتەکان، سەروەریی یاسا، دامەزراوەی سەربەخۆ، دابەشکردنی دەسەڵات، بەشداریی هاووڵاتییان لە هەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دامەزرابێت؛ پرۆژەیەکی سیاسیی دێموکراتیک کە سیستەمی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی ڕێگە بە سەرهەڵدانی هیچ دیکتاتۆرییەک نەدات. ئێرانی داهاتوو دەبێ بە سەرنجدان و دانان بە ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتە دابڕێژرێتەوە. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسی فرەچەشنیی ئێران. ئێران کۆمەڵگەیەکی یەکچەشن نییە؛ وڵاتێکی فرەنەتەوە و هەمەچەشنی زمانی، فەرهەنگی، ئایینی و جوگرافیاییە. هۆکاری کارەساتەکانی هەتا ئێستا ئەوە بووە کە ئەم فرەچەشنییە وەک مەترسی سەیر کراوە و بەردەوام هەوڵ دراوە جۆراوجۆرییەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ناوەندیدا بسڕدرێتەوە؛ بۆیە ئەو دۆخە لە بناغەوە دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێت.

یەکگرتوویی ئێران نابێت بە مانای یەکسانکردنی ئێران بێت. ئەگەر بڕیارە وڵات یەکپارچە و یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئەمە بە دابینبوون و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی وەکیەکی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە وەدی دێت. دابەشکردنی دەسەڵات بە مانای هەڵوەشاندنەوەی وڵات نییە، بگرە بەپێچەوانەوە، هۆکاری بەهێزترکردنی پەیوەندیی خەڵک و وڵات و دامەزراوەکانیەتی. ئەمەش لە گرەوی دێموکراسیی تەوافوقیدایە، چونکە دێموکراسیی زۆرینە لە کۆمەڵگەی فرەچەشنیدا ناتوانێ دابینبوونی مافی هەموو جۆراوجۆرییەکان، بەتایبەت کەمینەکان دەستەبەر بکات. بۆیە کۆتاییهێنان بە ستەمکاری و چەوسانەوە لە ئێراندا پێویستی بە دێموکراسیی فرەیی و تەوافوقی هەیە؛ دێموکراسییەک کە جیاوازییە نەتەوەیی، زمانی و فەرهەنگییەکان بەفەرمی بناسێ و بیانگۆڕێت بۆ نوێنەرایەتیی سیاسی و بەشداریی دامەزراوەیی.

ئەم پرسە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگترە. لە هەموو مێژووی هاوچەرخدا کورد لە ئێران چەوساوەتەوە و بە ڕوانگەی ئەمنییەتی سەیری پرسی کورد و مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کراوە و بەردەوام لە سۆنگەی تێکۆشان بۆ مافەکانی سەرکوت کراوە. ئێرانی داهاتوو کاتێک دەتوانێ یەکپارچەیی خۆی بپارێزێت کە نەتەوەکانی وەک کورد، بەلووچ، تورک، عەرەب، تورکمەن، گیلەک و هەروەها پێکهاتە زمانی، فەرهەنگی و ئایینییەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بە مافە ڕەوا و بنەڕەتییەکانی خۆیان گەیشتبن.

بەڵام پرسی ئێرانی داهاتوو تەنیا پرسی یاسای بنەڕەتی و دابەشکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکوو پرسی قۆناغی ڕاگوزاریشە. لە ڕۆژی یەکەمی گۆڕینی ڕێژیمەوە، دێموکراسیی تەواو بەدی نایەت. لە نێوان کۆتاییی ڕێژیم و دامەزراندنی سیستەمی نوێدا قۆناغێک هەیە کە دەتوانێت لە هەموو قۆناغەکان مەترسیدارتر بێت. لەو قۆناغەدا دەبێت ئەمنییەت دابین بکرێت، بەردەوامیی دامەزراوە گشتییەکان بپارێزرێت، ئابووری لە قەیران و ڕاوەستان دەربازی بێت و ڕێگری لە تۆڵەسەندنەوە و شەڕی نێوخۆیی بکرێت؛ قۆناغێک کە دەسەڵاتی کاتی دەبێ بەوپەڕی بەرپرسیارەتییەوە ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتیی ڕێککەوتنلەسەرکراو هەموار بکات و لە هەمان کاتدا دادپەروەری لەسەر بنەمای گەڕاندنەوەی متمانەی کۆمەڵگە بە یاسا بەڕێوە ببات. دێموکراسی بەبێ دابینبوون و دەستەبەربوونی کەرامەتی مرۆڤەکان، ئەمنییەت، ڕەخساندنی هەلی کار و وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، ئەو مەبەستە نییە کە نەتەوەکانی ئێران ئێستا خەباتی بۆ دەکەن و خوێنی بۆ دەدەن. بۆیە داهاتووی سیاسیی ئێران کاتێک سەقامگیر دەبێت کە چاکسازیی ئابووری، بەڕێوەبردنی کارای کۆمەڵگە و گەڕاندنەوەی ژیانی ئاساییی خەڵکی تێدا دەستەبەر بووبێت.

لە نێو هەموو ئەم پرس و بابەتانەدا، پرسی ژنان جێگەیەکی بنەڕەتیی هەیە. ئەگەر بزووتنەوەی ژینا یەک پەیامی سەرەکیی هەبێت، ئەوەیە کە ژن چیتر نابێت تەنیا سووژەی سیاسەت بێت، بەڵکوو دەبێ بکرێتە بڕیاردەر لە سیاسەتدا و بەشێک لە خاوەندارێتی لە دەسەڵات. بە دەربڕینێکی سادە نابێت تەنیا بڵێین «پاڵپشتیی ژنان دەکەین»، دەبێت بڵێین «دەسەڵات لەگەڵ ژناندا دابەش دەکەین»؛ ئەم بنەڕەتەش تەنیا پرسی ژنان نییە، بەڵکوو پرسی دەرخستنی ئاستی دێموکراسییە.

بزووتنەوەی ژینا پرسی ژنانی چەند هەنگاوێک پێش خست، ئەویش بە تێچوویەکی زۆر، بەڵام هەتا لوتکە هێشتا زۆری ماوە. ژنان دەبێ لە هەموو جومگەکانی بەڕێوەبەریی وڵاتدا پشکی شایان و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان هەبێت. ئەگەر ژنان لە شەقامەکاندا ئازادییان هەبێت بەڵام لە ژوورەکانی بڕیارداندا نەبن، ئەوە هێشتا بەتەواوی لە سیستەمی پیاوساڵاری تێنەپەڕیوین. ئازادیی ژنان دەبێت لە دەرکەوتن لە شەقامەوە بگوازرێتەوە بۆ بەشداریی بەبێ هەڵاواردن لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا.

> **ئەگەر بزووتنەوەی ژینا یەک پەیامی سەرەکیی هەبێت، ئەوەیە کە ژن چیتر نابێت تەنیا سووژەی سیاسەت بێت، بەڵکوو دەبێ بکرێتە بڕیاردەر لە سیاسەتدا و بەشێک لە خاوەندارێتی لە دەسەڵات. بە دەربڕینێکی سادە، نابێت تەنیا بڵێین «پاڵپشتیی ژنان دەکەین»، دەبێت بڵێین «دەسەڵات لەگەڵ ژناندا دابەش دەکەین». ئەگەر ژنان لە شەقامەکاندا ئازادییان هەبێت بەڵام لە ژوورەکانی بڕیارداندا نەبن، هێشتا بەتەواوی لە سیستەمی پیاوساڵاری تێنەپەڕیوین.**

بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ لە ساڵیادی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا و لە تاڵیادی تیرۆری میکۆنۆسدا باس لە داهاتووی ئێران دەکەین، پێویستە لە یادەوەری تێپەڕین بۆ بەرپرسیارەتی. پێویستە ئەو قەناعەتەمان لەلا دروست بووبێت کە پێشکەوتنی گۆڕانکاری تەنیا بەوە ناپێورێت ڕێژیمێک چۆن دەڕووخێت، بەڵکوو پێوەر ئەوەیە کە دوای ڕووخان چ نیزامێکی سیاسی جێگای ئەوی پێشووی گرتووەتەوە. خۆ ئەگەر ئێمە ساڵانێکە دەڵێین کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران پێویستی بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ هەیە، ئەو گرێبەستە لەپێناو جێگیربوونی دێموکراسییەکی ڕاستەقینەدایە؛ گرێبەستێک کە تێیدا هیچ گرووپێک بەتەنیا خاوەنی ئێران نەبێت: نە شا، نە ئایەتوڵڵا، نە سوپاساڵارێکی سەربازی، نە بنەماڵەیەکی تایبەت، نە حیزبێکی دیاریکراو، نە نەتەوەیەکی سەردەست، نە زمانێک و نە ئایینێکی دیاریکراو. ئێرانی داهاتوو دەبێت هی هەموو هاووڵاتییەکانی بێت و دەسەڵات دەبێت خزمەتگوزاری خەڵک بێت، نەک ئەوەی خۆی بە خاوەنی خەڵک بزانێت و بۆ مەرامە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی بەبارمتەیان بگرێت.

### بەڕێزان!

ئەگەر باسەکەم بە پرسیارێک دەست پێکرد، با کۆتاییی باسەکەشم هەر بە پرسیارێک بێت. پرسیار ئەوەیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبەکان چۆن دەبێ لە داهاتووی ئێران بڕوانن؟

پێش هەموو شتێک پێویستە خوێندنەوەی واقیعبینانەمان بۆ هاوسەنگیی هێز هەبێت. بزووتنەوەی کورد بە پاشخانی نزیک بە یەک سەدە خەباتی مافخوازانە، شەرعییەتی سیاسی و متمانەی بەهێزی کۆمەڵگەی کوردیی لەپشتە. ڕاستە داهاتووی ئێران بەبێ گۆڕانکاری لە ناوەند (تاران) یان بەبێ هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی تردا ناگاتە ئامانج. ڕاستە ڕوانین بۆ ئێران دەبێ لەسەر بنەمای دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵ بێت کە مافی بڕیاردانی نەتەوەیی تێدا دەستەبەر بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نێوماڵی کورد دەبێ زۆر پتەوتر لە ئێستا بێت.

ئەم یەکگری و یەکڕیزییە، کورد لە هێزێکی داواکار یان ئۆپۆزیسیۆنێکی ناوچەییەوە بۆ پێشەنگایەتیی گۆڕانکارییە سەرتاسەرییەکان دەگۆڕێت، وەک چۆن لە بزووتنەوەی ژینادا ئەوەمان سەلماند؛ بۆیە یەکگری و یەکگوتاری، یەکخستنی نێوماڵی کوردی و هاوهەڵوێستی، هەم سەروەریی سیاسیمان مسۆگەر دەکات، هەم دەمانکاتە ئەکتەرێکی سەرەکی لە داڕشتنەوەی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا. هێزی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەهێزبوونی هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکان و لە ڕێکخستنی مەدەنی و خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆیی بە بەهادان بە ڕێکخراوەکانی ژنان، کرێکاران، مامۆستایان، ژینگەپارێزان و ڕێکخراوە مەدەنییە هەمەچەشنەکاندایە. بەڵام ئەم هێزە کاتێک دەتوانێ شوێندانەریی باشی خۆی هەبێت کە پشتی بە دیپلۆماسیی کارا لە ئاستی جیهانیدا بەستبێت و ئەوە بەشێک لەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەیە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو تاک و لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک چۆن بزووتنەوەی کورد هەمیشە پێداگریی لەسەر هاوخەباتیی نەتەوەکان لە ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەرین بۆ دروستکردنی ئاڵترناتیڤێکی جێمتمانە کردووە، ئێستاش ڕادەگەیەنین بەئاکامگەیشتنی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» و بەدیهاتنی بەری خەبات و تێکۆشانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە گرەوی دروستبوونی پردێکی بەهێز لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێران (کورد، بەلووچ، تورکی ئازەربایجان، عەرەب، تورکمەن، گیلەک، فارس) لەسەر بنەمای دانپێدانان بە مافی وەکیەکی هەمووان و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکی نوێدایە.

***

**کەریم پەرویزی:**

# خەباتێک توانای خۆنوێکردنەوەی سیستماتیکی هەبێ،

# هەرگیز بە تێرۆری ڕێبەرەکانی تووشی نسکۆ نابێت

**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**



**ئاماژە:** شەهیدکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە کارەساتی میکۆنۆسدا، زەبرێکی دژوار بوو لە جەستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەڵام نەیتوانی ئیرادەی حیزبی دێموکرات بۆ بەردەوامی لە خەبات ڕابگرێت. لەم وتووێژە تایبەتەدا، کەریم پەرویزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییە هۆشیار و دیپلۆماسییەکانی دوکتور سەعید و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستماتیکبوونی حیزب و ڕەگداکوتاویی قوتابخانەی قاسملوو بووە هۆی تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە قورسە. پەرویزی ئاماژە بە گرنگیی مێژوویی بڕیاری دادگای میکۆنۆس دەکات وەک یەکەم بەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر تێرۆریستبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هاوکارانی. هەروەها جەخت لە زیندووبوونی ستراتیژیی دوکتور شەرەفکەندی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دێموکراتەکانی ئێران و گەیاندنی دەنگی کورد بۆ ناوەندە جیهانییەکان دەکاتەوە، و دووپاتی دەکاتەوە کە توانای خۆنوێکردنەوەی سیستم و ئامادەیی نەوەی نوێ، گەرەنتیی بەردەوامیی ئەم ڕێبازەن.

**دوکتور سادق شەرەفکەندی لە قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری و پاش دوکتور قاسملووەوە سەرکردایەتیی حیزبی گرتە دەست؛ بە ڕای بەڕێزتان، تایبەتمەندییە هۆشیار و دیپلۆماسییەکانی ئەو لە گواستنەوەی خەباتی کورد بۆ ناوەندە ئورووپاییەکان چی بوون کە دەسەڵاتی ئێرانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت لەناو ببرێت؟**

دوکتور قاسملووی نەمر ڕێبەری کاریزماتیک و داڕێژەرەوەی بناغەی سیستمی حیزبی دێموکرات بوو کە وەهای دارشتەوە کە بە وتەی خۆی چیدی خەباتی کورد گرێدراوی تاکێک نەبێت و سیستمی حیزبی دێموکرات بتوانێ توانای خۆگۆڕین و خۆڕێکخستنی لەگەڵ دۆخ و پێشهات و کەشی نوێدا هەبێت. یەکێک لەو دڵڕاوکێیانەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات وەها سیستمێکی خەبات و ڕێکخستنی هەبێت کە بە شێوەی خۆبەخۆیی، بتوانێ لە دۆخە دژوارەکاندا ڕێبەرییەکەی نوێ بکاتەوە و نە چەقبەستوو بێت و نە بە نەمانی کەسێک یان تەنانەت گرووپێک لەو ڕێبەرییەدا خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک تووشی نسکۆ نەبێت.

لەسەر ئەم بنەما بیرکردنەوەییە بوو کە کاتێک کارەساتێک وەک تێرۆری ڤییەن و شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بە دەستی تێرۆریستانی نێردراوی کۆماری ئیسلامی ڕوو دەدات، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەو دۆخە دژوارەی دوای ئاگربەستی شەڕی ئێران و عێراقدا کە گۆڕەپانی هەڵسووڕان بەتەواوی بەرتەسک کرابووەوە، شان دەداتە بەر کارەسات و لێی دەرباز دەبێت و خۆی ساز و ساخ دەکاتەوە و دوکتور سەعید وەکوو هاوڕێی ڕاستەقینە و جێگرەوەی شیاو و بەهەڵوێستی دوکتور قاسملوو دەکاتە سکرتێری حیزبەکە.

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەژنۆشکاندن و ملپێکەچکردنی خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات، پیلانی لە نێوبردنی ڕێبەری بزووتنەوەکە واتە دوکتور قاسملووی بەڕێوە برد و پێی وابوو بە نەمانی دوکتور قاسملوو لە مێشکی بزووتنەوەی داوە و تووشی لەکارکەوتنی مێشکیی دەکات. بەڵام لە مەیداندا، بوونی دوکتور سەعیدی تێژبیر و بەهەڵوێست، ئەو خەونە چەپەڵەی ڕێژیمی داگیرکەری بەتاڵ کردەوە و دوکتور سەعید بە توانا و لێوەشاوەیی و بیری تیژی ڕێبەرایەتیکردنی خەبات، نیشانی دا کە قوتابخانەی قاسملوو ڕەگی داکوتاوە و مامۆستای نوێی تێدا هەیە کە دەتوانێ پێ بخاتە جێ پێی ڕێبەری نەمری.

دوکتور سەعید خاوەن تیۆریی دارشتنەوەی خەبات و ڕێکخستنەوەی جەماوەر و وەسەریەکخستنەوەی هێزە جۆربەجۆرە هاوشانەکانی نێو ئێران و هەروەها گرێدانی بە هەستی گشتیی نێونەتەوەیی بوو، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ببێتە تیشکی ڕووناکیی نەتەوەکەی و ئازاردەری چاوی بیرتەسک و بەتاریکی ڕاهاتووانی ویلایەتی فەقیهی. ئەمە ئەو هۆکارە سەرەکییە بوو کە شەمشەمەکوێرەکانی ڕاهاتوو بە ئەشکەوتی دواکەوتوویی لێی بێزار بوون و بۆیە پیلانی دووبارە گورزوەشاندنەوە لە مێشکی ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستانیان دارشتەوە.

**لە ڕوانگەی بەڵگەنامە و زانیارییە نێوخۆییەکانی حیزبەوە، چ زانیارییەکی ورد یان پەیوەندییەکی نهێنی لەسەر چۆنیەتیی دارشتنی پیلانی تێرۆری میکۆنۆس هەیە کە تا ئێستا لە دادگاکان یان ڕای گشتیدا بە تەواوی باس نەکراوە و پێویستە بۆ مێژوو تۆمار بکرێت؟**

بەخۆشییەوە دادگایەکی دادپەروەرانەی وڵاتێکی دێموکراتیک ڕۆڵی مێژوویی خۆی گێڕا و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی بۆ بێدەنگکردن و بەلاڕێدا بردنی ئەو دادگایە، بەڵام قازیی دادپەروەر و بوێری دادگای میکۆنۆس لەسەر ڕێچکەی دادئەستێنیی خۆی سوور بوو و تەسلیمی پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوو.

وێڕای ئەوەی کە دادگا بڕیاری دا و ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی لە ئاستی هەرە بەرزدا مەحکووم بە بڕیاردەریی تێرۆریستی کرد و بوو بە بەڵگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ سەلماندنی تێرۆریستبوونی ڕێژیمی تاوانباری خومەینی و خامنەیی، بەڵام یەک دوو خاڵی مێژوویی هەیە کە پێویستە وەبیریان بێنینەوە و ئاماژەیان پێ بدەین:

**یەکەم،** بڕیاری دادگای میکۆنۆس یەکەم بەڵگەی نێودەوڵەتیی سەلماندنی تێرۆریستبوونی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژییە تێرۆریستییەکەیەتی.

**دووەم،** ڕێکخراوی تێرۆریستیی حیزبوڵڵای لوبنان، کە هی وڵاتێکی دیکە بوو و هیچ گرێدراوییەکی بە پرسی کوردەوە نەبوو، بەڵام چونکە گرووپێکی دژەمرۆیی تێرۆریستییە، بە فەرمانی ڕێبەرانی ڕێژیمی تاران، تیمی تێرۆریستیی نارد تاکوو لە کردەوەی تێرۆرکردنی دوکتور سەعیدی شەهیددا هاوکار و هاوتاوانی کۆماری ئیسلامی بن کە بەخۆشییەوە ڕێبەری حیزبوڵڵا لە بەیرووت بە بۆمبی چەندین تۆنی بە سزای تێرۆریستبوونی گەیشت!

**سێیەم،** هەندێ ڕێکخراو و هەندێ دەسەڵات ڕۆڵی باشیان لە گەیاندنی زانیاری بە دادگای میکۆنۆس و یارمەتیدانی ئەو دادگایە و هەروەها ئیفشاکردنی پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بێدەنگکردنی دادگا هەبوو.

کۆماری ئیسلامی گوشاری بۆ هەندێ لە کەسانی نێودەوڵەتیی ئەڵمانیا هێنابوو کە ئەو پەڕاوەیە لە ڕەوتی خۆی دوور بخرێتەوە و دادگا دابخرێت، بەڵام ئەو زانیارییانەی ئەو ڕێکخراو و دەوڵەتانە، پێشی بەو هەوڵە نگریسانەی ڕێژیمی ئێران گرت.

**دوکتور سادق شەرەفکەندی باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی بۆ ئێران و هاوکات مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد هەبوو، و هەمیشە جەختی لەسەر هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان دەکردەوە. لە ئێستادا، کە هەندێک جار ڕەخنە لەم جۆرە هاوکارییانە دەگیرێت، کۆمیتەی ناوەندی چۆن ئەم ستراتیژە سیاسییەی دوکتور سادق وەک میراتێکی فیکری بۆ داهاتوو هەڵسەنگاندن بۆ دەکات؛ ئایا ئەم ڕێبازە هێشتا وەک خۆی زیندووە یان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە؟**

ئەو ستراتیژییەی کە دوکتور سەعید شەرەفکەندی پێڕەویی لێ دەکرد، هەمان سیاسەتی داڕێژراو و پێڕەوکراوی حیزبی دێموکراتە کە چەندین دەیە هەبوو و هەیە و خەتێکی بنەمایی سیاسەت لەم حیزبەدایە. حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای خەبات بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد، لەسەر خاکی خۆی و بە دەستی خۆی داڕێژراوە و هەر بۆیە لە چاوی نیشتمانەوە دەڕوانێتە ڕابردوو، ئەمڕۆ و داهاتوو. هەر لەو چاو و ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە سیاسەت و واقیع و دەوروبەریش.

لەو ئاراستەیەدایە کە بۆ گەیشتن بە مافی ئەم نەتەوە بێبەشکراوە لە سەرەتاییترین مافەکانی، هەم تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ڕێک دەخات و هەم لە نێو گۆڕەپانی ئێراندا بەدوای کەسان و ڕێکخراوی وادا دەگەڕێت کە گوێیان بۆ بیستنی دەنگی ئازادی هەبێت و خەمی مرۆڤیان لە دڵدا هەڵگرتبێت. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بەدوای ئەو قوژبنانەدا دەگەڕێت کە تێیاندا دەکرێ باس لە ئاشتی لەسەر بنەمای یەکسانیی مرۆڤەکان و هاوتاییی نەتەوەکان و دادپەروەری لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا بکرێت.

حیزبی دێموکرات، حیزبێکی پەرلەمانی نییە تا تەنیا لە یاسا باوەکاندا بەدوای مافی نەتەوەکەیدا بگەڕێت، بەڵکوو حیزبێکی شۆڕشگێڕە، بەو مانایە کە دۆخی هەنووکەیی بە نادادپەروەرانە و ستەمکارانە دەبینێت و دەیەوێت لە بنەڕەتەوە بیگۆڕێت.

هەر لە هەمان کاتیشدا واقیعی ژیانی سیاسی لە ناوچەکە دەبینێت و بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی نەتەوەکەی بەدوای هاوپەیماندا لە نێو چوارچێوەی گوتارێکدا دەگەڕێت کە دەتوانێت دادپەروەری و ئازادی هەم بۆ کورد و هەم بۆ نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا وەدی بێنێت.

لێرەوەیە کە دوکتور شەرەفکەندی دەبینین کە هەم لە نێو کورددا بەدوای پێکەوەبوونی سیاسیدا دەگەڕێت و هەم لە نێو ئێراندا حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیی دێموکرات دەبینێتەوە و لەگەڵیان دادەنیشێت تاکوو خەباتی هەمەلایەنە و هاوشان بەڕێوە ببرێت و ڕێک بخرێت.

هەر لە کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا دەیەوێت گوتاری جیهانی ئاوڕ لە گوتاری کورد بداتەوە و هەر لەوێوە دەڕواتە نێو کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانییەکان تاکوو هانیان بدات هاوکاریی کردەییمان بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی و گوتاری فیکری لە ئێرانی بندەستی دیکتاتۆری و فاشیستیدا هەبێت.

**دادگای میکۆنۆس و بڕیارە مێژووییەکەی لە دژی دەسەڵاتدارانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران خاڵێکی وەرچەرخان بوو؛ حیزبی دێموکرات لەو سەرکەوتنە دادوەرییەدا چۆن توانی دەستکەوتی سیاسی بۆ دۆزی کورد مسۆگەر بکات و ئەم ئەزموونە چۆن بۆ داهاتوو دەپارێزرێت؟**

ئەم بڕیارەی دادگا سەلماندی کە:

**یەکەم،** ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی تێرۆریستییە و تێرۆریزم لەم ڕێژیمەدا تەوجیە و پاساوهێنانەوەی ئایدۆلۆژیکی بۆ دەکرێت.

**دووەم،** ڕێژیمی حاکم لە تاران بە زۆرەملێ و کوشتار و تێرۆر حوکمڕانی دەکات و خواستی خەڵک نییە.

**سێیەم،** ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی ڕێژیمێکە کە هەوڵی لە نێوبردن و سڕینەوەی کەمینە نەتەوەیی و جیاوازەکان دەدات.

چوارەم، کورد لە ئێراندا نەتەوەیەکە کە بەدوای مافی خۆی کەوتووە و قوربانیی دەستی تێرۆریزمی حکوومەتییە.

پێنجەم، داواکان و تێگەیشتنەکانی کورد و کوردستانیان لەگەڵ گوتاری جیهانی و گشتیدا یەک دەگرنەوە و بیری تەسکی حکوومەتی تاران ڕێک پێچەوانەی خێری گشتی و ئاسایشی جیهانییە. هەر بۆیە دەبینین کە لە ئێستادا ڕێژیمی تاران بەر بۆمب و مووشەکی ئەمریکا دەکەوێت و کورد وەکوو هاوپەیمانێکی ئیحتمالیی جیهانی ئازاد چاوی لێ دەکرێت!

**دوای شەهیدبوونی دوکتور سادق، حیزب ڕووبەڕووی شەپۆلێکی قورسی گوشار بووەوە؛ کۆمیتەی ناوەندی چۆن توانی ڕێگری لە پووکانەوەی ڕێکخراوەیی بکات و پەیامی «خەبات بەردەوامە» بگەیەنێتە دەستی نەوەی نوێ؟**

ئەم حیزبە ڕێکخراوێکی موجەڕەد و سازماندەری نێوان تاکەکان بۆ بەرژەوەندییەکی کاتی نییە، تاکوو لە دۆخی دژواردا زۆر ئاسان بکەوێتە ژێر گوشار و وشەی پووکانەوەی بۆ بەکار بهێنرێت.

حیزبێکە کە لە بیری نێو قووڵاییی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە و لەسەر بنەمای ڕێکخستنی هێزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە پێناو ئاواتەکانیان و گەیشتن بە دیدگا و خواستە دادپەروەرانە و ئازادیخوازەکانیان دامەزراوە.

حیزبێکە کە بە سیستمێکی دێموکراتیک و خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانە داڕێژراوە و ئەم سیستمە دەبێ و دەتوانێ قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ پێداویستییەکانی هەر پلەیەکدا خۆی بگونجێنێتەوە.

پەیامی «خەبات بەردەوامە»، لە نێو قووڵاییی ویستی گەنج و لاو و ژن و پیاوی کۆمەڵگەوە سەرهەڵدەدات و هەر بە پیرەوەچوونی ئەو ڕوانینە و جێخستنەوە و جێگرتنەوەی هێزەکانی خەبات و تێگەیشتنی سیاسی و شۆڕشگێڕانەدا، ئەم سیستمە ئەو کات توانی قورس و قایم لە بیاڤی تێکۆشاندا بمێنێتەوە و لە داهاتووشدا بە لەبەرچاوگرتنی هەمان ڕێڕەوەکانی قوتابخانەی هزری دەتوانێت ڕێبەری خەبات بێت.

خەبات گەر بەسیستم کرا و سیستمێکی ئەمرۆییی بۆ دامەزرا و ئەم سیستمە توانای خۆنوێکردنەوەی هەبوو، بەردەوام دەبێت. خەباتێک کۆسپی دێتە سەر ڕێ و نیگەرانیی بەردەوام نەبوونی لێ دەکرێت کە یان گوتارەکەی بە لاپەڕەکانی مێژوو ئەسپێردرابێت یان توانای خۆنوێکردنەوەی سیستماتیکی نەبێت.

**ئەگەر ئەمڕۆ دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ نەوەی نوێی ڕۆژهەڵات قسە بکات، کام پەیام یان ڕستەی لە وتارەکانیدا وەکوو میتۆدێکی ڕزگاریبەخش بۆ داهاتووی ئەم خەباتە پێشکەش دەکەن؟**

**«میللەتێک چاومان لێ دەکات.»**

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی تاڵیادی ١٧ی خەرمانان، شەهیدبوونی ١٦ کادر، پێشمەرگە، ئەندامی ڕێبەری و دوو سکرتێری ڕێکخراوەکەمان




**ژنان و چالاکانی بواری ژنان لە کوردستان!**
**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**

هەشت ساڵ بەر لە ئێستا، لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ٢٧١٨ی کوردی، ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا بە مووشەک و درۆن، بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کردە ئامانج. لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژییە تاوانکارانەیە و بەزاندنی سنووری ئاسمانیی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە ١٦ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکان شەهید بوون و زیاتر لە ٤٠ کەسی دیکەش بریندار بوون، کە بەشێکی دیاریان ژنان و منداڵانی نێو جەرگەی شۆڕش بوون. لە ڕیزی شەهیدانی ئەو کردەوە تاوانکارانەیەدا، دوو ژنی سەرکردە و خەباتکار بە ناوەکانی «شەهید نەسرین حەداد» و «شەهید سۆهەیلا قادری» بەرچاو دەکەون، کە لە دوو بڕگەی زەمەنیی جیاوازدا، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. ئەو دوو ئەستێرە درەوشاوەیەی کۆڕی خەباتی کوردایەتی و بزووتنەوەی ژنان، لە کاتی شەهیدبوونیاندا ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوون؛ شەهید نەسرین حەداد سکرتێری پێشوو و شەهید سۆهەیلا قادری سکرتێری ئەو کاتی ڕێکخراوەکەمان بوون.

هاونیشتمانیانی خۆڕاگر!

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر تووشی داڕمانی ئابووری، قەیرانی قووڵی ڕەوایی و لێکترازانی پێکهاتەیی بووەتەوە. ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەی کە ڕۆژگارێک بە سەرکوت، مووشەکباران و تۆقاندن هەوڵی بێدەنگکردنی دەنگە ئازادیخوازەکانی دەدا، ئێستا لە بەرامبەر قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا، لە قۆناغی کۆتایی ڕووخان و هەڵوەشانەوەدایە. لای کەس شاراوە نییە کە بناغەی سیاسەتەکانی ئەم دەسەڵاتە لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەسەر بنەمای ستەم، زۆرداری و پشتگوێخستنی مافە ڕەواکانی گەلانی ئێران دامەزراوە، بەڵام لاوازیی ڕۆژبەڕۆژی ئەم سیستەمە نیشان دەدات کە هیچ هێزێک ناتوانێت پێش بە چارەنووسی ڕووخانی بگرێت. بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران، پاش هەر تاوان و کارەساتێک، وەک چۆن لە مانگرتنی سەرتاسەریی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧دا سەلماندیان، زیاتر لە پێشوو پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی ئازادی و لەناوبردنی ئەم سیستەمە ستەمکارە دەکەن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای دووپاتکردنەوەی هەڵوێستە نەگۆڕەکانی، جارێکی دیکە یادی ئەو دوو سکرتێرە شەهیدەی ڕێکخراوەکەمان، سەرجەم شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و گشت ئەو تێکۆشەرانەی کە لە پێناو ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورددا گیانیان بەخت کردووە، بەرز ڕادەگرێت. ئێمە بەڵێن دەدەین تا سەرکەوتنی یەکجارەکی و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە جاران بۆ وەدیهێنانی ئاواتە بەرزەکانیان تێبکۆشین.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی**

## گەڕان بە ئەشقی وشەوە

# ئاوڕدانەوەیەک لە شێعری سەحەر موعیزی

سارۆ خوسرەوی

لە دنیای شێعری هاوچەرخی کوردیدا، دەنگی ژن وەک باڵێکی نوێیە بەسەر ئاسمانی ئەدەبەوە، باڵێک کە هەم هەست و هەم بوون دەگۆڕێت. ئەگەر شێعری پیاوانە بۆ ماوەیەکی درێژ بە زمانێکی باڵادەست و دیدێکی تاکڕەهەند ناسرابوو، ئەوا هاتنی ژنی شاعیر ئەم یەکدەنگییە دەشکێنێت و ڕەهەندێکی قووڵتر، مرۆییتر و ڕاستگۆتر بە شێعر دەبەخشێت.

پێشتر لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا، کەمتر هەست بە بۆن و بەرامەی گوڵی شێعری ژنەشاعیران دەکرا، بەتایبەت ئەو ژنانەی دەیانویست ژنانە شێعر بنووسن.

لەم نێوەندەدا، سەحەر موعیزی وەک نموونەیەکی هەرە جوانی ئەم دەنگە ئازادە خۆی دەنوێنێت. ئەو بە هەستێکی تەواو ژنانە، ناسک و لە هەمان کاتدا بوێرانە دەنووسێت؛ خۆی لەو چوارچێوە تەسکە دادەبڕێت کە تێیدا شێعر تەنیا بە چاوی پیاوەوە دەبینرێت. شێعر لای ئەو تەنیا وەسفی جوانی نییە، بەڵکوو خۆدۆزینەوە و خۆسەلماندنە. ئەو خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ئازادە و هەرگیز ناهێڵێت دیوارە بەرزەکانی نەریتی کۆمەڵگە و فەرهەنگی باوکسالاری، ئاسۆی بێسنوور و جیهانە فراوانەکەی شێعری لێ تەسک بکاتەوە، بەڵکوو لە نێو هەمان جیهانە تەسکەدا، بۆ ڕۆحی ژن بەرینترین ئاسۆ دەڕەخسێنێت.

سەحەر موعیزی، بە شکۆی ژنانە شێعر دەنووسێت و ناسنامەی ژنبوونی خۆی لە جوانترین وێنەی شێعریدا دەخولقێنێت. ئارەزوو و ئەوینی ژن لە ڕەنگی سوخمە و گۆبەرۆکدا هەڵدەکێشێت و بەبێ ئەوەی سڵ لە سۆزی دڵداری بکاتەوە، دیمەنێک لە شەکاوەیی ئاڵای ژنبوونمان بۆ دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

«ئاخ
چ مەستە گۆبەرۆک
لە پاکیزەیی سوخمەما
بە نارەزایەتیی ئەوین
لەوەتەی پەنجە دزێکە
بۆ گەستنی سێوی حەوا و
لێو، تاوانێکی ئاڵە
بۆ هەڵمژتنی ئارەزوو،
کەنیشک لێرە ئاڵایەکی شەکاوەیە
بە سێدارەی ئایینەوە.»

بەدەم سەرنجدانم لە شێعری ئەم خاتوونەشاعیرە، چاوی خەیاڵم لەسەر خۆشەویستیی نیشتمان دەخشێت. لە هەناوی ئەم خۆشەویستییەدا، ژنێک لە ڕەگەزی با، دڵداری لەگەڵ باران و خۆرەتاودا دەکات و دەڵێت:

«من لە ڕەگەزی بام
باران،
خاک، خۆرەتاو،
ئەشق و نیشتمان.
هاوڕەگەزخواز نیم و
دڵداریش لەگەڵیا ئەکەم»

گەشبینی خاڵێکی بەرچاوی دنیای شێعریی ئەم شاعیرەیە، بە جۆرێک کە لە ڕەگی وشەی فرمێسکدا، پێکەنین بەدی دەکەیت، وەک ئەوەی دەڵێت:

«گوڵی فرمێسکت بچێنە
لە ڕەنگی پێکەنینێکم
کێ دەزانێت دوا بەشی گەڵا پاییز بێت؟»

شاعیر بۆ ڕەوینەوەی تەمی گومان لە ئیرادەی ژن، بە سیمای ژنانە پەنجە لەسەر بەرچاوترین نیشانەکانی جەستەی خۆی دادەنێت و دەیانکاتە دەستەچیلەی ئاخێزی ژن و دەڵێت:

«چەند سیاسەتڕێژە جەستەم!
ملوانکەکەم فیشەکێکە و
دوو چەکم کردە گوارە و
جلەکانیشم سەنگەرم!»

شاعیر، لە هەر شوێنێک ئاگری نیشتمان گڕ لە دارستانی ئاوەدانی بەربدات، وشە دەکاتە لێزمەی باران و گەڕەکی هەنار پڕ دەکات لە بووژانەوە و دەڵێت:

«ئەمن مێژووی بووژانەوەم
باوەشم دڵ دەکاتەوە
بۆ کەنیشکی باران و
ئارەقەی ڕوان و
دڵداریی شاخ لەگەڵ گەڕەکی هەناردا»

شاعیر، لەگەڵ هاژەی ڕووبار ئاوێزانی دڵی چیا دەبێت و مێژووی بووژانەوەی درەختمان بۆ تۆمار دەکات، بۆ ئەوەی ژیان و ئاوەدانی وەک چیاکانی زاگرۆس لە بەرزیدا خۆ بنوێنن. ئەو بەم جۆرە خۆشەویستی تێکەڵ بە زام و ڕەنجی مێژوو دەکات و دەڵێت:

«ڕێنووسی ڕووبار هاژەیە و
دەفتەری نیشتمان کانی!
ئێمە دار دەنووسینەوە
لە نێو دێڕی سەربەستیدا و
لە تۆی زامی سەدان ساڵە
ئاوەدانی»

شاعیر باشتر لە هەر کەس ئازار و مەینەتی ڕەگەزی خۆی هەست پێ دەکات و دەزانێت دەنگی ژنان چۆن لە نێو ژاوەژاوی ژیاندا ون دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو ژنانە خاوەنی بەهرەی هونەری بن، بۆیە لە مەرگی گۆرانیبێژی بەناوبانگ «فەتانە وەلیدی» دێتە دوان و دەڵێت:

«بێدەنگ نێژرا
چریکەی ژنێک
لە وڵاتێکا
دەنگی مەنارەکان
لە دەنگی ئەو بەرزتر بوو!»

سەحەر موعیزی، لەو جۆرە شاعیرانەیە کە بە ئەوینی وشەوە پەنجەرەیەک بە ڕووی گەشبینی و خەونی ژناندا واڵا دەکات و ژنانە دەنووسێت. کردنەوەی دەلاقەیەکی شێعری بە ڕووی خەون و خەیاڵی ژناندا بە ڕوانگەیەکی ژنانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەنگە هێشتا ئاسان نەبێت، بەڵام من ئەو بوێرییە لە شێعری ئەم ژنەشاعیرەدا دەبینم.

لە ڕاستیدا، هەر چەندە قەڵەمی وەک ئەم خاتوونە لە نێوماندا زۆر بن، ئەوەندەش هونەری ژن دەبێتە چرایەک بۆ ڕووناککردنەوەی جوانییەکانی ژیان لە دیدی ژنەوە. هەروەها دەنگی بوێری و هونەری باڵای ژنان دەبێتە دەلاقەیەکی ڕوون بۆ بینینی جوانییە شاراوەکانی ژیان؛ جوانییەک کە تەنیا لە جەوهەری پاکی بوونی ژندا دەدۆزرێتەوە.

لەدایکبوونی هەر قەڵەمێکی وەک سەحەر موعیزی، لەدایکبوونی دەلاقەیەکە بەرەو جیهانێکی جوانتر، کە تێیدا ژیان بە چاوی پڕ لە هەستی ژنەوە دەبینرێت.

# لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە

## بۆ دروستکردنی هێزی سیاسی





گوڵان هیجری

**لە کۆمەڵناسیی شۆڕشەکاندا، وشیاریی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک نابێتە دەستکەوتی سیاسیی بەردەوام. بزووتنەوەی جەماوەری دەتوانێت پایەکانی دەسەڵات بلەرزێنێت، بەڵام بۆ گۆڕینی هاوکێشەی حوکمڕانی، پێویستی بە چوارینەی: ڕێکخستنی پتەو، بەرنامەی سیاسی، ستراتیژیی کارا و هاوپەیمانیی بەرفراوان هەیە.**

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» یەکێکە لە بەرچاوترین و قووڵترین وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران. ئەوەی لە خەرمانانی ٢٠٢٢دا و دوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینی سەری هەڵدا، لە ماوەیەکی کورتدا لە نارەزایەتییەکی سەرەتایی بەرانبەر بە حیجابی زۆرەملێ، پەڕییەوە بۆ شۆڕشێکی چەمکساز و بزووتنەوەیەکی گشتگیر دژ بە تەواوی پایە ئایدیۆلۆژی و بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامی.

لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا، مستەفا خەلیلی لە گۆڤاری پرۆتێستدا، ئەم بزووتنەوەیەی بە بێوێنەترین و فراوانترین شەپۆلی نارەزایەتی لە ئێراندا لە دوای ساڵی ١٩٧٩ەوە پێناسە کردووە. خەلیلی جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازیی سەرەکیی ئەم سەرهەڵدانە لەگەڵ «بزووتنەوەی سەوز»ی ٢٠٠٩دا، تەنیا لە فراوانیی پانتایی شەقامەکاندا نەبوو، بەڵکوو لە گۆڕانی چۆنایەتی و بنەڕەتیی گوتار و داواکارییەکاندا بەرجەستە بوو؛ واتە تێپەڕین لە وەهمی چاکسازیخوازیی نێوخۆیی بەرەو داخوازیی ڕادیکاڵانەی هەڵوەشاندنەوە و ڕووخاندنی تەواوەتیی ڕێژیم.

بێگومان گرنگیی مێژوویی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» هەر بە ژمارەی بەشداربووان و قەبارەی شەقام پێوانە ناکرێت؛ بەڵکوو یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتە ئێپیستیمۆلۆژی و چەمکییەکانی ئەوە بوو کە ژن لە ئۆبژەی دەستی سیاسەتەوە گۆڕدرا بۆ سووژە و کاراکتەری سەرەکیی گۆڕانکاریی سیاسی. ژن چیتر ئەو جەستە و بوونە پاسیڤە نەبوو کە دەسەڵات و یاسا پیاوسالارەکان بڕیار لەسەر چارەنووس و شێوازی ژیانی بدەن، بەڵکوو خۆی بوو بە خاوەن ئیرادە، پێشەنگی گۆڕەپان و مانیفێستی ڕزگاریخوازی.

ئەم وەرچەرخانە فیکرییە پێویستی بە تێگەیشتنێکی تیۆریی قووڵ هەیە؛ چونکە کاتێک ژن دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر جەستە، جلوبەرگ و شێوازی ژیانی لە ڕێژیم دەستێنێتەوە، ململانێکە لە بازنەی مافێکی فردی و تاکەکەسی دەرباز دەبێت و ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی داتەکاندنی سنوورە پیرۆزکراوەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتار؛ لێرەدایە کە جەستە و ژیانی ژن دەبێتە چەقی ململانێی سیاسی. بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو گڕکانە جەماوەرییەدا، پرسێکی ئێپیستیمیک و چارەنووسساز سەرهەڵدەدات: ئایا ئەو سەرمایە و هێزە کۆمەڵایەتییە گەورەیەی لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا خولقا، تا چ ڕادەیەک توانیویەتی شێوەیەکی دامەزراوەیی وەربگرێت و ببێتە هێزێکی سیاسیی بەردەوام و بڕیاردەر؟

ئەم پرسە ئێجگار گرنگە؛ چونکە لە کۆمەڵناسیی شۆڕشەکاندا، «شەپۆلی وشیاریی کۆمەڵایەتی» بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک نابێتە «دەستکەوتی سیاسیی بەردەوام». بزووتنەوەکە توانیویەتی تابۆکان بشکێنێت و سنوورەکانی گوتار لەسەر ژن، ئازادی، چەوسانەوە و دەسەڵات بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەرفراوان بکات و نەوەیەکی نوێ بهێنێتە نێو کایەی ململانێ؛ بەڵام وشیاریی کۆمەڵایەتی بەبێ میکانیزمی سیاسیی ڕێکخراو، بە تەنیا ناتوانێت سیستەمی حوکمڕانی بگۆڕێت یان لەپەلی بخات.

بزووتنەوەی جەماوەری دەتوانێت پایەکانی دەسەڵات بلەرزێنێت، بەڵام بۆ گۆڕینی هاوکێشەی حوکمڕانی، پێویستیی بە چوارینەی: ڕێکخستنی پتەو، بەرنامەی سیاسی، ستراتیژیی کارا و توانای دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسیی بەرفراوان هەیە.

ڕێک لەم خاڵەدایە کە گرێکوێرەیەکی ستراتیژیی بزووتنەوەکە دەردەکەوێت: بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە سەرەتادا بە شێوەیەکی خۆڕسک، تۆڕیی و فرەناوەند (شێوە ڕیزۆمیک) پەرەی سەند. ئەم تایبەتمەندییە لە ساتەوەختی سەرهەڵداندا خاڵێکی بەهێز بوو، چونکە نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی دیاریکراو و ناوەندی، دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیمی بۆ ماوەیەک تووشی سەرلێشێوان کرد و دەرفەتی سەرکوتی خێرای لێ سەندنەوە؛ بەڵام هەمان خەسڵەت لە قۆناغی دواتردا بووە گەورەترین ئاستەنگی سیاسی: ئەویش پەرشوبڵاوبوونەوە و بێوەڵاممانەوەی ئەم پرسیارە بوو کە چۆن دەکرێت ئەو وزە شۆڕشگێڕییە ئاراستە بکرێت و کەناڵیزە بێت بۆ خزمەت پڕۆژەیەکی یەکگرتوو و ڕێکخراوی سیاسی؟

ئەم دۆخە نابێت بە لێکدانەوەیەکی ڕووکەش بە «شکست» لە قەڵەم بدرێت؛ چونکە لە فەلسەفەی سیاسیدا، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و پڕۆژەی سیاسی دوو پرۆسەی جیاوازن بەڵام تەواوکەری یەکترن. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تەلیسمی ترس دەشکێنێت، چەمکەکان دادەڕێژێتەوە و بیاڤی گشتی وەئاگا دەهێنێتەوە؛ کەچی پڕۆژەی سیاسی پێویستی بە دامەزراوەسازی، چڕکردنەوەی تواناکان و گۆڕینی هێزی شەقامە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسیی کارا.

لە بەرامبەریشدا، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە چەکی سەرکوتی خوێناوی پێش بەم تەوژمە نەگرتووە؛ بەڵکوو پشتی بە سیستەمێکی ئاڵۆزی پێکهاتەیی بەستووە کە تۆڕێکی لە دەزگای یاسایی، ئەمنی، سەرکوتکاری دەروونی و سەرمایەداریی ڕانتخۆر لەبەردەستدایە و بە شێوەیەکی فرەڕەهەند مانۆڕی پێوە دەکات تا کۆنتڕۆڵی کات بکات و نارەزایەتییەکان بتوێنێتەوە. بۆیە هەر هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا، دەبێت تەبایی و هاوسەنگی لە نێوان گوڕوتینی هێزی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕێکخستنی سیاسی و دامەزراوەییدا دروست بکات.

هاوکات، کەمبوونەوەی ڕێژەیی دەرکەوتنی جەماوەر لە شەقامدا نابێت وەک کۆتاییهاتنی ئەم ڕەوتە مێژووییە سەیر بکرێت. شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بە یەک فۆرم و بە شێوەیەکی هێڵی بەردەوام نابن؛ زۆرجار کاتێک شەقام کەمێک بێدەنگ دەبێت، بزووتنەوە لە شادەماری ژیانی ڕۆژانەدا ڕەگ دادەکوتێت؛ لە زانکۆکان، ژینگە ئەدەبی و هونەرییەکان، نارەزایەتییە کرێکارییەکان و بەتایبەت لە بەرگریی ژنان دژ بە ستەمی باڵادەست. کەواتە دەبێت جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان «دامرکانی شەپۆلێکی سەر شەقام» و «کۆتاییهاتنی بنەماکانی بزووتنەوە»دا بکەین.

بۆ ژنانی کورد، ئەم ململانێیە خاوەنی فرەڕەهەندییەکی مێژوویی و جیۆپۆلیتیکی قووڵترە. چەمک و مانیفێستی «ژن، ژیان، ئازادی» لە هەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانەوە سەری هەڵدا و ژینا ئەمینی بوو بە هێما و سیمبولی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری. بەڵام ژنی کورد هاوکات لەگەڵ ستەمی ڕەگەزیدا، لەژێر قورسایی توندی سەرکوتی سیستماتیکی نەتەوەیی، سیاسی و میلیتاریزەکردنی بەردەوامی نیشتمانەکەیدا دەژی. کەواتە پرسی ژنی کورد هەرگیز لە چوارچێوەی داخوازیی «مافی ژنان»دا قەتیس نابێت، بەڵکوو بە هاوکێشەی ڕزگاریی نەتەوەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چارەسەری ستەمی نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە بەستراوەتەوە.

ئەگەر بزووتنەوەکە تەنیا لە ڕووبەری دروشم و هێما سۆزدارییەکاندا چەق ببەستێت، کاریگەرییە سیاسییەکەی پاشەکشە دەکات؛ بەڵام ئەگەر ئەو زەین و هۆشیارییە مێژووییەی خوڵقاندی، بگۆڕدرێت بۆ دیسکۆرس و گوتارێکی سیاسیی هاوچەرخ و فرەدەنگ، ئەوکات دەتوانێت وەڵامی مانیفێستی داهاتوو بداتەوە: دەسەڵاتی داهاتوو چۆن و لەسەر چ مۆدێلێک دادەمەزرێت؟ هاوسەنگیی مافی تاک و مافی بەکۆمەڵی پێکهاتەکان چۆن زامن دەکرێت؟ پێگەی نەتەوەکان لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا چۆن ڕێک دەخرێتەوە؟ و لە هەمووی گرنگتر، ژن لە پێکهاتەی بەڕێوەبردن و ناوەندی بڕیارداندا چۆن دەبێتە بکەرێکی خاوەن دەسەڵات؟

لێرەدایە کە خەباتی ژنان پێ دەنێتە فازێکی باڵاتر؛ پرسیارەکە چیتر تەنیا ئەوە نییە کە «چۆن دەسەڵات تووشی تەنگژە بکەین؟»، بەڵکوو ئەوەیە کە «چۆن ئەم وزە جەماوەری و کۆمەڵایەتییە بگۆڕین بۆ سەروەریی سیاسی و توانای بڕیاردانی کارا؟».

گۆڕانکاری لە ساتەوەختی شکاندنی دیوارەکانی ترسەوە دەست پێدەکات، بەڵام گەیشتن بە مەنزڵی سەرکەوتن، پێویستیی بە دیسپلینی فیکری، پلاندانانی ڕێکخراوەیی و دیدگایەکی ڕوون بۆ داهاتوو هەیە.

لە کۆتاییدا، میراتی زیندووی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» نابێت لە ئەرشیڤی بیرەوەریی شەقام و دروشمە کاتییەکاندا کورت بکرێتەوە؛ بەڵکوو پێویستە لە وەڵامی ئەم پرسیارە بنیادنەرەدا بپشکنرێت: ئایا ئەو کۆمەڵگەیەی بوێریی شکاندنی ترسی هەبوو، ئامادەیی و لێهاتوویی ئەوەشی هەیە کە داهاتوویەکی دیموکراتیک و فرەڕەهەند بنیاد بنێت؟

ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت، کەواتە ئەرکی لەمەودوای هێزە شۆڕشگێڕەکان ئەوەیە کە لە نارەزایەتییەوە بەرەو ڕێکخستنی تۆکمە، لە ڕێکخستنەوە بەرەو مانیفێست و بەرنامە، و لە بەرنامەشەوە بەرەو داڕشتنی هێزێکی سیاسیی ڕەوا و بڕیاردەر هەنگاو بنێن. تەنیا لەو کاتەدایە کە «ژن، ژیان، ئازادی» لە ناوی ڕاپەڕینێکی مێژووییەوە، بە کردەوە دەبێتە پڕۆژەی ڕزگاریی مرۆڤ و گۆڕینی ڕیشەیی چارەنووسی کۆمەڵگە.

سەرچاوە:

Mostafa Khalili, "From 'Green) Movement' to 'Woman, Life, Freedom': Continuity and Change in the Evolution of .the Protest Movement in Iran," Protest, Vol ٣, No. ١, ٢٠٢٣, pp. ١٣٣–١٤٠).

# شۆڕشی ژینا لە ڕووی بابەتی و چۆنیەتییەوە هەروا لە لووتکەدایە



مستەفا مەعرووفی

لە کۆتایی یەکەم حەوتووی سێپتامبری ئەمساڵدا ناوچەیەکی سەوز لە شاری هامبورگی ئاڵمان بە فەرمی بە ناوی ژینا ئەمینی کرا؛ ئەمە بۆ چوارەمین ساڵە لە سەرانسەری جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی دیموکراتدا شەقام، شوێنی گشتی و پارک بە ناوی ژینا ئەمینییەوە دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی، کچە کوردی شاری سەقز بە دەستی مەئموورانی کۆماری ئیسلامی کە بوو بە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی هەمەلایەنە لە سەرانسەری ئێراندا، زۆر ڕووداوی گرنگی دیکەش ڕوویان داوە کە گرنگترینیان شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی کۆماری ئیسلامی و ڕاپەڕینی بەفرانباری ڕابردووی خەڵکی ئێران لەدژی ئەم ڕێژیمە بوون. بەوحاڵەش هیچکام لەو ڕووداوە گرنگانە: نە سوورهەڵگەڕانی شەقامەکانی شارەکانی ئێران بە کوژرانی دەیان هەزار کەس لە بەفرانباردا بوونەتە هۆی کاڵبوونەوەی ڕەنگی شۆڕشی ژینا و نە بە تەموتومانی بۆردومانی فڕۆکە و هاژەکەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل تۆزی فەرامۆشی لەسەر ئەم شۆڕشە نیشت.

تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشە چی بوون، پەیام و دروشمەکانی کامانە بوون و هەڵگری چ بابەت و نێوەڕۆکێک بوو کە ئەم شۆڕشە و ئامانجەکانیانی هەروا بە زیندوویی و لە لووتکەدا هێشتووەتەوە؟ لەم چەند دێڕەدا هەوڵ دەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. بۆ ئەوەی هەم ڕادەی گرنگیی شۆڕشی ژینا لە ڕووی چۆنیەتییەوە بزانین و هەم تایبەتمەندییەکانی باشتر بناسین، هەوڵ دەدرێ لەو جێگایانەدا کە پێویست بێ، بەراوردێکیش لەگەڵ ڕاپەڕینی گەورە و پڕ تێچووی بەفرانباری ڕابردووی ئێران بکرێ.

**شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و ڕوو لە داهاتوو**

لە ساڵی ١٩٧٩ەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر کار، چەندین ڕاپەڕین و نارەزایەتی لەدژی ئەم ڕێژیمە ڕوویان داوە؛ ڕاپەڕینەکان جار لەگەڵ جار بەرینتر، ڕادیکاڵتر و درێژخایەنتر بوون، هەرکامیان لەچاو پێشتر گەورەتر بوون، شۆڕشی ژیناش هەر بەم جۆرە بوو. نزیکەی ٣ ساڵ دوای شۆڕشی ژینا شاهیدی ڕاپەڕینێکی دیکە بووین کە زۆر لە ڕاپەڕینەکانی دیکە خوێناویتر بوو. تەنانەت بە گوێرەی هێندێک سەرچاوە، لە شۆڕشی ١٩٧٩ کە بوو بە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیش خوێناویتر بوو؛ زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە تەنیا لە شەوانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا نزیکەی ٣٠ هەزار کەس لە خۆپێشاندەران لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون. ئەمە ڕاستە کە لە ڕووی چەندایەتییەوە، بەتایبەتی ڕژانی ملیۆنیی جەماوەر بۆ سەر شەقامەکان لەم ڕاپەڕینەی دواییدا، لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە بێوێنە بوو؛ بەڵام لە ڕووی چۆنایەتی و نێوەڕۆکی دروشم و ئامانجەکانیەوە، ئەمەیان بە ڕادەی شۆڕشی ژینا پڕنێوەڕۆک و شوێندانەر نەبوو. شۆڕشی ژینا شۆڕشێک بوو کە پشتی لە مێژووی دوورودرێژی دیکتاتۆری کردبوو کە لە دروشمی «نەمان بۆ ستەمکار، جا چ شا بێ چ ڕێبەر»دا خۆی دەبینییەوە. بە پێچەوانەی ڕاپەڕینی بەفرانبار کە لە کاردانەوە بەرامبەر بە گرانبوونی دۆلار سەری هەڵدا و هەوڵ دەدرا بە لایەنگری لە ڕێژیمی ڕووخاوی پاشایەتی بە لاڕێدا ببرێ. کاکڵی شۆڕشی ژینا دژی سیستەمی پیاوسالاری و جیاوازیدانانی ڕەگەزی و بۆ لابردنی ستەمی مێژوویی لەدژی ژنان بوو، کە لەگەڵ ئامانج و بایەخە جیهانییەکان یەکی دەگرتەوە و لە دروشمی سەرەکیی «ژن، ژیان، ئازادی»دا خۆی دەبینییەوە کە خێرا سنوورەکانی کوردستان و ئێرانی بڕی و بوو بە دروشمێکی جیهانی. بە پێچەوانەوە، دروشمی هەرە بەرچاوی ڕاپەڕینی بەفرانبار لە تاران و شارەکانی ئێران بۆ لایەنگری لە «ڕەزا پەهلەوی» کوڕی دیکتاتۆری پێشووی ئێران دران؛ واتە بە پێچەوانەی شۆڕشی ژینا، هەوڵ دەدرا ڕاپەڕینی بەفرانبار لە ڕووی مێژووییەوە بەرەو دواوە بگەڕێنرێتەوە.

**شۆڕشێکی فرەچەشن و بەدوور لە ناوەندگەرایی**

فرەچەشن ڕێک بەو واتایە کە پێچەوانەی ناوەندگەرایی بێ. لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەتی لە ئێران، ناوەند (پایتەخت) چەقی ڕووداوەکانە و بڕیار و چارەنووسی هەموو ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک لە ناوەندەوەیە. ململانێکان لە ناوەند یەکلا دەبنەوە و باقیی ناوچەکانی دیکەی وڵات لەژێر کاریگەریی ئەودا بەدوای چارەنووسی خۆیاندا دەگەڕێن. بۆ یەکەمجار بوو لە مێژوودا سەرانسەری ئێران کەوتە ژێر کاریگەریی نەتەوەیەکی پەراوێزخراوی وەک کورد. بۆ یەکەمجار دروشمی «کوردستان چاو و ڕووناکیی ئێران» لە شەقامەکانی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران دەنگی دەدایەوە. لە یەک سەدەی ڕابردوودا، لەو کاتەوە کە نەمامی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکەرەی کردووە، چ لە سەردەمی دیکتاتۆریی پەهلەوی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی فاشیست-مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیدا، کورد و بزووتنەوەکەی جگە لە سەرکوتکرانی خوێناوی، لەژێر ژەهراویترین هێرشی میدیاییدا بووە و ئەم دوو ڕێژیمە زەبری زۆر قورسیان لە هاوپێوەندیی گەلانی ئێران و یەکیەتی و هاوکاریی نێوان ئەوان داوە. بەوحاڵەش لە شۆڕشی ژینادا ناوەند کەوتە ژێر کاریگەریی پەراوێز و، نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی کە لە کۆنەوە وەک دوژمن دەناسێندران، ئەمجارە وەک «ڕزگاریدەر» سەیری دەکرا. لە کاتێکدا لە ڕاپەڕینی بەفرانباردا ڕەزا پەهلەوی هەر کە ناوی خۆی بیستەوە، لە ژێستێکی «دۆن کیشۆت»انە هێرشی کردە سەر کورد و فەرمانی بە سوپا! دا لەدژی «جیاوازیخوازان» ئامادە و لەسەر پێ بن! و لایەنگرانی لە وڵاتانی دەرەوە هێرشیان دەکردە سەر کەسانی جیابیر و ئەو کارەیان دەکرد کە بەسیجی و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات دەیانکرد. تەنانەت کار گەیشتە تیرۆر، بۆ نموونە تیرۆری مەسعوودی مەسجوودی لە کەنەدا کە ڕەخنەگری ڕەزا پەهلەوی بوو.

لە کاتێکدا کە ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا هەروا بە بایەخ و جێی ستایشن، لانیکەم هەتا ئێستا لە باری کۆمەڵایەتییەوە و بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا پاشەکشەیەکی واتاداری کۆماری ئیسلامیی بەدواوە بووە، بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە هێنانە پێشەوەی ڕەزا پەهلەوی و هەڵە و لێدوانە هەڵنەسەنگێندراو و بەپەلەکانی ناوبراو، گەورەترین زەبریان لە — تا ئێستا — دووەمین ڕاپەڕینی گەورەی مێژووی ئێران دا و دەرفەتێکی زێڕینی لەبەر دەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نا. زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس لە ماوەی ٢ شەودا بوونە قوربانی بۆ ئەوەی دیکتاتۆریی پێشوو جێگەی دیکتاتۆریی ئەمڕۆ بگرێتەوە!

**شۆڕشێکی سوننەتشکێن و ژنتەوەر**

شۆڕشی ژینا لە هەناوی کوردستانەوە، لە ئەزموونی ٨ دەیە خەباتی گەلی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو. نزیکەی ٨٠ ساڵ پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان، ڕێکخراوێکی دیموکراتیکی تایبەت بە ژنان لە شاری مەهاباد دامەزرا. ژنان لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کورددا کاری سیاسی دەکەن و لە ئاستی بەڕێوەبەریدا بەرپرسیارەتی وەردەگرن و تەنانەت لە شەڕی داسەپاو بەسەر کورددا، شانبەشانی پیاوان لە مەیدانی شەڕدا ئامادەن و شەهید دەدەن. لە کاتێکدا نەک لە ئێران، تەنانەت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەمە تایبەت بە کوردە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە نەتەوەیەکی بندەست و بێکەس بۆ مانەوەی خۆی پێویست بکا کەڵک لە هەموو توانا و پۆتانسیاڵەکانی وەربگرێ و هێز و پۆتانسیاڵی خۆی لە باوەڕ و سوننەتی نالۆژیکی و بێسووددا خەسار نەکا. ڕۆڵی چالاکانەی ژنانی کورد لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کوردستان و ئازایەتی و بوێرییان لە هاتنە مەیدان، ئیلهامدەری ژنانی سەرانسەری ئێران و پیاوانی یەکسانیخواز و وەڕەز لە فێرکارییە دواکەوتووانە و سەدەی ناوەڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، کە شانازییەکانی شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و ڕیشەیی و فرەڕەهەندی وەک «شۆڕشی ژینا»یان خوڵقاند.

لە دوای شۆڕشی ژینا و لەژێر کاریگەرییەکانیدا بوو کە ڕووپۆش و چارشێوی بە زۆرەملێ و چەکی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی لە برەو کەوت و بێبایەخ کرا. ئەم شۆڕشە زەبرێکی قورس و مێژوویی لە سوننەت و باوەڕی دژەژن دا؛ شۆڕشێک بوو کە گۆڕانی هزری لە بنچینەوە تێدا دەخوێندرێتەوە و لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی ڕیشەدارتر و قووڵترە؛ شۆڕشێک کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگیی بەدوای خۆیدا هێناوە و دێنێ؛ شۆڕشێک کە ڕێنێسانسێکی بەدوای خۆیدا بەڕێ خستووە کە مەودایەکی مێژوویی دوورودرێژتری لە هەڵگیرسان و کۆتایی شەڕەکان و تاکتیکە سیاسییەکان هەیە و، تەنانەت لە پاش ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیش پەیام و ئامانجەکانی بەردەوام دەبن.



**شۆڕشێک کە خێرا بوو بە ڕووداوێکی جیهانی**

کچێکی کورد لە نێو شاری تاران بە ڕۆژی ڕووناک تەنیا پەرچەمی لە سووچی لێچکەوە ڕەها ببوو؛ نەک بە تەنیا یان لەگەڵ ئەغیار! بەڵکوو هاوڕێ لەگەڵ برای خۆی. ئەمە بوو بە هۆی کوژرانی، نەک بە دەستی باند و مافیاوە، بەڵکوو بە دەستی «پۆلیسی ئەخلاق»! ستەمەکە بە ڕادەیەک ڕووت و بێبەزەییانە و، بیانووەکەی بە ڕادەیەک کەمبایەخ بوو کە نەدەکرا هەروا بە ئاسانی و بە بێدەنگی تێپەڕێ. شانۆی ئەم ڕووداوە تراژیدییە سۆز و هاوپێوەندیی سەرەتا لە ئێران و پاشان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لەچکفڕێدان لە شەقامەکانی ئێران بەرینتر لە جاران و، دیاردەی قژبڕین بە نیشانەی هاودەردی لە سەرانسەری جیهاندا، لە نێو ژنانی سیاسی و ئەندامپەرلەمان، هونەرمەند و سینەماکار و چالاکانی بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا بوو بە دیاردە. جگە لە کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ یاد و بیرەوەریی ژینا ئەمینی، کتێبخانەکان، شوێنە گشتییەکان، پارک و سالۆنی زانستگەکان بە وێنەی ژینا و بە جوانترین دەربڕینەکان ڕازانەوە. هونەرمەندان گۆرانییان بۆ دانا و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ خەڵاتیان بۆ یاد و ناوی ئەو دیاری کرد. سەرەنجام شەقام و پارک و مەیدانی شارەکان لە ئوورووپا بە ناویەوە کرا. لەم شەپۆلە بەرینە جیهانییەشدا هەوڵ درا ناسنامەی کوردبوونی لەبەر چاوی جیهانیان بدزرێ و ون بکرێ، بەڵام هەوڵی هەمەلایەنە و هەرەوەزیی دڵسۆزانی کورد ڕێگەی نەدا ناوی «ژینا»ش وەک بەخت و چارەنووسی کورد، لە غیابی کورددا لە قووڵایی ڕووداوەکاندا نوقم بێ. ئەمڕۆ ناوی «ژینا (مەهسا) ئەمینی» لە ڕیزی ژنانی ناوداری جیهاندا لەسەر تابلۆی شەقامەکانی ئوورووپادا دەبریسکێتەوە؛ دیوێکی ئەم تابلۆیە حیکایەتی چارەنووسی خەماویی کچێکی بێتاوانی کورد و دیوەکەی دیکەی چیرۆکی دەمارگرژی و بێبەزەییی دەسەڵاتی بێگانە بۆ ڕێبوارانی ئوورووپایی دەگێڕێتەوە.

بە کورتی، شۆڕشی ژینا شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز، دیموکراتیک و دژەفاشیستی بوو. بە هۆی نێوەڕۆکی یەکسانیخوازانە و گرێدراوی بە نۆرم و بایەخە مرۆییەکانەوە، خێرا بوو بە ڕووداوێکی جیهانی و هاوسۆزی و پشتیوانیی ئازادیخوازانی دژەفاشیزمی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ لای خۆی ڕاکێشا. خێرا بوو بە سەرچاوەی گەلێک ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. زەبرێکی کاریگەر بوو لە سوننەت و مێژووی دوورودرێژی چەوسانەوە و جیاوازیدانانی ڕەگەزی کە بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی گەیشتبووە لووتکە. بە هۆی ئەوەی کە سەرچاوەی شۆڕشەکە لە کوردستانەوە بوو، هەڵگری مۆرکی نزیک بە یەک سەدە خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی بزووتنەوەی کورد بوو، ئەمەش دەرفەتێک بوو کە جارێکی دیکە وێڕای پەیامە مرۆڤایەتییەکانی، هاواری نەتەوەی ژێردەستی کورد — کە قوربانیی فاشیزمی ناوچەیی و سیستەمی نادادپەروەرانە و ناهاوسەنگی ئەمڕۆی جیهانییە — بە گوێی گرانی زلهێزەکانی جیهاندا بدات.

---



## بەباکردنی خەرمانی کۆمیتەی ئیمداد

لە سەرانسەری ئێران، هەر گوتت «کۆمیتەی ئیمداد»، هەموو کەس بە ژن و پیاو و گەورە و بچووکەوە دەزانێت ئەمە کورتکراوەی «کۆمیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی»یە. زۆر کەس مانای ئەم دەستەواژەیە هێندێک بەلاڕێدا دەبەن و باش لێکی نادەنەوە. دیارە وەک گوتم «کۆمیتەی ئیمداد» هەموو کەس دەیناسێت و هەموو وادەزانن ئیدارەیەکە بەپێی شوێن یارمەتی بەسەر کۆمەڵە خەڵکێکدا دابەش دەکات.

پێش ئەوەی باس لە ئەرکی پیرۆزی «کۆمیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی» بکەین، واباشە ماناکەی باش لێک بدەینەوە. دیسان لە ڕووی ئێوە بێئەدەبی نەبێت و پەرژینێکی بەگوڵ بۆ تێگەیشتنی چەوت و چەوێڵ دادەنێم. مەبەست لە تێگەیشتنی چەوت و چەوێڵ ئەمەیە؛ خوای نەخواستە ئێوە وا بزانن خۆمم پێ لە جەنابتان زاناترە و وای تێگەیشتووم ئێوە لە مانای دەستەواژەکە تێ ناگەن و پێویستە نەزانێکی وەک بەندەی موخلیستان بۆتانی لێک بداتەوە. نەخێر ناوەڵڵا هیچ وا نییە و ئێوە زۆر لەوە شارەزاترن کەسێکی دیکە وشە و دەستەواژە و ڕستەتان بۆ لێک بداتەوە.

تەنیا لەبەر ئەوەی کۆمیتەی ئیمدادی گۆڕین، مەیدانی پانتاییی چالاکییەکانی زۆر لەوە بەرینترە بیری لێ دەکەینەوە، بە پێویستم زانی کەمێک لە کاتی گرانبەهاتان بگرم و وابکەم بۆ چەند چرکەیەک دەست لەسەر شاشەی مۆبایلەکانتان ڕاگرن و بۆ ماوەیەکی کورت لە بەڕێکردنی پەیجە زۆر و زەوەندەکانی سەر بە تیکتۆک، تێلگرام، فەیسبووک، ئینستا و مینستا ڕابوەستن و هەر سووکەسەرنجێک بدەنە مانای «امداد» لە دەستەواژەی «کمیتە امداد امام خمینی»دا.

هیچ بە پێویستی نازانم وابکەم لە سەیرکردنی لاپەڕە جوانەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بتانوەستێنم. هەر لەبەر ئەوەی باس لە ناوەکانی «کمیتە» و «امام خمینی» ناکەم و ڕێک و ڕاست دەچمە سەر وشەی «امداد». ئەم «امداد»ە بە کوردییەکی خۆمانە دەبێت بە «بە هاناوەهاتن». ئەودەم ئەگەر هینەکەی ئیمام خومەینی بە تەواوی بکەین بە کوردی، دەبێتە «کۆمیتەی بە هاناوەهاتنی ئیمام خومەینی». جا حیکمەتی ڕاسان و خۆ چەلوچۆم کردنی بەندەی موخلیستان لێرەدایە کە ئەو مانایە نزیکەی پەنجا ساڵە لەم کۆمیتەیەمان وەرگرتبوو، بەداخەوە وا نەبوو. یانی بە هەڵە تێگەیشتبووین. بە هەڵەش نا، تەواو بەپێچەوانەوە. ئێمە هەتا دوێنێ و پێرێ وامان دەزانی کۆمیتەی بە هاناوەهاتنی ئیمام خومەینی، بە هانای خەڵکەوە دێت، بەڵام ئێستا بەتەواوی بۆمان دەرکەوتووە، ئەم کۆمیتەیە بە توندی بە هانای ئیمام خومەینی و پاشماوەکانییەوە دەچێت.

ئەوەتا هەر لەم غەززە و لوبنانەی خۆمان، کۆمیتەی ئیمداد ببوو بە ڕێکخراوێکی گەورە و گران. لە غەززە و لە لوبنان و لە هینیش ئەندامەکانی ئەوەندە فرە بوون هەر خوا دەزانێت. ئەو ئەندامانە هەموویان پارەیان دەگەیشتێ و ڕێکدەخران بۆ ئەوەی بە هانای ئیمام خومەینی و پاشماوەکانییەوە بچن.

ئەوەندەی خۆڵ لەسەر گۆڕی سۆفی حەسەنە، هەزار ئەوەندە تەمەنی ئێوەی بەردەنگان درێژ بێت. ئەرێ لەبیرتان نییە دەیگوت هەتا ئێران فلووسی هەبێت، ئێمە بێپارە نابین. وەباڵ بەم ملە باریکەم لە سەردەمی سۆفی حەسەن و دواتریش ئەندامە هەراوەکانی کۆمیتەی ئیمداد فلوسی خۆیان وەرگرت و بە دڵ و بە گیان بە هانای ئیمام خومەینییەوە چوون و تەنگیان بە جوولەکەکان هەڵچنی. بەڵام داخێک و حەوسەد مخابن زەبری کافران ئەوەندە توند بوو، تونێل و ڕەندیشی بە ئەندامانی کۆمیتەی ئیمدادی ئەوێ نەهێشت.

لە نێو بازرگانانەدا باوە دەڵێن ئەگەر سەرمایەت لە کەمی دا واباشە ئەوەی بەدەستتەوە ماوە سات و سەودای بچووکتری پێ بکەی، بەڵکوو ڕۆژێک سوودێکی باشی لێ وەرگری. هەر ئەمەش وای کرد کۆمیتەی ئیمداد لە نێوخۆ دەستبەکار بێتەوە و لە شارە هەرەگەورەکان ئەندامان کۆ بکاتەوە. ئێستا بە داهێنانی دەستەواژەی «جانفیدا» لە هەوڵی ئەوەدان بەم سەرمایە بچووکەی نێوخۆ بابەتی بە هاناوەهاتنی خەڵکی نێوخۆ بورووژێنن. هەر لەبەر ئەمەش بەتایبەت شەوانە دوای ئەوەی فێنک دادێت و دەکرێت بە گڵۆپی بەهێزی کارەبا سەرنجی کامێرای وێنەگریی لەسەر گۆشەیەکی شەقام چڕ بکرێتەوە، ئەندامانی کۆمیتەی ئیمداد بە ئەمری دەستەی سەرۆکایەتی بەپێی توانا لە گۆشەی شەقامان کۆ دەکرێنەوە.

لە وەها کاتێکدا هەرکەسێک چەند ساڵ لەمەوبەر قوتوو ساندیسێکی لە هەر شوێنێک فڕ کردبێت دەبێ بێتە سەر شەقامی دیاریکراو و بە ئەمری بەرپرسانی زانا و شارەزا ئەنگوستی دۆشاومژەی بخاتە قوڕگییەوە و هەرچی پێش و پاش ساندیسەکەش خواردوویەتی لەسەر شەقامی دیاریکراو بەرانبەر بە کامێرا بیهێنێتەوە.

دیارە یارمەتییەکی بەرچاویش بۆ ئەو ئەندامانە تەرخان کراوە، ئەویش ئەمەیە؛ ئەوانەی پێیان خۆش نییە لە کامێراکەوە دەرکەون، لە کاتی ڕشانەوەدا دەتوانن لەبەرانبەر کامێرادا سەر و لووتیان داپێچن.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 927 22 September 2026

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500 FEc : 3/4

# فۆرموڵەکانی بێدەنگی و گوللەکانی بێرلین

**زانیار حوسێنی**

مێژووی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، زیاتر لە هەر شتێک بە ڕووخسارە توندوتیژەکان، دروشمە پڕجۆشەکان، بەیاننامە توندەکان و تیۆرییە کلاسیکییەکانی شۆڕش دەناسرێت. لەم جوگرافیایەدا، سیاسەتمەدار بەزۆری کەسێکە کە لە هەرەتی لاوێتییەوە لە کۆڵانە پڕ لە ڕووداوەکان یان زیندانە تاریکەکاندا، فێری وانەی خەبات بووە. بەڵام لەنێو ئەم ڕێڕەوە دووبارەبووانەدا، هەندێک جار کەسایەتیگەلێک دەردەکەون کە پێوەرە نەریتییەکان دەخەنە ژێر پرسیار. دوکتور سادق شەرەفکەندی، ئەندام و سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک بوو لەو دەگمەنانە؛ پیاوێک کە بەر لە دانیشتن لەسەر کورسیی ڕێبەرایەتیی یەکێک لە دێرینترین حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، سەروکاری لەگەڵ خشتەی خولیی توخمەکان، گرێبەستە مۆلیکولییەکان و تاقیگەکانی کیمیای زانکۆی تاراندا بوو.

گێڕانەوەی ژیان و مەرگی شەرەفکەندی، چیرۆکێکە لە سەرووی دەستەواژەیەکی سیاسیی باو. ئەم گێڕانەوەیە، یەکگرتنی سەرسوڕهێنەری «ڕێکاری لۆژیکیی زانست» لەگەڵ «ئاژاوەی بێبەزەییانەی سیاسەتی سەرووی سنوورەکانە»؛ گەشتێک لە بێدەنگی و ئارامیی چالاکیی زانکۆییەوە بەرەو تاریکترین و دراماتیکترین دۆسیەی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دڵی ئورووپای مۆدێرندا؛ ژیاننامەیەک کە بنەماکەی تێپەڕینە لە تاقیگەکانی کیمیا لە تاران و پاریسەوە تا دەنگی تەقەی گوللەکان لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆسی بێرلین.

دیسپلینی ڕەوشت لە سەردەمی پڕئاژاوەدا

بۆ تێگەیشتن لە دوکتور سادق شەرەفکەندی، دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین کە هێشتا سەروکاری لەگەڵ ڕاگەیەندراوە سیاسییەکاندا نەبوو. دەیان ساڵ بەر لەوەی ناوی وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەوێتە سەر زاران و لە جیهانی سیاسیی پڕ لە کێش و هەڵچوونی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا خۆی نیشان بدات، ئەو جیهانی خۆی لە چوارچێوەی وردی زانستە بنەڕەتییەکاندا پێناسە کردبوو. بەدەستهێنانی بڕوانامەی دوکتورای کیمیا لە زانکۆکانی فەڕەنسا، نیشانەی تێڕوانین و ڕەنگدانەوەی هزری پێکهاتەیەک بوو کە باوەڕی بە هۆکار و دەرەنجام، سەلمێنراوی و ڕێز و پێز لە دیاردەکاندا هەبوو.

لە هۆڵەکانی وانەوتنەوەی زانکۆی تاراندا، خوێندکاران ڕووبەڕووی مامۆستایەک دەبوونەوە کە بە وردبینییەکی ئەندازەیی وانەی دەوتەوە، بە هێمنی قسەی دەکرد و دیاردەکانی شیکار دەکرد؛ هەر ئەم هزرە زانستییە بوو کە بناغەی ڕێچکەیەکی ناپۆپۆلیستی لە ڕەفتار و ڕەوشتی سیاسیی ئەودا دانا. لە سەردەمێکدا کە ئەدەبیاتی سیاسی لە ئێران (چ لەنێو دەسەڵات و چ لە توێژە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆندا) پڕ بوو لە هەڵچوونی توند، دروشمی ڕەهاگەرایانە و جەمسەرگیریی توندوتیژانە، شەرەفکەندی بەدوای زمانی بەڵگەهێنانەوە، دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی بناغەییدا دەگەڕا.

کیمیازانبوونی ئەو بە مانای دابڕان لە کۆمەڵگە نەبوو، بەڵکوو بە مانای جۆرێک تێڕوانینی قووڵ بوو بۆ کێشەکان؛ تێڕوانینێک کە تێیدا هەر گۆڕانکارییەک، پێویستی بە کاتالیزۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەکردنی ژێرخانی هزری و تێگەیشتن هەبوو، نەک تەقینەوەی کوێرانە و پڕ لە بیرتەسکی و ئایدۆلۆژی. ئەو بە وردبینییەکی تاقیگەییانە و مامۆستایانە، باجە مرۆیی و سیاسییەکانی بڕیارەکانی دەپێوا و لەنێو ڕووداو و ئاژاوەکانی سەردەمدا لەسەر بنەمای ڕاستییە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بەدوای ئووسوولێکی پێناسەکراودا دەگەڕا. تایبەتمەندییەکی دەگمەن کە جیهانی سیاسیی ئێران بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، هەمیشە بە دەست کەمییەوە ناڵاندوویەتی.

تاقیگەی مرۆیی و فۆرموڵەکانی سیاسەت

پایەختی ئوتریش لە هاوینی ١٣٦٨دا، شایەتی یەکێک لە هەژێنەرترین تیرۆرە سیاسییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران بوو؛ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێکانی لەسەر مێزی دانوستان لەلایەن نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کران. قاسملوو بۆ بەشێکی گەورەی نەتەوەی کورد و ڕەوتە دێموکراسیخوازەکان، تەنیا ڕابەرێکی سیاسی نەبوو؛ ئەو «ئایدیا» و هێمای کاریزمایەکی بێهاوتا بوو کە گوتاری مۆدێرنی داواکارییە نەتەوەییەکانی لەگەڵ چەمکی دێموکراسیی سەرانسەری لە ئێران گرێ دەدایەوە و خاڵی وەرچەرخانی یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی تاران بوو.

مەرگی دوکتور قاسملوو لە لووتکەی هەڵچوونە سیاسییەکان و خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی، هەم لەنێو پێکهاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەم لە بازنەی دژبەرانی ڕێژیمی دەسەڵاتداردا، وەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز بوو. لە خاڵێکی وەرچەرخانی وا هەستیاردا، حیزبی دێموکرات پێویستی بە کەسێک بوو کە ڕێبەریی پێکهاتەکە لەو قەیرانەدا بە ئەستۆ بگرێت و بە دیسپلینێکی ورد، ئارامی و دووربینی، زیانەکانی لایەنی دەروونی، پێکهاتەیی و سیاسی بگەیەنێتە کەمترین ئاست. هەڵبژاردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی نوێی حیزب، هەڵبژاردنێکی مێژوویی و زۆر پڕمانا بوو؛ ئەو بوو بە میراتگری کورسییەک کە پێش ئەو دوو جار بە خوێن ڕەنگین کرابوو.

شەرەفکەندی بەباشی دەیزانی کە پەسەندکردنی ئەم بەرپرسیارێتییە، واژۆکردنی بڕیارێکی نەنووسراو لەسەر نێوچاوانی خۆیەتی و قبووڵکردنی ئەم ئەرکە، بە مانای ڕازیبوون بە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە ڕێڕەوی چارەنووسی سیاسی و کەسیی خۆیدایە. لەگەڵ ئەوەشدا و بە پێچەوانەی چاوەڕوانییە باوەکان لە جیهانی سیاسەتدا، ئەو نەکەوتە داوی گۆشەگیری و کردەوەی توندی بەرپەرچدانەوە، بەڵکوو بە ئەندازیارییەکی زیرەکانە و ورد، وەک ئەندازیارێکی ئارام و پراگماتیک لە تاقیگەکانی کیمیادا، هەوڵی دا گوتاری حیزب بەرەو دیالۆگ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئاراستە بکات؛ لە کۆتاییدا بوو بە یەکێک لە ئەندازیارە سەرەکییەکانی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی نێوان ڕەوتە جیاوازەکانی ئێران، تاکوو نیشان بدات کە بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی کورد، بەشێکە لە پازڵی گەورەتری ئازادی و گەشەپێدانی سیاسی لە سەرانسەری ئێراندا.

لەو سەردەمەدا، شەرەفکەندی لە قاڵبی مامۆستایەکی ئارامی زانکۆ دەرچوو و بوو بە ڕێبەرێکی پراگماتیک کە لەنێو مەترسییە ئەمنییەکانی سەرووی سنووردا، دیپلۆماسیی نهێنی و ئاشکرای بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد بەڕێوە دەبرد. ئەو دەیزانی کە تاقمی تاوانکاری تاران، ستراتیژیی لەنێوبردنی فیزیکیی ڕێبەرە شۆڕشگێڕ و هۆشیارەکانی لە بەرنامەدایە، بەڵام پێداگریی ئەو لەسەر هاوتەریبکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ڕێڕەوی مەدەنی و دیپلۆماسی، باجێکی گرانی هەبوو کە خۆی لە هەر کەسێکی تر زیاتر ئاگای لێ بوو.

ئەو ڕێستۆرانەی مێژووی یاسای نێودەوڵەتیی گۆڕی

لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا و لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆس، دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ چەند کەسێک لە هاوکاران و چالاکانی سیاسی (همایون ئەردەلان، فەتاح عەبدولی و نووری دێهکوردی) کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخستبوو تاکوو لە بەرەبەری کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیست لە بێرلین، ستراتیژییەکانی داهاتووی بزووتنەوەکە هەماهەنگ بکەن. بەڵام فەرمانبەران و ئەنجامدەرانی ئەو تیرۆر و کوشتارە، پێشتر ڕێگەی خۆیان لە تارانەوە تا پایەتەختی ئاڵمان کردبووەوە.

تیرۆریستەکان بە چەکی بێدەنگکەرەوە چوونە ژوورەوە و کەشوهەوای ئارامی ڕێستۆرانەکەیان، هەر وەک کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەم، کرد بە مەیدانی تیرەبارانکردنی سەرشەقامەکان. دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی تەنیا لە چەند چرکەیەکدا شەڵاڵی خوێن کران. تیرۆریستە چەکدارەکان دوای ئەنجامدانی تاوانەکە ڕایانکرد، بەڵام دۆسیەی ئەم تیرۆرە وەک دۆسیەی تیرۆری ڤییەن لە بێدەنگیی دیپلۆماتیک و ڕێڕەوە نهێنییەکانی مامەڵە ڕەشەکاندا ون نەبوو. سیستەمی دادی ئاڵمان، پێداگریی پارێزەران و شایەتحاڵەکان، بوو بە دەستپێکی یەکێک لە درێژخایەنترین، ئاڵۆزترین و پڕهەراترین دۆسیە دادوەرییەکانی مێژووی ئورووپا.

دادگاییەکەی میکۆنۆس نزیکەی پێنج ساڵ و نزیکەی ٢٤٧ دانیشتنی خایاند. زیاتر لە ١٧٠ شایەتحاڵ لە دادگادا ئامادە بوون و شایەتییان دا. ئەم دادگایە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاریی ناوخۆیی نەبوو؛ بەڵکوو بوو بە دادگایەک بۆ دادگاییکردنی پێکهاتەی بڕیاردانی نیزامێکی سیاسی. لە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاویدا، دادوەر فریچۆف کوبش بڕیارێکی دەرکرد کە لە مێژووی یاسایی نێودەوڵەتیدا بە زیندوویی و هەمیشەیی مایەوە.

دادگای بێرلین بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە تیرۆری میکۆنۆس کردەوەیەکی خۆسەرانە نەبووە، بەڵکوو لە بەرزترین ئاستەکانی پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا داڕێژراوە و جێبەجێ کراوە. لە دەقی بڕیارەکەی دادگادا، بە ڕاشکاوی ناوی «کۆمیتەی کاروباری تایبەت» هێنرا کە ڕوکنە باڵاکانی ڕێژیم—لەوانە ڕێبەر، سەرۆککۆمار و وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات—ئەندامی بوون و فەرمانی ئەم تیرۆرەیان دەرکردبوو.

دەرکردنی ئەم حوکمە، گەردەلوولێکی گەورەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دروست کرد. وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئورووپا لە نارەزایەتی بەم تیرۆریزمی دەوڵەتییە ئاشکرایە، باڵیۆزەکانی خۆیان لە تاران کشاندەوە و قەیرانێکی دیپلۆماتیکی بێوێنە بەرۆکی ڕێژیمی دەسەڵاتداری تارانی گرت. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مۆدێرندا، دادگایەکی ڕۆژئاوایی توانیبووی بە پێشکەشکردنی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، بەڵگەنامەی فەرمیی تیرۆریزمی دەرەوەی سنووری دەوڵەتێک واژۆ بکات و ئەو بانگەشەیە بسەلمێنێت کە ڕەوایی بەدەستەوەبوونی دەسەڵات، بەتەنیا ڕەنگدانەوەی ڕەوایی دەسەڵاتداری نییە. تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی یەکلاکەرەوەی دەزگای دادی ئاڵمان، پەردەی لەسەر ڕێچکەیەک هەڵدایەوە کە دەیان ساڵ بە شێوەیەکی سیستەماتیک بۆ لەنێوبردنی ڕەخنەگران و نەیاران لە دەرەوەی سنوورەکان جێبەجێ دەکرا.

میراتی بەجێماو لە تاقیگەی زەمەندا

زیاتر لە سێ دەیە بەسەر تیرۆری خوێناویی میکۆنۆسدا تێپەڕیوە و کاتێک سەیری کارنامەی دوکتور سادق شەرەفکەندی دەکەین، ئەو نەک تەنیا وەک قوربانیی تیرۆرێک، بەڵکوو وەک هێمای ڕێگەیەکی پرتێچوو لە مێژووی سیاسیی ئێراندا دەبینرێت؛ ڕێگەیەک کە تێیدا هزر، دیالۆگ، دیسپلینی هزری و پابەندبوون بە مافە مرۆییەکان، باجێکی گرانی لە بەرامبەر لۆژیکی لەنێوبردن و توندوتیژیدا هەیە.

دوکتور شەرەفکەندی لەو ڕابەرە دەگمەنانە بوو کە نیشانی دا دەکرێ لە زانکۆ و جیهانی فۆرموڵەکانەوە هەڵسێت و بچێتە نێو تۆزاویترین مەیدانی سیاسەتەوە، بەڵام دیپلۆماسی و زمانی گفتوگۆ بکاتە سەنگەری خەبات. ئەو تا دوایین ساتەکانی ژیانی، لەسەر چارەسەریی ئاشتیانە و دێموکراسیخوازیی گشتگیر لە چوارچێوەی مافی نەتەوەکاندا پێداگری دەکرد.

دۆسیەی میکۆنۆس ڕەنگە بە حوکمی زیندانیی جێبەجێکاران و قەیرانە کاتییە دیپلۆماتیکەکان بە ڕواڵەت داخرا بێت، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکەی هێشتا زیندووە: دەسەڵاتێک کە وەڵامی کەسایەتییە هزرپەروەرەکان، کیمیازانە چاکسازەکان و ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان لە ڕێستۆران و شەقامەکانی پایەتەختەکانی جیهاندا بە گوللە دەداتەوە، چ داهاتوویەک بۆ دیالۆگ دەهێڵێتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە نە لەنێو دۆکیومێنتە ئەمنییەکان، بەڵکوو لە درێژەی هەمان ئەو ڕێڕەوەدا دەبێت بگەڕێین کە دوکتور شەرەفکەندی لەسەر تەختەڕەشی هۆڵەکانی وانەوتنەوە و مێزەکانی وتووێژ کێشابووی؛ ڕێڕەوێک کە تێیدا، ئەگەرچی فیزیکی مرۆڤەکان دەکرێ بە گوللە لەنێو ببرێن، بەڵام ئایدیای ئازادی و دادپەروەری، لە چینە قووڵەکانی مێژوودا وەک فۆرموڵە جێگیرەکانی کیمیا، دەستلێنەدراو دەمێنێتەوە.

**بەر لە ماڵاوایی**


عەلی لەیلاخ

# دیسان کوردستان!

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی، کوردستانە کۆڵنەدەرەکەمان، هاوشێوەی ٢١ی خەرمانانی هەشت ساڵ لەمەوبەر، لە مانگرتن و بێدەنگییەکی مانادارادا، پەیام و دەنگی خۆی سەرلەنوێ بە گوێی جیهاندا دا.

بانگەوازی مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان لە کاتێکدا بوو کە هەم چوار ساڵ بەسەر شۆڕشی «ژینا» و شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینەدا تێپەڕیبوو، هەمیش بەهۆی دڵەڕاوکێ و لێکەوتەکانی شەڕی ئێران و ئەمریکاوە، چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لێ نەدەکرا لە ئاستێکی بەرفراواندا بەڕێوە بچێت. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری کوردستان جارێکی دیکەش سەلماندیان کوردستان، جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، هەمیشە خاوەن ماتەوزەی خەبات و هێزی مەدەنییانەیە. ئەو کۆمەڵگە وشیارە زۆرجار بە هەڵوێست و ڕەفتاری خۆیان، ژیرانەترین دەربڕینی سیاسییان هەبووە، کە نموونەی هەرە نزیک و بەرچاوی، مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان بوو.

ئەو مانگرتنە کە لەلایەن هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە بانگەوازی بۆ کرابوو، لە ڕۆژی دیاریکراودا، واتە دوێنێ چوارشەممە ٢٥ی خەرماناندا بەشکۆوە بەڕێوە چوو. ئەویش لە کاتێکدا کە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو بانگەوازە، ناوەندە ئەمنییەکان یەکەم لایەن بوون بە جدی وەریانگرت و بە سەپاندنی هێز و میلیتاریزەکردنی زۆربەی هەرە زۆری شار و ناوچەکانی کوردستان، ویستیان ڕێگری لە سەرگرتنی ئەو بانگەوازە بکەن. بەڵام ئەوەی بینیمان، سەرلەنوێ پشتکردنی کوردستان بوو لە دەسەڵاتی سەرکوتگەری تاران و هەر بەو شێوەیەی لە دروشمەکاندا هاتبوو، «نا گوتنەوەیەک»ی دووبارە و مانادار بوو بە دیکتاتۆری.

بەرچاوترین پەیامی هەر هەرەوەزێکی کۆمەڵایەتی، پەیامێکە بۆ دەسەڵات؛ کەواتە خەڵکی کورد جارێکی دیکە بەو ڕەفتارە ژیرانە و سەردەمیانەیان بە کۆماری ئیسلامییان گوت کە: نە مل بە زۆرملی و زۆرداری نەوی دەکات و نە زام و برینە مێژووییەکانی لەبیر دەچنەوە.

پەیامێکی دیکەی ئەم مانگرتنە زیندووبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. سەرەڕای ئەو قەیران و مەینەتییانەی کۆماری ئیسلامی لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەسەر ئەو خەڵکەی هێناوە، هەم دیسان بە زیندووییەوە پێشانی دایەوە، کە لە ئاستی ئێراندا پێشەنگی خەباتی جەماوەرییە.

پەیامێکی دیکەی مانگرتنی ئەمجارە واتە ٢٥ی خەرمانان، سنووربەندیی سیاسییانە بوو لەگەڵ سیاسەتی خۆفەرزکردن و مەزنخوازییەکان، جا چ دەسەڵاتی ئێستا بێت یان هەر شێوە ڕوانینێکی هاوشێوە لە داهاتوودا. جێی خۆیەتی لەمڕۆوە ئەم ڕووداوە گرنگە زیاتر شی بکرێتەوە و لایەنە سیاسییەکان بە پشتبەستن بەو دەستمایە مرۆیی و مەعنەوییە، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بوێرتر و وردتر جووڵەی سیاسییان هەبێت.

پەیامێکی دیکەی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان لە هەلومەرجێکی هەستیاری ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پرسی سیاسیی کوردستان ئەوە بوو کە هەم «قائیم بە زات»ە و هەم نامۆیە لەگەڵ هەر جۆرە فاکتێکی بێگانە لەگەڵ ڕەوتی خەبات و مێژووی ئەو پارچەیە. ئەوان هاوکات کە دەرفەتێکی زێڕین بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ گەلانی دیکە، بەڵام بە خوێن و خەباتی خۆیان جیاوازیی کولتوور و چییەتیی ویستە سیاسییەکانی خۆیانیان پاراستووە. هەر بۆیە لە دەرفەتێکی دیکەدا بەناوی ٢٥ی خەرمانان بۆ یاد و ڕێزگرتن لە خەرمانی زامەکانی نیشتمان، هەم «دەرفەتبوونی» خۆیانیان بۆ ژیانی مەدەنییانە سەلماندەوە، هەم بە تۆخی سنوورە سیاسی و خواستەکانی خۆیانیان دیاری کرد.

لە ڕاستیدا ئەو مانگرتنە بەرزترین پەیامەکەی ڕوو بە لایەنە سیاسییەکان بوو کە داوای مانگرتنیان کردبوو، کە ئەویش وەڵامی شیاوە! نۆرەی ئێوەیە زیاتر ڕێز لەو یەکگرتوویەی شەقامی کوردی بگرن کە زامنی هەر جۆرە سەرکەوتنێک هەر ئەو یەکڕیزی و پێکەوەبوونەیە و «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» لە سەرووی هەموو سیاسەتێک بێت.

ئەگەرچی کوردستان و پرسەکانی تایبەت بە کوردستان زۆرجار لەلایەن میدیا غەیرەکوردەکانەوە پەردەپۆش دەکرێت، بەڵام پێکەوەبوونمان سەلماندی کە سەرەڕای نادادپەروەریی ڕاگەیاندن کە هەیە، ئەگەر ئێمە پێکەوە دەنگێکی «ڕەسا» بین، ئەوانیش ناچارن باسمان بکەن.

ڕاستییەکە ئەوەیە خەڵکی کوردستان دیسانەوە بە بەشداریی بەشکۆیان لە مانگرتنەکەدا، وەک ڕیفراندۆمێکی سەرکەوتوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، سەلماندیان کە چاوسوورکردنەوە و هێزهێنان و دەستبەسەرکردن و تۆقاندن، نیشانەی هێز و شکۆمەندی نییە، بەڵکوو ڕێک بە مانای ترس، دڵەڕاوکێ و ئەژنۆلەرزۆکیی شەرعییەتییەتی. ئەوان بە ڕۆڵەکانی خۆیان گوت «بەڵێ» و بە نەیارانی خۆسەپێنەریان گوت «نا». وەرگرتنی ئەم «بەڵێ» و «نا» گوتنەی شەقام و کاری پێکردنی ژیرانە، بێگومان ئەرکی سەرەکیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پتەوکردنی گیانی «هاوپەیمانی»یە.

دواجار، ناکرێ لەو سەرکەوتنەدا لەسەر هێڵ بوون و ڕاستگۆیی کوردکاناڵ و پلاتفۆرمەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بە ماندووبوونی ناوەندی تەشکیلاتی ئەم حیزبەوە نادیدە بگیرێت لە نواندنی ڕاستییەکان و خۆدوورگرتن لە پروپاگەندە و وەشانی ناڕاست.